# رۆژنامەگەری تلەڤزیۆنی



**ئامادە کردن : تەیفور**

**بە کەڵکوەرگرتن لە نووسراوەی رۆبێرت تیرێل**

# رۆژنامەگەری تلەڤزیۆن

**ئێمە و تلەڤزیۆن**




ئەورۆ لە زۆربەی وولاتانی دنیای رۆژئاوادا، تلەڤزیۆن گرنگترین کەرەسەی راگەیاندن و هەواڵە. لەکاتێکدا دوو بەرە پێش ئێمە ئەم کەرەسە لەبووندا نەبوو. تەنانەت هەواڵی رووداوەکانی رۆژی رادیۆش، دەورانی منداڵی خۆی تێپەڕ نەکردبوو. ئێستا ئەم کەرەسە بەتەواوی نوێیە، ئەوەندە جێکەوتووە کە بە دژواری دەکرێ تێبگەین کە چ شۆڕشێک رووی داوە. زۆر لە هەڵبژاردنە سیاسییەکان لە تلەڤزیۆندا براوەنەتەوە و دۆڕاون. هەلی کۆمەڵایەتی زۆر بەدەست هاتووە یان لەدەست چووە. شەڕی ویتنام تەواو بوو چوونکە خەڵک لەو تەسویرانەی کە لە رووپەڕی چکۆلەی تلەڤزیۆنەکانیاندا دەیان دیت ماندوو ببوون. مرۆڤی ئەورۆ جێگایەکی تایبەتی لە رەوتی رووداوەکاندا هەیە و دەتوانێ لە سەرکردەکان و سیاسەتەکانیان، بەشێوەیەک کە پێشتر ئیمکانی نەبوو رەخنە بگرێ. بێ رەقیب بوونی تلەڤزیۆن لەو راستییەوە دەردەکەوێ کە دەتوانێ لەهەر چرکەیەکدا چاو و گوێ ملیۆنها مرۆڤ کە وەکوو بینەر لە گرووپی ٢یان ٣کەسیدا، لە ماڵەکانیاندا دانیشتوون بەرەو خۆی راکێشێ. تێکەڵاوی خێرایی و نزیکی و پەیوەندی بەکۆمەڵ کە تلەڤزیۆنی – رادیۆ لە پێوانەیەکی بچوکتردا – کردووە بە هێزێکی گەورە. هێزێک کە زۆرجار بەخێڵی پێی بردراوە و لەسەری شەڕ کراوە و زۆر جاریش کەوتووەتە بەر گومانلێکراوی. ئەوەی کە کاری شانۆ و سەرگەرمی دەکا، تلەڤزیۆنی بۆ پیشاندانی هونەری خۆی دەوێ، بازرگان بۆ فرۆشی شت و مەک و سیاسەتکار بۆ فرۆشی بۆچوونەکانی خۆی. هەرکام لەمانە دەیانەوێ بۆ قازانجی خۆیان تلەڤزیۆن کونترۆڵ بکەن. بەڵام لە کۆمەڵێکی ئازاددا هیچ گرووپێک ناتوانێ بە بێ یارمەتی ئەوانیتر خواستەکەی بێنێتە دی. لە ئاکامی ئەم کلافە گرێ خواردووەی قازانجەکاندا، کە لەدووی بەکارهێنانی شەپۆلە سنووردارە رادیۆیەکاندان، جۆرێک چاودێری کردن بە پێویست زانرا. لە ئەمریکا "کۆمیسیۆنی فێدراڵی راگەیاندن" رێگا بە کۆمپانییە بازرگانییەکان دەدا کە لە شەپۆلە ئەهلییەکاندا بەرنامە بڵاو بکەنەوە. لە بریتانیادا ئەم چاودێرییە لە پێشدا درا بە (بی بی سی) و دوواتر ئەم ئەرکە درا بە "بەرێوەبەری تلەڤزیۆنی سەربەخۆ" کە ئەورۆ رادیۆشی لەگەڵە.

رۆژنامەی ئازاد- رادیۆ و تلەڤزیۆنی کۆنترۆڵکراو

بڵاوکردنەوەی هەواڵ و رووداوەکانی رۆژ لە رادیۆ و تلەڤزیۆندا، خۆبەخۆ دەچووە ژێر چاوەدێری، هەر لەوکاتەدا رۆژنامەکان سەربەخۆیی خۆیان راگرت. رەنگە ئەگەر پیتی چاپی هەتا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دروست نەکرابا ئەویش لە ئەمریکا و بریتانیادا ئەو بڵایەی بەسەر هاتبا. یاسای رۆژنامەگەری، رۆژنامەکان بە پێی قانوونی کردەوەکان سنووردار دەکا و "کۆمیسیۆنی فێدراڵی راگەیاندن" (لە ئەمریکا) و " بەرێوەبەری

ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ" (لە بریتانیا) وەکوو چاودێر کار دەکەن، هەتا ئاگادار بن کە هێز و دەستڕۆیشتوویی لەدەست کەسانی نادیاردا کۆ نەبێتەوە. یان لە سەرووتارەکاندا زیادەڕەوی و تێکدانی ستانداردەکان روو نەدا. بەڵام هەلومەرجێکی ئاوەها لەبووندا نییە. لە بریتانیا و ئەمریکادا ڕۆژنامەکان مێژوویەکی درێژ و جێگای ڕێزیان دژ بە سانسور و چاودێری دەوڵەتی هەیە و ئێستا تەنیا ملکەچی یاسای قەدەغە بوونی چاپکردنی تەوهین و بوختان و ئیهانەکردنی دادگا و شتی وان کە هەموو هاووڵاتییەک دەگرێتەوە. بێگومان زۆر لە سیاسەتکارەکان و بەرپرسەکان- ڕەنگە بە هۆی جیاوازەوە- دەیانەوێ ئازادی ڕۆژنامەکان بەرتەسک بکەنەوە. بەڵام ڕۆژنامەکان لە هەر دوو ووڵاتی ئەمریکا و بریتانیادا لەگەڵ بچووکترین دەستتێوەردانی کاربەدەستان چ بەنێوی سانسوری ڕاستەوخۆ بێ، یان بە نێوی پەروانەی کار، بەرگری دەکەن. گەرچی زۆرکەس بەم شێوە کەڵک وەرگرتنە لە ئازادی بەدگومانن، بەڵام هێشتاش ئازادی ڕۆژنامەوانی دروشمێکی قورسە. نە لە بریتانیا و نە لە ئەمریکا و زۆربەی ووڵاتانی ئینگلیسی زماندا کۆنتڕۆلی ڕەسمی بەسەر ئەو شتانەی کە لە ڕۆژنامەدا چاپ دەبێ، نییە. بەڵام بۆ تلەڤزیۆن و ڕادیۆ بەم جۆرە نییە. ئەوانەی کە بە هەر بیانوویەک دژی بەربەست کردنی ڕۆژنامە هەڵدەستان، سنووردارکردنی ڕادیۆ و تلەڤزیۆنیان قوبووڵ کردووە. ڕەنگە لەم ووڵاتانەدا ئەوەندە ئازادی درێژخایەن هەبووە کە خراپ کەڵکوەرگرتن لە ئازدی لایان هەستیارترە هەتا سانسور. بەڵام سانسوری ڕاستەقینە لە بریتانیا و ئەمریکادا نییە. هەلومەرجی ئەوان لەگەڵ وەڵاتانی توتالیتێردا جیاوازی هەیە. ئەوەی کە هەیە، یاسای بەرگری لە مافی خەڵکە لە بەرانبەر کۆمپانیا گەورەکانی ڕادیۆ و تلەڤزیۆندا. جاروایە ئەو یاسایانە دەبێتە هۆی پێشگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو بۆچوون و ڕاستییانە لە تلەڤزیۆندا، کە کەرەسەکانی دیکەی ڕاگەیاندن دەتووانن بڵاوی بکەنەوە.

**گوشاری ڕاگەیاندن**

هێربێرت گانز، پرۆفسۆری کۆمەڵناسی و پرۆگرامدانان لە ئەنستیتۆی ماساچۆسێت کاتێک دەری بڕی کە کێشەی لایەنگری، زیاتر لە سروشتی ڕۆژنامەنووسی مۆدێرنەوە دێ هەتا دەمارگری. بەرنامەیەکی هەواڵنێری تلەڤزیۆنی کەمتر لە سی خولەک دەبا، بۆیە تەنیا بڕێکی کەم لەو ڕووداوانە کە لە دنیادا ڕوویداوە دەگێڕێتەوە. دەکرێ ئەم ڕووداوانە چاوەڕوان بکرێن و هێندێ فیلم دروست بکرێ. لە تلەڤزیۆندا لایەنگرییەکی سروشتی بە قازانجی ئەو چیرۆکانە هەیە کە وێنەکانیان باشن. – تێکهەڵچوون، شانۆ، ڕووداو. شانۆیەکی توند وتیژ لە تلەڤزیۆندا زیاتر لە وتووێژ سەبارەت بە سوودی بانک سەرنج ڕادەکێشێ. ئەو جیرۆکانەی کە لەگەڵ خەڵک دەدوێن زیاتر لە لێکدانەوە ئابوورییەکان سەرنجڕاکێشن. دیارە بەرهەمهێنەران، سەرنووسەر و پەیامنێرەکان هەواڵی گرینگ بڵاو دەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر بە کەڵکی تلەڤزیۆنیش نەیێت. بەڵام ئەگەر ئەوان ئەو چیرۆک سازکردنەیان، کە تلەڤزیۆن چاک دەتووانێ نیشانی بدا، نەکردبا، لە باری پێشەییەوە تووشی شکست دەبوون.
گانز دەڵێ: کەمی کات و چڕی بەرنامەکان، دەزگا ڕاگەیەنەرەکان، بەتایبەت تلەڤزیۆن ناچار دەکا کە لەباتی لێکدانەوەی ووردی ڕووداوەکان تەنیا کێشە گرینگەکان هەڵبژێرێ. ئەوەی کە پیشان دەدرێ خۆ پیشاندان و هۆکانی نییە، بەڵکوو تێکهەڵچوونەکانە نەک پێکهاتنێک کە دەبێتە هۆی تەواوبوونی کێشەکە. خۆپیشاندان

هەواڵێکی گەرمترە هەتا نیشاندانی رێک و پێکی کارەکان. هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی لایەنگری لە هەست پێکردن، نەک لایەنگری ژیری. گەرچی بەهیچ جۆرێک ئەو ئامانجە لەبەرچاو نەبووە. هەواڵنێرەکان بەتایبەت لە تلەڤزیۆندا، بە پێ تاقیکردنەوە و وریایی پێشەیانەوە هەموو کاتێک ئاگایان لەوەیە کە خۆ تێکەڵ نەکەن.
نێودەرکردن بە لایەنگری لە سیاسەت ، دەتووانێ زیانی بۆیان هەبێ. بەڵام لەدەرەوە بوونیش مەترسی هەیە. گانز ئاماژە بەوە دەکا کە پەیامنێری بێلایەن ناتووانێ ئەو شتەی کە دەزانێ درۆیە وەکوو درۆ باسی بکا، مەگەر کەسێکی پەیوەندیدار و بەرێز بدۆزێتەوە کە ئەو هەڵەکە راست بکاتەوە. دەنا دەبێ لەو هەڵە خۆی لادا. ئەگەر راپۆرت نەدا شاردوویەتەوە و ئەگەر خۆی باسی درۆکە بکا، کێشەی بۆ دروست دەبێ. رۆژنامەوانێکی ئینگلیسی ئەم ناکۆکییەی بە شێوەیەکی دیکە چارەسەر کردووە. " لە تلەڤزیۆندا هیچ کەس بۆی نییە باسی راستی بکا مەگەر، کەسێکی دیکە پەیدا بێ کە پێی بڵێ درۆزن". لەدەرەوە بوون دەتووانێ زۆر بە هاسانی ببێتە ناوەندگرییەک لە نێوان راست و ناراست، چاک و خراپ و هەڵە و دروستدا.

**کارتێکەری تلەڤزیۆن لەسەر رووداوەکان**



ئەم گیروگرفتانە کەم تا زۆر لە هەموو جۆرە رۆژنامەوانییەکدا هەیە، بەڵام تلەڤزیۆن تایبەتییەکی هەیە کە لەگەڵ رۆژنامەوانی رۆژنامە و رادیۆدا جیاوازی هەیە: تلەڤزیۆن دەتووانێ رووداوەکە بگۆڕێ یان سازی بکاتەوە. ئەورۆ پەیامنێر کەسێکی گومناو نییە کە بە قەڵەم و دەفتەرێکەوە لە سووچێک راوەستابێ. ئەو یەک گرووپی تەواوی پێیە، بە کامێرا و رووناکی و دەم و دەزگاوە. یان ستۆدیۆیەکی لەبەردەست دایە و لەگەڵ بینەرانی ملیۆنی بەرەوڕوویە. رۆژنامەکان، ئەوەی کە لە تلەڤزیۆندا پیشان دەدرێ، بڵاو دەکەنەوە. سەفەر بۆ مانگ وەکوو شانۆیەکی تلەڤزیۆنی بوو. رەنگە کەرەسە بۆخۆی پەیام نەبێ، بەڵام زۆر بە هاسانی تێکەڵ دەبنەوە. بوونی بینەر هەموو کاتێک کاری کردووەتە سەر پیشاندەران، بەڵام هیچ کات بە بەربڵاوی و قووڵی تلەڤزیۆن نەبووە. هەرکەس کە بەرنامەی ئایینی "ئاوازەکانی دۆعا"ی تلەڤزیۆنی بی بی سی دیبێ، پێی وایە کە کەلیساکانی ئینگلیس هەموو رۆژانی یەکشەممە پڕە لە خەڵک، لەکاتێکدا ئەگەر کامێرا لەوێ نەبێ، سێ لە چواری سالۆنەکە بەتاڵە. قسەکردنی سیاسەتکارێک لە سالۆنێکی سەد کەسیدا، بە بوونی تلەڤزیۆن دەبێتە جەماوەرێکی یەک ملیۆنی. سیاسەتکارەکەش ئاگای لێیە و قسەکان و چۆنیەتی گوتنەکەی بەپێی ئەوە رێکدەخا. ئەگەر بەشدارانی نێو سالۆنەکە لە بڵاوبوونەوەی تلەڤزیۆنی ئاگاداربن، جۆری کردەوەکانیان جیاوز دەبێ. پرسیارەکان زۆر توندتر دەبن و کرداری چاودێرەکانی کۆبوونەوەکەش ئارامتر دەبێ. ئەم کۆبوونەوە ئیتر ئەوە نییە کە بەبێ تلەڤزیۆن دەیتووانی ببێ. لە خۆپیشاندانەکاندا زۆرجار بوونی کامێرای تلەڤزیۆنی دەبێتە هۆی ورووژاندن کە تەنیا وتەنیا لەبەر بوونی کامێرایە. بۆ نموونە، کاتێک کامێرا هەیە، پۆلیس

کەمتر لە چەکی قورس کەڵک وەردەگرێ. چاوپێکەوتنێکی ئاسایی ئەگەر لە سووچێکی خەڵوەتدا بکرێ، یان لە ستۆدیۆ زۆر جیاوازی هەیە. ئەوەی دووەم زۆر جار دەبێتە بگرە و بەردە.

**لایەنگری نائاگایانە.**

گرووپی تلەڤزیۆن لەم بابەتە ئەخلاقی و پێشەییانە بەتەواوی ئاگادارن. دەشزانن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کارێکی زۆریان لەدەست نایێ. لە دنیایەکی ناتەواو و پرکێشەدا ئەوان وەکوو مرۆڤی دڵپاک، جار وایە هەڵەش دەکەن. ئەوەندەی پێیان دەکرێ هەوڵی خۆیان دەدەن کە بێ هەڵە بن، بەڵام گەڵاڵەی پیلانێک بۆ چەواشەکردنی راپۆرتێک هەمیشە ریێ تێدەچێ. جێبەجێکردنی ئەو پیلانە بە هاسانی ئیمکانی نییە، چوونکە رێکخراوی جۆربەجۆری زۆر لە کارەکەدا دەستییان هەیە. بەڵام ئیمکانی پێکهاتنی بیروبۆچوون هەیە کە دەبێتە هۆی لایەنگری نائاگایانە.

رۆژنامەوانی وەکوو زۆربەی پیشەکانی دیکە کەسانی تایبەتی هەڵدەبژێری کە لەگەڵ کارمەندی بانک و دەوڵەت و دووکاندار، جیاوازییان هەیە. بەگشتی ئەمانە رووناکبیرانی ئازادن کە ئەگەریش لە چینی ناوەنجی نەبن، کە هاتنە نێو ئەم ئیشەوە، دەیانەوێ لەو چینەدا جێ خۆیان بکەنەوە. لە هەر دووبەری ئۆقیانووسدا، سەنتەرەکانی تلەڤزیۆنی زۆربەی نووسەر و ئامادەکار و پەیامنێرە پرکارەکانیان لە رۆژنامەکان و رادیۆکانەوە، یان راستەوخۆ لە زانکۆوە رادەکێشن. ئەمانە هەر لە دەستپێکەوە دەبنە ئەندامی فرقەیەکی رانەگەیەندراو کە وەکوو هێزی پۆلیس، یان ئیشی دادوەری، شێوەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە. تلەڤزیۆنییەکان، بەناچار بەرنامەی یەکتر چاو لێدەکەن، لەدوی دۆستی یەکترن و دنیا لە چاویلکەی کامێراوە دەبینین. زۆرجار وا بیردەکەینەوە کە رووداوێک هەتا نەهاتووەتە سەر شاشەی تلەڤزیۆن، بەتەواوی راستەقینە نییە.

ئێمە لە بەشە زۆرە بێدەنگەکە نین. ئێمە کەمینەی پڕ قسەین، ناتوانێ وا نەبێ. بەگریمان تلەڤزیۆنەکان زیرەکتر و ئاگاتر لە زۆرینەکەین. بەڵام دەبێ ئاگایان لێی بێ پیشەیی بوون لەوانیان جوێ نەکاتەوە. ئەوان بۆ هاوکارەکان و رەقیبەکان و بەرپرسەکانیان بەرنامە دروست ناکەن، بەڵکوو بۆ ئەو ملیۆن کەسانەی دروست دەکەن کە بینەریانن. تاقیکردنەوەکانی ژیانی خۆیان و هەڵسەنگاندنەکانیان راست وەکوو کارگەری بارهەڵگر، یان کەشیش، یان جووتێر نییە. واش نییە کە تاقیکردنەوەکانی ژیانی ئەوان لەوانەی ئەمان بەنرختر بێ. ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان ئەو دنیادا کە ئەوانیتر دەیبینن هەتا ئەوە کە ئەمان پیشانی دەدەن، هەیە دەبێ لا بردرێ. ئەگەر مەودایەک لەنێوان ئەوان و بینەرەکانیاندا هەیە دەبێ هەڵیگیرێ. نابێ پەیوەندییان لەگەڵ بینەرەکانیاندا بپچڕدرێ. ئەگەر وا بێ، خۆیان ئەسپاردووەتە دەست گرووپەکانی بەهێز و سووخۆر و بازرگان و سیاسیەتکارانەوە.

**گرفتەکانی دنیای سێیەم**

ئەوڕۆ لە وولاتانی بەرەوگەشەکردندا، یان ئەوەی پێی دەگوترێ دنیای سێیەم، روانگەی لەبنەڕەتەوە جیاواز سەبارەت بە دەوری رادیۆ و تلەڤزیۆن و رۆژنامە هەیە. لەوێ، راگەیاندن وەکوو کەرەسەیەک بۆ گەشەی میللی، سەرچاوەی زانیاری، رێنوێنی و فێرگە دەبیندرێ. هەرکەس کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم وولاتانە تێی بگا،

لایەنگری ئەمجۆرە بۆچوونانە دەبێ و ڤیگای لێبوردنی هەیە. پێویستییەکی نائومێدانە بۆ دابینکردنی پەیوەندییەک لە نێوان خەڵک و سیاسییەکاندا هەیە. زۆربەی خەڵک خوێندەوارییان تەواو نییە و جار وایە جیاوازی رەگەزیی و ئایینی و عەشیرەییان هەیە. تێکۆشان دژی هەژاری و برسییەتی لە ژێر گوشاری ئابووری دەرەوەدا

هەلومەرجێکی پێک هێناوە کە بە دژواری دەتووانین چاوەڕوان بین کە دەوڵەتەکانیان رەخنەی توند و نابەرپرسانە لە راگەیاندندا پەسند بکەن. لە زۆربەی وولاتانی بەرەو گەشەدا، تەنانەت بەرەنگاری راست و سازندەش دەتووانێ بە هاندان بۆ خەیانەت، راپەڕین و شەڕ بژمێردرێ. مەترسی دەست بەسەرداگرتنی دەوڵەت و دەزگا ئەمنەکان روونە. بەڵام بەبێ زانینی هۆی ئەمانە رەخنەکان جێ خۆیان ناگرنەوە.




هەموو سەنتەرە گەورەکانی رادیۆ و تلەڤزیۆن و رێکخراوە هەواڵنێرەکانی دنیا لە بەشی رۆژئاوا دان. لە ئاکامدا راپۆرتەکانی ئەمانە سەبارەت بە وولاتانی پێشکەوتووە و تووشی لایەنگرین و هەواڵەکانی دنیای سێیەم کەمتر بڵاو دەکەنەوە. ئەگەر گرووپێکی ئۆرووپی لە ناوەندی ئەفریقا کوژرا بێتن، زیاتر لە قەڵاچۆکردنی سەدەها هەزار کەسی ئەفریقی دێتە نێو هەواڵەکانەوە. زوڵم و زۆری دیکتاتۆرێک زیاتر بەرچاو دەخرێ هەتا سەرکەوتنی پرۆژەیەکی ئاوەدانی. دیمەنی دنیای سێیەم کە لە راگەیاندنە رۆژئاواییەکاندا نیشان دەدرێ زۆربەیان ناتەواو و چەواشەن. دیمەنی رۆژئاواش کاتێک بە دنیای سێیەم نیشان دەدرێ هەر بەم شێوە ناتەواو و نارێکە.

لێرەدا شک نییە کە سەبارەت بە راگەیاندنی رۆژئاوا پرسیارێک هەیە کە دەبێ وەڵام بدرێتەوە. بەڵام گوناهی راپۆرتی ناتەواو نابێ بەتەواوی بخرێتە گەردنی ئەوان. زۆرجار داپۆشینی کێشەکانی دنیای سێیەم لە لایەن دەوڵەتەکانی خۆیانەوەیە. رەنگە لە بەرانبەر شکستەکانیاندا هەستیارن و نایانەوێ راستییەکانی کردەوەکانیان دەرکەوێ. راستییەکان دەشاردرێتەوە یان دەگۆڕدرێ. بیرە دژەکان سەرکوت دەکرێ، بڵاوکراوە ئازادەکان دەستیان تێوەردەدرێ و گرووپە بێگانەکان بە لالووتەوە ئیزنی هاتنیان دەدرێ و کارەکەیان لە ژێر چاوەدێری دایە. هەرکەس کە ویستوویەتی ئاڵقە فیلمێک بە شێوەی یاسایی لە وولات بەرێتە دەرێ، لەگەڵ بەربەست و ئیدارەبازی دەوڵەتەکان بەرەوڕوو بووەتەوە.

تووڕەیی دژی راگەیاندنی رۆژهەڵاتی لەلایەن دەوڵەتەکانی دنیای سێیەمەوە، لە ساڵەکانی ٧٠دا گەییشتە لووتکەی خۆی. داخوازی رێکخراوی هەواڵنێری دنیای سێیەم و هەوڵدان بۆ پەیوەندیدانی ئازادی راگەیاندن لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە "ئاشتی، گەشەکردن، و برایەتی"، گەییشتە ئەوپەڕی خۆی. کۆبوونەوەکانی یۆنسکۆ پڕ بوو لە بەیان و پێداگرتن لە سەر ئەوە کە دەوڵەتەکان لە بەرانبەرراگەیاندندا بە بەرپرس بزانرێ. دیارە

بەرگری کردنی وولاتە رۆژئاواییەکان ئەو بەیانانەی کەمرەنگ دەکردەوە و وەها دەگۆڕدرا کە بێ کردەوە دەمایەوە. ئێستاش گۆڕانێکی گەورە لەو روانگەیەدا پێک نەهاتووە، بەلام رەنگە بە زانینی زیاتری کێشەکانی دنیای سێیەم ئەم هەلەش بگۆڕدرێ.
مێژووی پەرەسەندنی رۆژنامە و رادیۆ و تلەڤزیۆن، بچووکترین نموونە شک نابا کە دەولەتەکان لە گەیشتن بە راستییەکاندا بە شێوەی بێلایەنانە، باشتر لە ئەوانی دیکە نەبوون، بەلام کێویک بەلگە سەبارەت بە خراپکارییەکانیان هەیە. بێگومان هەوالنێری لایەنگرانە باش نییە، بەلام ناکرێ بە پاوان کردنیش باشتر نابێ. ئیزندانی پاوانکردن بە دەولەتەکان، راپۆرتەکان باشتر ناکا.

**داهاتووی رۆژنامەگەری تلەڤزیۆنی**

ئەورۆ رۆژنامەوانی تلەڤزیۆنی زەمینەیەکی زۆر لەخۆ دەگرێ. ئەم زەمینە تەنیا بەرنامە خەبەرییەکان و گۆڤارە حەفتەییەکان ناگرێتەوە، بەلکوو بەرنامەی زانستی، ئابووری و هونەریش دەگرێتەوە. رۆژنامەوانی تلەڤزیۆنی لە دێکومێنتەکان و بەرنامەکانی دەرەوەی ستۆدیۆ و تەنانەت لە بەرنامە ئایینییەکانیشدا ریشەی داکوتاوە. رۆژنامەوانی تلەڤزیۆنی لە فیلم و دەنگ و ڤیدیۆ و ئامرازەکانی ستۆدیۆیی و دەرەوەی ستۆدیۆ کەلک وەردەگرێ و دەتووانێ لە رێگای ساتێلایتەوە بۆ هەموو دنیای بنێرێ.
هەموو ئەم ئەرکانە هاوتای خۆیان لە رۆژنامە و باقی رۆژنامەگەرییەکاندا هەیە، بەلام چۆنیەتی کاری ئەوان لەگەل تلەڤزیۆن کەم یان زۆر جیاوازی هەیە. جیاوازی هەرە گەورە ئەوەیە کە ئەم دەبێ لەگەل گروپ کار بکا. پێویستی رۆژنامەنووسێک دەفتەرێکە و قەلەمێک و خەرجی تلەفوونێک. پەیامنێرێکی تلەڤزیۆن دەبێ گروپ و ژمارێکی زۆر کەرستەی لەگەل بێ. رەنگە ئەویش هەر ئەو چیرۆکەی بگێرێتەوە کە رۆژنامەنووسەکە دەیگێرێتەوە، بەلام گرنگیدانەکان و روانینەکانی ئەو بە شێوەیەکی جیاوازە. چەند سەد ووشەی دەست نووسی خۆش نووس، سەرنووسەری رۆژنامەیەک شادمان دەکا بەلام ئەوانە بۆ تلەڤزیۆنێک بێ کەلکن. رۆژنامەنووسێک دەتووانی بە خێرایی هەوالەکان کۆ بکاتەوە، بەلام چەندین سەعات دەبا هەتا خەلک بتووانن بیخوێننەوە. گروپێکی تلەڤزیۆنی بۆ گرتن و ناردنی وێنەکان کاتێکی زۆرتری دەوێ، بەلام گەیاندنی بە بینەران دەستبەجێیە.
رۆژنامەنووس دەتووانێ یەک سەعات لەگەل کەسێک چاوپێکەوتن بکا و دوایە قسەکانی لە چەند دێڕدا کورت بکاتەوە. لە چاوپێکەوتنی تلەڤزیۆنیدا ئەم شێوە کورتکردنەوە ناکرێ. دەکرێ بیبڕدرێ، بەلام ناکرێ ووشەکان بگۆڕدرێ. بۆ کورت کردنەوەکەش پێویستی بە دەزگای مونتاژ ومۆنتۆر هەیە، هەروا کە پێویستی بە وێنەگر و بەرپرسی دەنگ و باقی کەسەکانی گروپە.
دەنگی سیگنالی دووچەرخەیەک لە شەقامەکانی چۆلی سایگۆندا کە دەنگی گوللە لە دوورەوە دەبیسترێ بە ئەندازەی تەواوی تێکستەکانی سەبارەت بەو شەڕە کارتێکەری هەبووە. جار وایە وێنەیەک وەها وەسفێک دەکا کە سەدان ووشە جێگای ناگرێتەوە.

ئەو شتەی کە لە رۆژنامەوانی تلەڤزیۆنیدا گرینگە ئاکامە لە کۆتاییدا. ووشەکان، وێنەکان، دەنگ و بێدەنگی هەمووی لە کەرەسەیەکدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. دەکرێ ئەو شتەوە کە ئێستا روو دەدا و ئەو شتەی کە لە فیلمێکدا خزن کراوە پێکەوە نیشان بدرێ. تلەڤزیۆن ئامرازێکە کە فەننەکەی بایەخی فێربوونی هەیە.
ئەم کتێبە هەوڵ نادا زیاتر لەوە بە کەسێک فێر بکا کە نەخشەیەک یارمەتی دەریاوانێک دەدا، نەک دەریاوانی فێر بکا. هەوڵی ئەوەیە کە فێربوون لە تاقیکردنەوەکان بخاتە بەردەستی خوێنەر.

## دنیای هەواڵی تلەڤزیۆنی

ئەورۆ زۆربەی بەرنامەکانی جۆربەجۆر رۆژنامەگەری تلەڤزیۆن و تووانایەکانی بەکار دێنن، تا رادەیەک کە دانانی سنوورێک بۆ "رۆژنامەگەری تلەڤزیۆنی" و گرێدانی بە بەرنامەیەکی تایبەتییەوە، کارێکی دژوارە.
رۆژنامەگەری دزەی کردووەتە بەرنامەی سووک و شانۆگەری و بۆ خۆشی هەواڵەکاندا، لە تەکنیکی ئەم جۆرە بەرنامانە کەڵک وەردەگرێ. ئەم کارتێکەرییە دوولایەنەیە، بووەتە هۆی پێکهاتنی زۆر بەرنامەی سەرنجراکێش.



شانۆگەری، دێکومێنت و هێندی بەرنامەی دیکە سپاسکەری ئەم رۆژنامەگەرییەن. هەر وەکوو ئەوە کە گێرانەوەی هەواڵ و رووداوەکانی رۆژانە لە شێوەی شانۆ کەڵک وەردەگرێ.
ئاشناترین شێوەی رۆژنامەگەری تلەڤزیۆنی بەرنامەی هەواڵەکانە. گەرچی برەوترین شێوە نییە. تەرکیبی ئیداری و رێکخراوەیی ئەم بەرنامەیەش لە رۆژنامە دەچێ، هەتا بەرنامەی رووداوەکانی رۆژ. رۆژنامەگەری تلەڤزیۆنی دابەش دەکرێ بە دوو بەشی راپۆرت و بەشی نووسین. یا بەو شێوەی کە لە بی بی سی دا دەگوترێ هاتن و دەرچوون. نیوەی رێکخراوەکە هەواڵەکان کۆ دەکاتەوە و ئەو نیوەکەیتر، هەڵیان دەبژێرێ، رێک و پێکیان دەکا و پێشکەشی دەکا. هەموو کاتێک هەواڵ لە پلەی یەکەمدایە و لە پێش هەموو شتێکی دیکەوەیە. بەرنامەکانی دیکە دەتووانن وێنەکانیان بە شێوەیەک هەڵبژێرن کە لەگەڵ دەزگاکەدا بسازێ، بەڵام هەواڵ دەبێ رابگەیەندرێ، چ بۆ تلەڤزیۆنەکە باش بێ یان باش نەبێ. بەشی هەواڵەکان بە تێکڕایی لەم پێداویستییە بنچینەییە پەیرەوی دەکا. هەڵبژاردن، نووسین، وێنەی گرافیکی، چۆنیەتی دەنگی بێژەر، تێکەڵاوێک لە سادە بوون، روون بوونی بابەت و دەستبەچێ بوون تەنیا شێوەی مومکینە.

**کارکردی ئاسایی بەشی هەواڵ**

نووسراوەکانی ئەم بەشە لە رووی کاری "رێکخراوی سەربەخۆی هەواڵی تلەڤزیۆنی" نووسراوەتەوە، بەڵام لە راستیدا نموونەیەکە لە هەر بەشێکی هەواڵ لە هەر تلەڤزیۆنێکدا. ئەم سازمانە سەربەخۆ کاردەکا و ئیمکاناتی فەننی خۆی هەیە. لە شوێنەکانی دیکەدا بەشی هەواڵ لە ژێردەستی رێکخراوێکی گەورەتردا کار دەکا و لە ئیمکاناتی گشتی کەڵک وەردەگرێ. لە سازمانی سەربەخۆی هەواڵدا هەرکەس جێگای تایبەتی و دیاریکراوی خۆی هەیە.

رۆژێک لەم رێکخراوەدا لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە سەرنووسەری هەواڵەکانی نێوخۆ، کاتژمێر ۷/۳۰ دێتە ژوورەی گەورەی گەڵاڵەی بەرنامە. ئەرکی ئەو هەڵبژاردن و رێکو پێککردنی هەواڵەکانی نێوخۆی وڵاتە. ئەو لەکاتی خواردنی نانی بەیانیدا و بەدەم رێیەوە هەتا شوێنی کارەکەی، هەواڵەکانی بەیانی لە رادیۆ بیستووە و رۆژنامەکانیشی خوێندووەتەوە. کۆپییەکیش لە تێلێکسەکانی هەواڵی بەیانی و بەرنامەی ئەو هەواڵانە کە دەبێ بەدوویدا بچن چاوەروانیەتی. ئەو ئەم بەرنامە لەگەڵ بەرنامەی گشتی کە لە لایەن سەردەبیری هەواڵەوە دارێژراوە بەراورد دەکا. بەگریمان دوو لە سێی هەواڵەکان، نەک لەباتی ئاکامەوە، بەڵکوو لەباری کات و شوێنەوە دەکرێ دیاری بکرێن. کە ئەمە بۆ خۆی قازانجێکە بۆ تلەڤزیۆن. رۆژنامە دەتووانی بە یارمەتی ووشە، رووداوەکان ساز بکاتەوە ، بەڵام کامێراکانی تلەڤزیۆن دەبێ پێشوەخت لە شوێنەکان دانرابن.

رۆژێکی ئاسایی لە ژووری هەواڵی تلەڤزیۆندا بەم شێوە بەردەوام دەبێ: چاوەروان دەکرێ کە بریارێک لەسەر ئەندامانی "کۆمەڵەی پارێزگای شار" کە تاوانی گەندەڵییان لەسەرە دەربچێ. کۆبوونەوەی دادگا چەند رۆژە لە "مەنچستر"دا درێژەی هەیە. یەک گروپی ڤیدیۆ بۆ ئەوان تەرخان کراوە. کامێراکان ئیزنی چوونە ژوورەوەی دادگایان نییە، بۆیە هەواڵنێرەکان کورتەیەک لە راپۆرتی کۆبوونەوەکان لە رێگای زەویەوە یان لە رێگای ساتێلایتەوە بۆ ناوەند بەرێ دەکەن. هێندێ وێنەی هاتووچووی شایەتەکان و دادوەرەکان لەگەڵ هەواڵەکەدا دەنێردرێ.

هەواڵی دیکە دەنگدان لە پارلێمانی "خەڵک" دایە کە ئیمکانی هەیە ببێتە هۆی لابردنی دەوڵەت. قسە وباس لە ئێوارەوە دست پێدەکا و دەنگدان رەنگە لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کاتژمێر دەی شەودا، بکرێ. دیارە پەیامنێرێکی سیاسی وەکوو پەیامنێری پارلێمان، لەگەڵ سەرنووسەری هەواڵدا را و بۆچوون دەگۆرێتەوە. لە پارلێماندا کامێرا نییە بەڵام پەیامنێر و دەزگای ناردنی شەپۆلی رادیۆیی هەر ئەم رێکخراوە، لەوێ هەیە.

سەرنووسەر زۆر کارێکی تایبەتی لەگەڵ ئەم هەواڵەدا پێناکرێ، تەنیا دەتووانێ لە ژێر چاوەدێریدا داینێ و ئاگای لێی بێ.

کاتژمێر ۱۱ی شەو، هەیئەی دەوڵەت کۆبوونەوەی هەیە. وێنەگرێک هەر لە ئێستاوە لەوێیە هەتا هێندێ وێنە لە هاتووچووەکان بۆ راپۆرتە هەواڵێک ئامادە بکا.

لە لیستەی کاری رۆژانەدا، کۆنفرانسی یەکیەتی بازرگانان لە برایتۆن دەبیندرێ. بەشێوەی ئاسایی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە فیلمیان لێی ناگیرێ، بەڵام چاوەروان دەکرێ ئەورۆ بەرپرسی گشتی سەبارەت بە رەوتی کاری ئەم یەکێتییە قسە بکا، کە ئاکامەکەی سەدان کارخانە دەگرێتەوە. جێ خۆییەتی کامێرایەک بۆ ئەم هەواڵە دانرێ هەتا

بەشێک لە ووتەکانی بۆ ناوەند بنێرێ. بەڵام (ENG) ئەوڕۆ سەرقاڵی ناردنی شتێکی زۆر گرینگترە. کەوابوو ئەم هەواڵەی برایتۆن دەکرێ بە قەتاری نیوەڕۆ بنێردرێ، هەتا بۆ دوای نیوەڕۆ ئامادە بکرێ. راپۆرتی رۆژنامەیی ئەو ووتارە دووای تەواو بوونی دەستبەجێ، ئامادەیە، بەڵام خوێندنەوەی بابەت وەکوو دیتن و بیستن سەرنجڕاکێش نییە.

هەواڵێکی پیشەیی دیکە، کۆتایی هاتن بە مانگرتنی درێژخایەن و پڕجەنجاڵی سپوورەکانە لە شارێک کە لە ٢٠مایلی لەندنداپە. رەنگە وێنەی باش لە کۆکردنەوە و خاوێنکردنەوەی زبڵە کۆبووەکان وەچنگ کەوێ سەرنووسەری هەواڵ پەیامنێرێک دەنێرێ کە هێندێ فیلم و زانیاری بهێنێتەوە. هەروەها وێنەگر و دەنگگر و باقی کەرەستەکان، دەبێ ئامادە بکرێ و هێڵی ساتێلایت بۆ مەنچستر دابین بکرێ هەتا ئاکامی دادگای گەندەڵی لەکاتی خۆیدا بگا.

دوو رۆژە کە پەیامنێرێک سەبارەت بە نرخی مردنی منداڵان بەر لە بەدنیاهاتن لە ئینگلیس و وێلزدا، پشکنین دەکا. ئەو راپۆرتانەی کە تا ئەوڕۆ قەدەغە کرابوون دراونە رۆژنامە و رادیۆ و تلەڤزیۆنەکان. دوێنێ لەگەڵ وەزیری تەندروستی سەبارەت بەم هەواڵە چاوپێکەوتن کراوە و ئەوڕۆ پەیامنێرەکە دەیەوێ لەگەڵ دایکان و پزشکەکاندا سەبارەت بە لەماڵەوە زایین لە بەرانبەر زایین لە نەخۆشخانەکاندا چاوپێکەوتن بکا. بەشی هەواڵەکانی کاتژمێر ١٠ی شەو رێپۆرتاژێکی چوار خولەکی دەوێ. رێپۆرتاژی زیندوو یان تۆمارکراو لەگەڵ فیلم و ووتار و چاوپێکەوتنەکان و..ئامادە بکرێ.

گرووپێک نێردراوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام پەیامنێرەکە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ پزشکی ژناندا داوای گرووپێکی دیکەی کردووە. لەورۆژەدا بەهۆی نەخۆشبوونی هێندێ لە کارمەندەکان و ناردنیان بۆ دەرەوەی شار، گرووپی ئامادە بەکارەکان کەمن. بۆیە سەردەبیری هەواڵ ئەم دەست و ئەو دەست دەکا. ئاخری رازی دەبێ، بەڵام دەزانێ کە رەنگە ناچار بێ لە بریارەکەی پاشگەز بێتەوە.

دووایە- کەش و هەوا. تۆفان شەوی رابردوو زۆربەی کەنارئاوەکانی رۆژهەڵاتی تێکداوە و چەند کوژراو و بریندارێ لێی کەوتووەتەوە و وێرانییەکی زۆر پێکهاتووە. مسافرێک لە دەریای باکووردا گیری خواردووە و سەبارەت بە زیان گەییشتن بە سەکۆوە نەوتییەکانیش چەند هەواڵ هاتووە. تلەڤزیۆنی "ئنگلیکا" خەریک ئامادەکردنی رێپۆرتاژێکی درێژە سەبارەت بە کەش و هەوا، لە گۆڤاری هەواڵە ناوخۆییەکاندایە. لەسەر ئەوە پێکدێن کە بۆ هەواڵی کاتژمێری ٥/٤٥ی پاشنیوەڕۆ، خاڵە گرینگەکانی رێپۆرتاژەکەیان لەسەر شریتی ڤیدیۆ بەرێکەن. بریار وایە ئەمە لە کورتە هەواڵەکاندا کەڵکی لێی وەرگیرێ. سەرنووسەری هەواڵەکانی "یورکشایر"یش داوایەکی هەروەهای هەیە. تلەڤزیۆنی "گرامپیان" وێنەگرێکی ناردووە کە لە سەکۆوە نەوتییەکان وێنە بگرێ. لەولاوە گرووپی هەواڵەکانی دەرەوەش خەریکی کاری رۆژانەی خۆیانن. لەگەڵ پەیامنێر و وێنەگرانی دەرەوە پەیوەندی دەگرن. سەبارەت بە راپۆرتەکانی (UPITN) لە نیویۆرک وتووێژ دەکەن.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی کۆبوونەوەی بەرپرسانی هەواڵ پێکدێ کە سەبارەت بە هەواڵی ١٠ی شەو بریار بدەن. لەم کۆبوونەوەدا نووسەری هەواڵی ١٠ی شەو، بەرپرسانی هەواڵ و نووسین. نووسەرانی هەواڵی نێوخۆ و دەرەوە، نوێنەری گرووپی پشتیوانی هەواڵ (وێنەگران، پەیامنێران و..)، بەرپرسی پەخشی هەواڵ و جێگرەکەی،

بەشدارییان هەیە. دەنگی برواپێکردن بە دەوڵەت لە پارلیماندا بە یەکەم هەواڵی ١٠ی شەو دەژمێردرێ، چوونکە تا ئەودەم بەرنامەی داهاتووی دەوڵەت ترازێکی هاوپەراتری پەیدا کردووە. باسی گەندەڵی هەواڵی دووەمە هەرچەند تا ئەوکاتە نەختێک کۆن بووە. سەرنووسەری هەواڵی نێوخۆ دەڵێ کە ئەگەر قسەکانی بەرپرسی یەکێتی بازرگانان لە برایتون، سیاسەتی ئەم یەکێتییە دیاری نەکا، ئەو دەزانێ لەکوێ دەتوانێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکا. هەواڵێکی باشی دیکەش لەبەرچاوە کە کە فۆتبالیستێک داوای پارەیەکی رێکورد شکێنی بۆ گواستنەوەی خۆی کردووە. هەواڵی مردنی منداڵان وەکوو هەواڵێکی توێژینەوە بۆ "هەواڵەکانی ١٠ی شەو" پەسند دەکرێ. هەموو رایان لەسەر ئەوەیە کە خۆپیشاندانی لایەنگرانی ئاژەڵ کە شەوی رابردوو کراوە، هەواڵێکی مردووە و فیلمی هاتنی گرووپی پاپ لە فرۆکەخانە شتێکی سەرنجڕاکێش نییە.

سەرنووسەری هەواڵەکانی دەرەوە راپۆرت دەدا کە (UPITN) پەیوەندی بەردەوامی لە رێگای ساتلایتەوە هەیە و هاتنی بەشدارانی کۆنفرانسی قاهێرە سەبارەت بە ئاوارەکانی فەلەستینی بەرێدەکا. گرووپێکی (ITN) لەگەڵ پەیامنێر چوونەتە بەغدا و رەنگە لای ئێوارێ وێنەی خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران لەرێگای ساتلایتەوە وەربگرین. ئەم وێنانە بە فۆرماتی "ئۆرۆویژن" دەبێ. رادیۆ و تلەڤزیۆنی ئیتالیا (RAI) خەریکە هەواڵێ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئیتالیا لە ریاگی ئورۆویژنەوە بڵاو دەکاتەوە و هەواڵنێری (ITN) لە رۆمەوە راپۆرت دەنێرێ. لە ئۆستوالیاوە، شریتی مونتاژکراوی وەرزشی لەگەڵ پێشەکی و راپۆرت و کۆتایی ئامادە کرداوە، خەریکن وریدەگرن. هەر لە ئوسترالیاوە فیلمی ئۆتۆمبیلێکی سفارشی کە بۆ یەکێک لە شۆفێرەکانی دەرجە یەکی پێشبرکێ ئۆتۆمبیل، دروست کراوە لە رێگای ساتلایتەوە گەییشتووە. راپۆرتێکی لەم شێوە کە سەبارەت بە کەسێکی بەناوبانگە، دەبێتە هۆی نەرمکردنەوەی بەرنامەی خەبەر کە پڕە لە هەواڵی ووشک، زۆر باشە.

لە ژووری هەواڵدا، هەواڵخوێنەکان خەریک کارن و هەرکام بۆ بەرنامەیەکی هەواڵ نموونەی هەواڵەکانی ئاژانسەکانی هەواڵنێر کە لە دەزگای تێلەپرینتێرەوە دەرژێتە دەرێ، بژار دەکەن. ئەرکی ئەوان ئەوەیە کە ئەو هەواڵانەی کە بەکار نایێ وەلانێن و ئەوانەی کە رەنگە بەکار بێ دەستەبەندی بکەن. ئەوان هەواڵەکانی رۆژ چاودێری دەکەن. دوایە دەیدەن بە نووسەرەکان کە بە شێوەی هەواڵ بۆ تلەڤزیۆن دووبارەنووسی بکەنەوە. دوایە ئەم نووسراوانە دەچێتە ژێردەست سەرنووسەری دووەم و لەگەڵ ئەسڵەکەیدا بەراورد دەکرێتەوە. سەرنووسەری دووەم بڕیاری وێنەکانی هەواڵەکەش دەدات.

کۆبوونەوەی سەرنووسەران بۆ هەواڵی کاتژمێر ٥/٤٥ی دوای نیوەڕۆ، بەرلە نیوەڕۆ دەکرێ. هەر بەشێکی هەواڵ شێوەی خۆی هەیە. کە بە پێی بینەرەکانی و کاتی بڵاوکردنەوە و چەندی کاتی بەرنامەکە دادەڕێژرێ. هەواڵی ٥/٤٥ی دوای نیوەڕۆ پازدە خولەکە و لەکاتیکدایە کە زۆربەی رووداوەکانی رۆژ روویانداوە، بەڵام هێشتا بەتەواوی هەڵسەنگاندنیان نەکراوە. بینەرانی ئەم بەشە هەواڵە زیاتر لە باکووری ئینگلیس و سکاتلەندن. خەڵک پێیان باسە کارەکەیان زووتر تەواو بکەن و رێگایەکی کەمتر هەتا ماڵەوە بپێون. زۆربەی بینەرانی لەندەن لە نێوان ٥/٣٠ و ٦دا لەنێو قەتاردان. لەوکاتەدا بینەران کورتەیەکی پوخت وپاراویان لە هەواڵەکان دەوێ. لە کاتژمێر ١٠ی شەودا بینەران زۆرتر ئامادەیی هەواڵی قووڵتر و بەرینتریان هەیە.

کۆبوونەوە بڕیاردەدا کە دادگای گەندەڵی هەواڵی یەکەم بێ. هەواڵی سیاسی دەرکە دەکاتەوە و پەردەکە هەڵدەداتەوە، راستیدا شانۆگەرییەکە کاتژمێر دەی شەو دەست پێدەکا. هەواڵی یەکێتی بازرگانان گرینگ و سەرنجڕاکێشە. هەواڵی کەش و هەوا پەیوەندی بە وێنەکانییەوە هەیە. لەنێو ئەوانەی دیکەدا کە جێگایەکیان هەیە، هەواڵی رێکورد شکاندنی فۆتبالیستەکە و راپۆرتی مردنی منداڵانە. سەرنووسەری بەرنامە دەڵێ کە زەمینە و دژکردەوەی پیشەیی لا گرینگ نییە. لە بەشی هەواڵی ٥/٤٥دا ئەو تەنیا سەردێڕ و ناوەخنی هەواڵەکان بڵاو دەکاتەوە و باقییەکەی بۆ کاتژمێر ١٠شەو دادەنێ.

سەرنووسەری هەواڵەکانی دەرەوە دەڵێ: (UPINT) چاوەڕوانی وێنەی تۆرۆویژنە لە لایەن گروپێکی هەواڵنێری ئەمریکییەوە لە بەغدا کە بۆ شەبەکەی ئەمریکی (UPI) کار دەکەن. رەنگە هەواڵ لە لایەن (INT)یشەوە بگا. هەواڵبێژ دەپرسێ کە لێکدانەوەیەک لەسەرراپەڕین و ئاکامی دەرهێنانی نەوت هەیە؟ سەر نووسەر دەڵێ: ئەم لایەنەی هەواڵەکە لە بەشەکانی رابردووی هەواڵدا و لە بەرنامەکانی دیکە و رۆژنامەکاندا بە شێنەیی باس کراوە. جێگادان بە هەواڵێکی لەم چەشنە لە بەشێکی ١٥خولەکدا بەمانای لادانی چەند هەواڵی دیکەیە. رەنگە هەواڵی کریکت لە کۆتاییدا خراپ نەبێ. سەرنووسەری دووەم بەڵێن دەدا کە جۆرێک داڕێژێ کە سەرنجی بینەران رابکێشێ. بێژەری هەواڵەکان بە لالووتەوە قوبوڵ دەکا.

دەرهێنەری بەرنامە، پێشنیار دەکا بۆ زیندوو بوونی هەواڵی دادگا، وێنەی گرافیکی ئامادە بکرێ. وێنەی تاوانبار لەگەڵ حوکمی دادگا و بەشێک لە ووتەکانی دادوەر. بڕیار دەدرێ کە پەیامنێر، نووسەری هەواڵ و گرافیست وێنەکان ئامادە بکەن. جێگا بەتاڵەکانیش بۆ ئاخر وەخت بهێڵنەوە. بەرپرسایەتی وێنەی هەر هەواڵێک لە ئەستۆی نووسەری ئەو هەواڵەیە. بەڵام ئەوە دەرهێنەرە کە رێککردن و رێکخستنی لەگەڵ دەنگ و باقی کارە فەنییەکانی بە ئەستۆیە. ئەو دەبێ بزانێ کام وێنە و چ دەنگێک هەیە و لە کام دەزگاوە یان میکرۆفۆنەوە دێ، هەتا بتوانێ بە بێ هەڵە بەرنامەکە بەرێ بکا.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا "هەواڵ پەیامێکی بەپەلە" لە لایەن ئاژانسی "پێرێس ئاسۆسەیشن"ەوە دەگا.

"گومانلێکراوانی کێشەی گەندەڵی هەموو بە تاوانبار ناسران. چاوەڕوان دەکرێ حوکمەکان لای ئێوارێ دەربچێ." پیامنێرەکە بەڵێن دەدا کورتەیەک لە رووداوەکە لەگەڵ وێنە ئامادە بکا و هەتا ئەوکات بەرێ بکا. ئەم کورتەیە و ئەو شتانەی کە نووسەرانی هەواڵ لە لەندەن نووسیوویانە چوارچێوەی راپۆرتەکە دەبێ. پێشەکی هەواڵەکە و چۆنیەتی داڕشتنی لە ئاخر خولەکەکانی پێش بڵاوبوونەوەدا ئامادە دەکرێ. نووسەری ئەم هەواڵە راپۆرتەکانی پێشووی دادگایی کردنەکە بە ووردی دەخوێنێتەوە هەتا لە راپۆرتەکەیدا لەبەرچاویان بگرێ. دەبێ ئەوەش بزانێ بە پێی یاسای ئینگلیس، ناکرێ لە مێدیادا سەبارەت بە حوکمی دادگا و تاوانباران بەرهەڵست بگیرێ.

نووسەرانی دیکەش خەریک نووسینی هەواڵەکانی خۆیانن. وێنەکان تەواشا دەکەن و زەمینەی هەواڵەکان دەپشکنن. پێشەکی و ووتاری فیلمەکان دەنووسنەوە و لەگەڵ گرافیستەکان بیروڕا دەگۆڕنەوە. هەموو ئەم زانیارییانە دەبێ لە چەند رستەدا کورت و پوخت بنووسرێتەوە، بە شێوەیەک کە خاڵە گرینگەکانی هەواڵەکە لە یەکەم بیستندا وەربگیرێ. ئەم تێکستانە لەلایەن سەرنووسەری هەواڵ و بێژەری هەواڵەکە و سەرنووسەرەوە دەخوێنرێتەوە. جار وایە کورت دەکرێتەوە و دووبارە دەنووسرێتەوە.

بێژەرەکانیش لە نووسین و بڕیارداندا بەشداری دەکەن. بۆ پێشکەشکردنی هەواڵێکی چڕوپڕ ئەوانیش دەبێ خۆیان بە بەشدار بزانن.

دوای نیوەڕۆ کارەکان دەورێکی توندتر وەردەگرێ. هەواڵێک لە لایەن "پێرێس ئاسۆسەیشن"ەوە رادەگەیێنێ کە تەقینەوەیەک لە گەڕەکێکی دەرەوەی لەندەن روویداوە. خوێنەرێکی موزیکی پاپ کە لە دەرەوەی وڵات بووە، لە هاتنەوەدا ماددەی بێهۆشکەری لێی گیراوە. ئاورێکی گەورە لە بارکۆگای کەنارئاو روویداوە. فیلمی سەبارەت بە قسەکانی بەرپرسی یەکێتیی بازرگانان لە وێستگەی قەتاردا وون بووە. گروپێکی خۆ پیشاندەرلە پێش باڵوێزخانەیەکدا داوا دەکەن فیلمیان لێ بگیرێ و لە تلەڤزیۆن بڵاو بێتەوە. ئاکتەرێکی بەناوبانگ مردووە.

سەرنووسەری هەواڵ بڕیاردەدا کە هەواڵی تەقینەوەکە جارێک وەلانێ هەتا ووردەکاری زیاتر روون بێتەوە. ئەم رووداوە رەنگە رووداوێکی ترۆریستی بێ، یان تەقینەوەی کەپسولێکی چکۆلەی گاز بێ. رۆژنامەیەک دەتووانێ هەواڵنێرێکی خۆی بنێرێ بزانێ چ باسە. بەڵام سەرنووسەرێکی تلەڤزیۆنی دەبێ بیربکاتەوە کە ئاخۆ ئەو هەواڵە بۆ ئەوە دەبێ کە ئەو هەموو خەڵک و کەرەسە بەڕێ بکرێ. هەواڵی ئاورکەوتنەوەکە تازەترە. دەڕوانێتە لیستەی گروپەکان، دەبینێ تەنیا یەک گروپی (ENG) لەبەردەست دایە. تەنیا یەک وێنەگریش بەتاڵە. بڕیار دەدا کە وێنەگرەکە ئامادە راگرێ. وەبیری دێتەوە دوێنەشەو فیلمێک سەبارەت بە هاتنی گروپی موزیکی پاپ گیراوە. بە نووسەرەکان دەڵێ، کەوابوو ئەو هەواڵە جێبەجێ کرا. داواکەی گروپی خۆپیشاندەر وەلامی "نە" وەردەگرێ. چوونکە ئەگەر گرووپی هەواڵ هەر خۆپیشاندانێک کە بۆ پڕوپاگاندە دەکرێ بڵاو بکاتەوە، جێگا بۆ هەواڵەکانی دیکە نامێنێ. شتێکی تازە سەبارەت بە تەقینەوەکە نەگەیشتووە. بەڵام ئاورگەوتنەوەکە پەرەی ئەستاندووە. ئەم ئاورە لە باکۆگایەکی گەورەی رەنگەوە دەستی پێ کردووە. نووسەری هەواڵ وەبیری دێتەوە کە ئەم کۆمپانیایە هەڕەشەی ترۆریستی لێی کرابوو. ئەو بەم ئاکامە دەگا کە وێنەگرەکە نەنێرێ، بەڵام ئەگەر پێویست بوو گروپی (ENG) بەڕێ دەکا.

ئەی مردنی ئاکتەرەکە چی بەسەر دێ؟ ئاخۆ فیلم لە ئارشیو هەیە ئەوێ تێیدا بێ، هەواڵەکە بایەخ و دەرەتانی ئەوەی هەیە؟ سەرنووسەری بەرنامە بە یەکێک لە نووسەرەکان دەڵێ: تێکستی هەواڵەکە بنووسێ. ئەو پێوایە ئەم هەواڵە یەک دوو رستەی بەسە، هاوکات وێنەیەکی ئاکتەرەکەش پیشان بدرێ.

تێکستی هەواڵەکان لە لایەن نووسەرەکانەوە بەرەو بێژەری هەواڵەکانی کاتژمێر ٥/٤٥بەڕێ دەکەون. تێکستەکان لە لایەن سەرنووسەری دووەم و خودی بێژەرەکەوە دەخوێنرێتەوە و ئەگەر پێویستی بێ دەستکاری تێیدا دەکرێ و دەدرێ بە دەرهێنەری بەرنامەی هەواڵ. ئەم تێکستانە دوواتر لە لایەن تایپیستەکانەوە پاکنووس دەکرێ و دەدرێتەوە بە بێژەر و دەرهێنەر. سەرنووسەر و دەرهێنەر کاتی هەواڵەکان بە تەخمین دیاری دەکەن. لە ئێستاوە هەتا کاتی بڵاوکردنەوە، هەر شتێک دەتووانێ روو بدا. لەم ماوەدا، بەرپرسی ستۆدیۆ کە لە کاتی بەرنامەکەدا وەکوو یاریدەدەری دەرهێنەر کار دەکا، لەگەڵ دەرهێنەر دادەنیشێ هەتا رەوتی کارەکەی بۆ روون بێتەوە.

بەرپرسی بەشی وێنەکانیش ئەو وینانەی کە رەنگە لە بەرنامەکەدا پێویست بێ، رێکوپێک دەکا. هێندێ لە هەواڵەکانی کاتژمێر ٥/٤٥ بۆ نموونە مردنی منداڵان، رێپۆرتاژەکەی، لە سەر شریت تۆمار کراوە و دادەنرێ بۆ هەواڵی کاتژمێر ١٠ی شەو.

بەرپرسی سەرچاوە تەسویرییەکان کە ڕۆژنامەوانێکی کۆنەکارە و لەگەڵ بەرپرسانی بەشی فیلم و ڤیدیۆ کار دەکا، ڕاپۆرت دەدا کە وێنەکانی ناردراو لە بەغداوە لە ئاستی چاوەڕوانکراو زۆر بەرزترە. بەڵام ئەوانەی قاهیرە لاوازن. بەرپرسی بەرنامە بڕیار دەدا کە هەواڵەکەی قاهیرە بەبێ وێنە بڵاو بکاتەوە و هەواڵەکەش کورت بکرێتەوە. لەباتی ئەوە هەواڵی بەغدا کاتێکی زیاتری بۆ تەرخان بکرێ. هەواڵی کەش و هەواش وێنەی زۆرباشی هەیە ئەگەر ئەوڕۆ هەواڵی گرینگی دیکە نەبووایە دەیتووانی هەواڵی یەکەم بێ. هێندی گۆڕانکاری دیکەش دەکرێ هەتا کاتی هەواڵەکان بە تەخمین دیار بێ. بەرپرسی بەرنامەکان بە سەرنووسەری دووەم دەڵێ کە هەموو تێکستەکان کورت بکرێنەوە. لابردنی پێنج ووشە لە هەر تێکستێک ٢٠ چرکەی بەنرخ مەودا بۆ بەرنامە هەواڵیکی ١٥خولەک پێک دێنێ و ئەمە کەم نییە. سەرنووسەری هەواڵەکانی دەرەوە، تلەفوون بۆ بەغدا دەکا و ناردنی ڕاستەوخۆکەیان ڕادەگرێ و پێیان دەڵێ کە شوێنێکی دیکە لە بابەتەکە بپشکنن.

هەواڵیکی بە پەلە لە لایەن "پێرێس ئاسۆسەیشن" دەڵێ کە چاودێری باکۆگا سووتاوەکە کە بریندار بووە، دەڵی بەرلە ئاورکەوتنەوەکە دوو پیاوی دیتووە کە هەڵدێن. پۆلیس خەریک لێکۆڵینەوەیە. سەرنووسەر بە گرووپی(ENG) دەڵێ هەرچی زووتر خۆیان بگەیننە شوێنەکە و وێنەگرەکە بنێرنەوە سەنتەر. دوایە پەیامنێرێک کە خەریکی هەواڵێکی دیکەیە بانگ دەکا و کێشەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و لەگەڵ گرووپەکە بەڕێی دەکا.

پەیامنێری دادگاکەی مەنچێستر ڕادەگەینێ کە حوکمەکان کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕو، ڕادەگەیندرێ. دەبێ خەتێکی ساتلایت ئازاد بکرێ بۆ ئەم مەبەستە.

تەسویری سەرنجڕاکێشتر لە سکاتلەندەوە سەبارەت بە کەش و هەوا دەگا، بەڵام بەرپرسی بەرنامە نایەوێ کاتێکی زیاتر بۆ ئەم هەواڵە تەرخان بکا، چوونکە بۆ جێکردنەوەی ئەمە دەبێ دیسان تێکستەکان جارێکی دیکەش کورت بکرێنەوە. فیلمی وون بووی بەرپرسی یەکیێتیی بازرگانان دۆزراوەتەوە و چووتە بەشی کاری فەننی. کەسێک لە لایەن ڕێکخراوێکی ترۆریستییەوە تلەفوون دەکا و ئاورکەوتنەوەکە بە ئەستۆ دەگرێ. کاتێک تلەفوونەکە دەپچڕێ، ژووری هەواڵ لەگەڵ پۆلیس پەیوەندی دەگرێ. دیاریکردنی ڕاست و درۆیی ئەم بابەتە هاسان نییە.


ئێستا بەرپرسی بەشی هەواڵەکان لەگەڵ سەرنووسەری دووەم و دەرهێنەر، لەسەر تەرتیبی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان پێکدێن. هەواڵی یەکەم دادگای گەندەڵی. هەواڵی دووەم سیاسییە. ئەمانە بێ تەسویرن. بۆیە هەواڵی کەش و هەوا دەچێتە پلەی سێهەم. ئەم هەواڵە دەبێتە هۆی ئەوە کە بەرنامەکە لە لەندن و ستۆدیۆ بچێتە دەرێ و وێنەکانیشی زیندوون.

باقی بەرنامەکە وەکوو خۆی دەمێنێتەوە. دوای کەش و هەوا، هەواڵی یەکێتی، دوایە هەواڵی کۆکردنەوەی زبڵەکان. هەواڵی ئاورکەوتنەوە دەکەوێتە پێش هەواڵی مردنی منداڵان، چوونکە تازەترە. بەڵام بەرپرسی بەرنامە نایەوێ بیهێنێتە پلەی سەرەوەترهەتا ڕاستییەکان زیاتر دەردەکەون. گروپی (ENG) خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە و هەر کە ئامادە بوو وێنەکانی دەنێرێ.

ئێستا تەوژمی کەم بوونی کات بۆ بەرنامەکە هەست پێدەکرێ. فیلمی کۆنفرانسی قاهێرە پێشتر لا درا. تەنانەت کورتە هەواڵەکەشی ڕەنگە لاببرێ. هەواڵی مردنی ئاکتەرەکەش دەبێ وەلانرێ. ریز و تەرتیبی هەواڵەکان بە بەشی فیلم و ڤیدییۆ ڕادەگەیەنرێ هەتا شریتەکان بە تەرتیبی تازە بەدووی یەکدا دابنرێن. سەرنووسەری دووەم چاوێک

دەخشێنی بە سەردێری هەواڵەکاندا کە لەلایەن بێژەرەوە نووسراوەتەوە. هێندێ دەستکاری دەکا و دەینێرێ بۆ تایپ. ئەم سەردێرانە بە دەنگی بێژەر تۆمار دەکرێ هەتا لەگەڵ ئەو کورتە وێنەکانەی کە لە سەرتای بەرنامەی هەواڵەکاندا، پیشان دەدرێن، رێک بخرێ. دەرهێنەری هەواڵەکانی کاتژمێری ١٠ی شەو یارمەتی دەدا وئەم ئەرکە بە ئەستۆ دەگرێ، هەتا دەرهێنەری هەواڵەکانی ٥/٤٥ بتوانێ بەکارەکانیدا رابگا.

لە ستۆدیۆدا کارتی کامێرا و پێداویستییەکانی هەواڵی ٥/٤٥ بڵاو دەکرێتەوە بە کەسەکاندا، لە ژووری فەرماندا دەرهێنەر و یاریدەدەرەکەی لە پێش مۆنیتۆرەکان دانیشتوون. لە رێگای مایکرۆفۆنی نێوخۆییەوە ئامادە بوونی فیلمەکان بەتاقی دەکرێتەوە. هەموو سەرچاوە تەسوییرییەکان ئامادەن. بەڵام فیلمی ئاورکەوتنەوەکە و کۆنفرانس هێشا مونتاژیان تەواو نەبووە. رێک و پێکی بە خێرایی جێگای سەرلێشاوی دەگرێتەوە. هەموو لە تەکنیککارەوە هەتا گرووپی کامێرا و ستۆدیۆ، دەزانن چ پێویستە. دوو بەرنامەی هەواڵ هیچکات وەکوو یەک نین. بەڵام هەموویان لە چەند خاڵی سەرەکییدا وەک یەکن. بێژەر روو لە کامێرا دادەنیشێ، فیلم و ڤیدیۆ و تەسویرەکانی دەرەوەی ستۆدیۆ و... زۆربەی شێوەکان نزیک بە یەکن. دەستپێکردن و کۆتایی بەرنامە. وێنەی ناوەنجی بێژەر و نووسینی نێوی کەسەکان بە ئەندازەی ستاندارد لە بەشی ژێرەوەی شاشەکەدا.




پرۆڤە دەریدەخا کە کەمتر لە ٩٠ چرکە کات بۆ راپۆرتی دادگا و ئاگر کەوتنەوە دەمێنێتەوە. بەرپرسی بەرنامە بە سەرنووسەری دووەم و بەرپرسی وێنە رادەگەیەنێ و پێشنیار دەکا کە ٥٠ چرکە بدرێ بە دادگا و ٣٠ چرکە بۆ ئاورکەوتنەوەکە. ئەم گۆڕانکارییانە لە ئاخر چرکەکاندا دەکرێ. وێنەکانی تاوانبارەکان لە پێش کامێراکان دادەنرێ و ووتەکانی دادوەر بە نووسین لەسەریان تۆمار دەکرێن.

شریتی راپۆرتەهەواڵی مەنچستێر و فیلمی مونتاژکراوی ئاگرکەوتنەوە لە ڤیدیۆی تایبەت دادەنرێ. سەرنووسەری هەواڵ لادانی هەواڵی قاهێرە و مردنی ئاکتەرەکە رادەگەیەنێ. بەڵام هێشتا هیوادارە هەواڵی زیندانی بوونی گۆرانیبێژی پۆپ بەشێوەیەک، لە بەرنامەکەدا جێ بکاتەوە. دەرهێنەریش لادانی ئەو دوو هەواڵە بە بێژەر رادەگەیەنێ و ئەویش لای خۆی گۆڕانەکە جێبەجێ دەکا. ئەوانی دیکەش ئەو شتانەی کە لەم بووارەدا پەیوەندی بەوانەوە هەیە لای خۆیان یادداشت دەکەن.

دەنگی یاریدەدەری بەرهەم لە سیستەمی پەیوەندییەوە بڵاو دەبێتەوە کە دەڵێ "یەک خولەک". هەموو کەرەسەکان بۆ ئاخرجار کۆنترۆڵ دەکرێن. بێژەر دەستێک بە قژەکانیدا دێنێ. یاردیدەدەر رادەگەیێنێ "٣٠ چرکە"

دەرهێنەر دەڵێ:"ماشینی ٢ئامادە!" ئەم ماشینە سەردێڕەکان بڵاو دەکاتەوە. دەبێ دەچرکە پێش دەست پێکردنی بەرنامە وەڕێکەوێ. [ئێستا ئەم ئیشە بە کامپیوتێر دەکرێ]

١٠چرکە ماوە بە دەستپێکردنی بەرنامە. دەرهێنەر دەڵێ: "سەردێڕەکان دەگرین، دوایە کامێرای ١"

لە سەنتەری تلەڤزیۆنی تایمزەوە کە مایلێک لەولاترەوە بێژەری راگەیاندنی بەرنامەکان دەڵێ: "بۆ بیستنی هەواڵەکان دەچینە (INT)..."

"پێنج، چوار، سێ، دوو، یەک..."

سەردێڕەکان وەرگرە. جێبەجێکار دوکمەی ئەو ماشینە دادەگرێ و سەردێڕی هەواڵەکان لە مۆنیتۆری فیناڵەوە دەبیندرێ. پاش چەند چرکە موزیک، سەردێڕەکان بە وێنەو دەنگەوە دەبیندرێ. "دادگایی گەندەڵی... کۆبوونەوەی پارلێمان... دەوڵەت رەنگە ..."

دەرهێنەر: "کامێرای یەک ئامادە!" دەستی بەرپرسی ستۆدیۆ کە دەنگەکە لە هایدفۆنەوە دەبیسێ بەرز دەبێتەوە.

ئاخرین سەردێڕی هەواڵ لە تەواوبووندایە. "ژووری فەرمان بێژەری یەک وەرگرە!" دەستی بەرپرسی ستۆدیۆ بۆ ئاماژە پێکردن دێتە خوارەوە. دوکمەی کامێرای یەک لە لایەن جێبەجێکارەوە دادەگیردرێ.

بێژەر" ئێوارە باش. داوەر هێنری بلانک تاوانبارانی گەندەڵی ..... حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بۆ دەیوید ئاکسفورد بڕییەوە و پێی گوت کە ئەتۆ سەردەستەی ئەمانە بووی. لەگەڵ ئەم هەواڵە وێنەی تاوانبارەکان نیشان دەدرێ. لەگەڵ ئاخر ووشەکاندا دەزگای پیشاندانی وێنە رادەگیرێ.

چراسووری تلێفوونی سەرنووسەری هەواڵ هەڵدەبێ. سەرنووسەری دووەمە کە دەڵێ گرووپی ناردراو بۆ جێگای ئاورکەوتنەوەکە ئامادەیە تەسویرەکانی خۆی بنێرێ کە لەگەڵ بەرپرسی ئاورکوژاندنەوەدا چاوپێکەوتنیان کردووە و تۆماریان کردووە کە دەڵێ: ئیمکانی کاری ترۆریستی هەیە. سەرنووسەر دەیەوێ بۆ خۆی لە پێشدا بیانبینێ. کاتی هەیە.

بە سەرنووسەری دووەم دەڵێ: ئەگەر بایەخی بڵاوکردنەوەی هەبێ لە کۆتایی هەواڵەکاندا دایدەنین. نیو خولەک جێگا ببینەوە. دەچێتە زووری تۆمارکردن، تەسویرەکان کە لە دەروە دێ خەریکە لەوێ تۆمار دەبێ. ئەو بەشەی کە پەسندی دەکا ٢٠ چرکە دەبێ. چاوپێکەوتنەکە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەواڵی ئاورگرتنەکە تازە و سەرنجڕاکێش بێ، بەڵام زانیاری تازەی تێیدا نییە.  بەرپرسی بەرنامە بڕیار دەدا کە بایەخی فیداکردنی هەواڵێکیتری هەیە. دوواتر هەواڵەکانی کاتژمێر دەی شەو دەتووانێ زیاتر لەسەری بڕوا. لە گەڕانەوە بۆ ژووری فەرماندا نووسراوێکی بەدەستەوەیە و پێشنیار دەکا کە هەواڵی گۆرانیبێژی پۆپ لابرێ، هەتا بتوانن هەواڵی ئاورگرتنەکە بڵاو بکەنەوە.

بەرپرسی هەواڵەکان دەڵێ: هەروا کە خۆت کوتت زۆر بەهێز نییە.

کاتژمێر ٥٩/٤٠ /٥ نووسراوەی کۆتایی بەرنامە دەسووڕێ و پێنج چرکە دواتر لە سەرشاشەی ماڵەکاندا نامێنێ. ئاگادارییەکی رێکلام جێ دەگرێتەوە.

کاتێک هەواڵەکانی ٥/٤٥ تەواو دەبێ، هەواڵەکانی کاتژمێر ١٠ی شەو لە ژووری نووسەراندا خەریکە فۆرم دەگرێ. کاتژمێر ٧ی ئێوارێ کۆبوونەوەیەک، ناوەرۆک و ریزی هەواڵەکان دیاری دەکات. هەواڵی ٥/٤٥ پێشبڕکێ لەگەڵ کاتدا بوو. بەڵام ٣٠ خولەک بەرنامەی هەواڵی ١٠ ی شەو چیرۆکێکی دیکەیە. چۆنیەتی داڕشتنی ئەم

بەرنامە کارێکی زۆرتری دەوێ. تەنانەت ئەو هەواڵە درێژانە کە ٥ خولەک دەکێشێ دەبێ زۆر بە ووردی دارێژرێ.
بەرنامەی شەو دوو بێژەری هەیە و ئەمە بۆ بینەر خۆشترە و لە هەمان کاتدا ئیمکان دەدا بە بینەری دەرەوە لە تەسویر کە پەیامەکانی تازە وەرگرێ و گۆڕانێک ئەگەر پێویست بێ لە ریزی هەواڵەکاندا بدا. جیاوازییەکی دیکە لەم بەرنامەدا، بوونی پەیامنێرانە. تەنیا مەترسی ئەوەیە کە زیادی پەیامنێرەکان ببێتە هۆی کزکردنی دەوری بێژەرەکان. ئەو مەیلەش لەلای پەیامنێران هەیە کە پێیان وایە هەرچی زیاتر خۆ نیشان بدەن سەرکەوتووترن.
سەرنووسەری هەواڵ دەبێ لە دارشتنی بەرنامەدا ئاگای لەم هاوپەراییە هەبێ. ئەو دەبێ ئاگاداربێ کە هەر ووشە و وێنەیەک دەبێ بۆ بینەر سەرنجراکێش بێ. لەو کاتانەدا کە بابەتێک دەبێ بڵاوبکرێتەوە، بەڵام دەزانن کە بینەر ماندوو دەکا، دەبێ بە شێوەیەک لەگەڵ بینەر پەیوەندی دروست بکا. ئەمە یاسایە "بینەر نابێ ماندوو ببێ" دەنا ئیتر بینەری تلەڤزیۆنی تۆ نییە.
بەشی باشی هەواڵەکانی شەو ئەوەیە کە بەشێک لە هەواڵەکان بەر لە ئاگادارییەکان بڵاو دەبێتەوە و هەواڵەکان بە دووای ئاگادارییەکاندا دێ. سەرنووسەر دەبێ هەوڵ بدا تێکەڵاوێک لە ووشە و وێنە ببینێتەوە کە زنجیرەی هەواڵەکان نەپسێ. هەواڵەکانی پێشەیی بەدوو یەکدا، هەواڵەکانی دەرەوە بە پێ پلانێکی جوغرافیایی بگەڕێ. سەرەڕای هەموو ئەمانە، هیچ فرموولێکی دیاریکراو بۆ ئەم ریزکردنە نییە. ئەمە هەر ئەوەندە ژیرانەیە کە تاکەکەسییە.
بەشی دووەمی بەرنامە ئەو هەواڵانە دەگرێتە خۆی کە نەرمترن، هەواڵی کۆمەڵایەتی، ئابووری، وەرزشی، لێکۆڵینەوە و رێپۆرتاژی زنجیرەیی. هەموو کاتێک ئەو مەترسییە هەیە کە بینەر لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکاندا کاناڵی تلەڤزیۆنەکەی بگۆڕێ، بۆیە ناوەرۆکی بەشی دووەم لە کۆتایی بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدەکرێ. هەروەها هەوڵ دەدرێ کە هەواڵی تایبەتی بەشێوەیەک دروست بکرێ کە بینەر بیەوێ وەکوو چیرۆکێک گوێبیستی باقییەکەی بێ.
لەم بەرنامەدا، بۆ نموونە لە پێشدا دەڵێن چاوەڕوانی هاتنی ئاکامی دەنگدانی پارلێمان دەبین. باقییەکەی دێڵنەوە بۆ بەشی دووەم، گەرچی رەنگە هیچ نەقەومێ. هەروەها بەشێک لە هەواڵەکان (وەکوو هەواڵی مردنی منداڵان) بۆ بەشی دووەمە، بەڵام لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدەکرێ کە بینەر بۆی دانیشێ. هەواڵە ئابووری و وەرزشییەکانیش هەر بەم شێوە.
یاسای زێرین هەر ئەوەیە کە دەبێ ناوەخنی خەبەرەکەت لەبەرچاو بێ. بەڵام هەر نووسەری هەواڵێک و هەر بەرئامادەکاێکی تلەڤزیۆنی دەبێ هەوڵ بدا بینەرەکەی لە پای تلەڤزیۆنەکەدا نەبزوێ. جەریمەی شکست هێنان لە سەرنجراکێشانی بینەردا، لەدەستدانی بینەرە. دۆزینەوەی جێگای لەبار بۆ هەواڵی گرینگ، دەبێتە هۆی باوەڕپێکردنی.

**بەرنامەی تلەڤزیۆنی**

**رووداوی هەررۆژە**

بۆ پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی هەرڕۆژی، کەرەسە فەننییەکان وەکوو بەشی هەواڵەکان کار دەکەن، بەڵام شێوەی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنیان جیاوازی هەیە. هەواڵ بەرلەوەی سەرچاوەی ئەم بەرنامانە بێ، کارتێکەری لەسەریان هەیە. بەرهەمهێنەرانی ڕووداوەکانی هەمیشەیی لەباتی ئەوە کە ڕووداوێک پێیان بسەپێندرێ، بۆ خۆیان بابەتی بەرنامەکە هەڵدەبژێرن. هەموو کارەکان بەدەست بەرهەمهێنەرە. ئەو لەگەڵ گروپێکی بەرهەمهێنان دایە کە هەموو کاتێک پێکەوە کاردەکەن. تەکنیک کارەکان بە شێوەی کاتی دێن و لەگەڵیان دەبن. گروپێکی بەرهەمهێنان کە جار وایە چەند کەس زیاتر نییە و جاری واش هەیە لە بەرنامە گەورەکاندا هەتا ٦٠ کەس تێیدا بەشدارن، کار دەکا.
هێندی لە بەرنامەکان پەیوەندییان بە گۆڤاری هەواڵەکانی ڕۆژەوە هەیە. وەکوو بەرنامەی "لە سەرانسەری وڵاتدا" (بی بی سی) باقی بەرنامەکان حەفتەی جارێکن وەکوو "پانۆراما"ی (بی بی سی) و دنیا لە گۆڕاندای (گرانادا)، یان چاوی تلەڤزیۆنی (تایمز). ئەمانە بابەتە هەڵبژێراوەکان بە شێوەیەکی قووڵ دەپشکنێن و لێکیان دەدەنەوە. هێندێ بەرنامەش هەن کە تایبەتن بە بووارێک وەکوو زانستی، تەکنیک یان پیشە و بازرگانی و..هتد. گەرچی ئەمانە هەموو لە سەنتەرێکدان، بەڵام هەرکام هەوڵ دەدەن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. جار وایە پێشبڕکێ بۆ باشتر بوون، لەنێو کاناڵێکدا زیاترە لە پێشبڕکێ لە نێوان کاناڵەکاندا.
بنەمای بەرنامەیەکی ڕووداوی هەمیشەیی لێکۆڵینەوەیە. ڕەنگە بیرۆکە و شێوە لە لایەن سەرەوە بێت، بەڵام بنەڕەتی کار لە کردەوەکانی ئەوانە دایە کە بەدووی ڕاستییەکاندا دەگەڕێن و پەیوەندییەکان دروست دەکەن. کاتێک کە کۆبوونەوەی بەرهەمهێنانی بەرنامە لەسەر بابەتەکە بڕیاری دا، پەیامنێرێک و نووسەرێک و جاروباشە پشکێنەرێک کارەکە بەئەستۆ دەگرن کە بە یارمەتی دەرهێنەر پەرەی پێی بدەن. بینووسنەوە و بەرنامەی بۆ داڕێژن. ئەم کەسانە وەکوو گروپ پێکەوە کار دەکەن و هەر لە تێکستەوە هەتا پەخش لەگەڵ کارەکەن. ڕەنگە برکە ڕۆژنامەیەک یان نووسراوەی گۆڤارێک، ڕاپۆرتێکی ئیداری، یان بیرێکی بەتەواوی تازە، خاڵی دەستپێکردن بێ. ئەوە پشکێنەرەکانن کە بیری لیی دەکەنەوە کە چۆن ئەم بابەتە بکەنە بەرنامەیەکی شیاو، چەند لایەنە و قووڵ بۆ تلەڤزیۆن. ئارشیوی ڕۆژنامەکان لە کتێبخانە، نووسراوەکانی پەیوەندییەکانی گشتی و تەنانەت فەرهەنگیش دەتوانێ یارمەتیدەر بێ.
بەڵام هیچ شتێک جێگای هەوڵدانی بەردەوامی خودی ئەو کەسانە، لە گەڕان و دیتن و دیتنەوەی لایەنەکانی بابەتەکە، ناگرێتەوە. بەرنامەیەکی درێژی هەواڵ دەبێ هەواڵەکە لە ڕاستییەکانی بەردەست بەولاوەتر ەوە ببات.
کاتێک لە هەواڵەکاندا هەموو ڕووداوەکە گێردراوەتەوە، بەرنامەیەکیتر تەنیا بۆ ئەوەیە کە بزانێ ئەو ڕووداوە بۆ وابووە، چۆن و چ کەسانێک دەستیان تێیدا هەبووە. تێکستی هەواڵ ئەوپەڕی دوو خولەک دەبا، بەڵام بەرنامەیەکی لێکۆڵینەوە دەبێ پێشەکی، ناوەند و کۆتایی هەبێ و بتوانێ بینەر بۆ دە خولەک یان زیاتر ڕابگرێ. بۆ نموونە هەواڵ ئاماژە بە ژمارەی بێکاران دەدا. بەرنامەی ڕووداوی هەمیشەیی کەسێکی بێکار پەیدا دەکا و لەگەڵ خۆی و بنەماڵەکەیدا، چاوپێکەوتن دەکا و چیرۆکی ژیانیان باس دەکا. بەرنامەی هەواڵ باسی دانانی وەزیری تازەی نێوخۆ دەکا. بەرنامەی حەفتە، زیندانەکان و پۆلیس و پەنابەران و باقی کێشە و گرفتەکانی ئەو وەزارەتە دەخاتە بەرباس. یان چاوپێکەوتنێکی تێر و تەسەل لەگەڵ وەزیر دەکا کە کەسایەتی و بیروبۆچوونی ئەو سەبارەت بە بەرنامەی وەراەتە تازەکەی بە خەڵک بناسێنێ. بەرنامەیەکی وەها بە هاسانی دروست ناکرێ. بەڵکوو پشکنینی لەسەر کراوە، باس و لێکۆڵینەوە کراوە و داڕێژراوە. تەنانەت چاوپێکەوتنێکی ئاسایی کە ڕۆژنامەنووسان لە کەسێکی ناسراو

پرسیار دەکەن، بە ڕواڵەت زۆر ساکار دێتە بەرچاو، بەڵام کۆمەڵێک پشکنین بۆ دەرهێنانی و پرسیاری دروستکردن و پێش و پاش کردنیانی لە پشتە. لەسەر کورسی دانیشتن و قسەکردن بەهاسانی پێک نایێ. زیاتر لە نووسین وبڵاوکردنەوەی ووتارێک کار دەبا.

**گرفتەکانی بەرنامەی دێکومێنت**

بەگریمان بەهێزترین رۆژنامەوانی تلەڤزیۆن لە فیلمدا خۆی دەنوێنێ. ئەو فیلمانە کە لەژێر نێوی دێکومێنتدا ریز دەکرێن. کێشە لەوەدایە کە کەس بەتەواوی نازانێ ووشەی دێکومێنت چی دەگرێتەوە. هەموو پێیان وایە دەزانن، بەڵام کاتێک زەختیان لێ بکەی، لە باشترین هەلدا دەڵێن " دارشتنی هونەری راستەقینە" ئەمە یانێ هەموو شتێک و هەر لەوکاتەدا هیچ شتێک. باشترین کار ئەوەیە کە بڵێن فیلمی دێکومێنت فیلمی داستانی نییە. گەرچی فیلمی داستانی دێکومێنت و دێکومێنتی داستانیش هەیە.
راستییەکەی ئەوەیە ئەگەر فیلمی دێکومێنت ئاوەڵناوی وەک "کۆمەڵایەتی"، "پیشەیی"، "شاعێرانە"، یا "رێپۆرتاژ" لەگەڵ نەبێ، بایەخ پەیدا ناکا و بێ مانایە. تەنانەت ئەوکاتیش ئاڵۆزە و دەتووانێ ببێتە فریودان. نەک بمانەوێ بڵێین دێکومێنت سازەکان فریوکارن، نە، ئەوان لە باشترینەکانن، بەڵام ئەوە چوارچێوەکەیە کە لەبەر کێشەکانی دەرونی خۆی ناتەواوە. ئامانج نیشاندانی راستەقینەکان بە ئێمەیە، بەڵام ئەوە کە دەیبینین بەبێ ئەملاوئەولا وەهمە.
دێکومێنت دەبێ زەمینەی بۆ ساز بکرێ و دووبارەسازی بۆ بکرێ. دەبێ هێندێ شت زیاد و کەم بکەین. دەبێ کات کورت بکرێتەوە. هەوای بابەتەکە بەستراوە و کراوە بێتەوە. رووداوەکە شێوەیەک بگرێ کە تایبەت بێ. کامێرا لێرە و لەوێ بێ. نابێ بوونی هەست پێ بکرێ. بەڵام فیلمساز دەیەوێ هەموو ئەمانە لە بینەر بشارێتەوە. کەسێک گلە لەوە ناکا کە فیلمێکی خەیاڵی ببینێ. هەموو هونەرمەندەکان بروانامەی هونەری وەردەگرن کە خەیاڵ دروست بکەن، دێکومێنت ساز هەموو ئەو زانستە بەکار دێنێ کە بەرهەمەکەی لەباتی راستەقینە بنوێنێ. هێندێ لە وێنەکان رەنگە بە ئەندازەی فیلمێکی هەواڵ راست بن. بەڵام زۆرجار دووپاتە کراوەتەوە و بینەر هیچ کەرەسەیەکی نییە بەراوردی راست و درۆ بکا. ئەو لەبەر هونەری فیلمسازی و ووشەی "دێکومێنت" ناچار باوەڕی پێ دەکا.
دێر یان زوو، هەر دەرهێنەرێکی دێکومێنت ئەم کۆسپە رێ پێ دەگرێ. ئەو دەبێ کەسەکان رێبەری بکا کە دەور بگێرن، هێندێ جووڵانەوەی دەستنیشانکراو بکەن. لێرەوە بچنە ئەوێ و بگەڕێنەوە و ئاگایان لێ بێ بەرەو کامێرا نەڕوانن. "سینەما وریتە" [سینەمایەکی دێکومێنت کە لە فەرانسە هاتە کایەوە و ئەم بەربەستانەی وەلانا. تیوری دانەری ئەم شێوەیە "ژان روش" بوو. شتێک وەکوو دوگما ۹۵ لە دانیمارک بۆ فیلمی دراما] دەیەویست تا رادەیەک لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بەرەوڕوو بێ، بوونی کامێرای لە رێگای چۆنیەتی بەکارهێنانییەوە قوبوڵ بوو. ئەگەر وەکوو چاوی ئاسایی بەکار بێت. بیری لە ئەندازەی وێنە و جووڵانەوەی کامێرا و رووناکی نەدەکردەوە. بەڵام کاتێک دەورانی تازەبوونەکەی بەسەرچوو، سادەیی و نەپوختی ئەم بیرۆکە خۆی نواند و نەیتوانی بگاتە جێگایەک و لەبیر چۆوە. وێنەیەکی تاریک و پر خەوش و لەرزۆک هەر ئایدیایەکی لەگەڵ بێ، بایەخی نییە.

لەگەڵ ئەمەشدا سینەما وریتە، بەرهەمێکی لاوەکی باشی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە فیلمسازە لەبنبەستدا گیرکردووەکانی هان دا کە زۆر خۆیان ماندووی یاسا و چەند و چۆن و کەرەسەی پێشەیی نەکەن و بۆ بەشداری کردن لە رووداوەکاندا کامێراکانیان هەڵگرن. ئەمە یەکەمجار نییە ئایدیایەکی هەڵە، ئاکامێکی ژیرانەی دەبێ.
تەنیا رێگا چارە ووردبوون لە بیرکردنەوەدایە کە ژێربینای فیلمەکانە و دانانی نێوی دروست. دەبێ ووشەی دێکومێنت بەردەین و فیلمەکانمان نێوزەدی پرماناتری بۆ ببینینەوە. "فیلم-راستەقینە"ی وا هەیە کە لەوێ کامێرا بە بێ کۆنترۆل رووداوێک چاو لێ دەکا. وەکوو فیلمی هەواڵ کە رووداوەکە گرینگترە لە بوونی کامێرا. فیلم- رێپۆرتاژ هەیە کە دوربین تەنیا لەبەر ئەوە خەڵک لەگەڵی دەدوێن هەست پێ دەکرێ. فیلم- ووتار هەیە کە بابەتێکی ئینسانی لە روانگەیەکی تایبەتییەوە چاو لێ دەکا. فیلم- کەسایەتی، کە روانگەی زەینی کەسێک دەخاتە روو. فیلمی زانیاری فیلمی زانستی، فیلمی داستانی.
کاتێک بەم فیلمانە نێوی دروستی خۆیان بدرێ، بابەتەکانیان لەگەڵ نێوەکەیان دێتەوە. ئێمە ئەم جیاوازییانە بە ووشە دیاری دەکەین و لە ئاکامدا هیچ کەس هەواڵی مردوو لەباتی مێژوو وەرناگرێ، تەنیا بەو بیانووە کە ئەمەش راستییە.



ئەم باسە دەکرێ جیا لە پرسیاری سەبارەت بە راستگۆیی و پەیوەندی لەگەڵ بینەر و .. درێژە بدەین. ئەم باسەمان بۆ ئەوە هێنایە پێشەوە کە بیر بکەینەوە فیلمەکان چۆن ساز دەبن و ج کەسێک سازیان دەکەن. ئەمانە هەموو هەوڵدانی بەکۆمەڵە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئاکامی شیاوی هەبێ، دەبێ یەک کەس رێکخەر و چاودێر هەبێ. لە فیلم- راستییەکاندا ئەو کەسە وێنەگرەکەیە. بابەت و جێگا و رووداو دیارە. ئەو ئەرکی ئەوەیە لە کاتی رووداندا تۆماری بکا. لە فیلم رێپۆرتاژدا ئەوە پەیامنێرەکەیە کە کەسی سەرەکییە. چیرۆکێک دەگێرێتەوە و رێکی دەخا. وێنەگر و دەرهێنەر ئەو چیرۆکە بە وێنە دەگێرنەوە. لە فیلم- ووتاردا، لەوێ کە وێنە و رووداو چیرۆکن دەرهێنەر کەسی ناوەندییە. لە فیلمە زانیارییەکاندا زۆرتر نووسەرە کە زاڵە بەسەر چۆنیەتییەکەدا. هیچ کام لەم جیاوازییانە بەتەواوی دیاریکراو نین. هەر فیلم یان هەر بەرنامەیەک لە لایەن گروپێکەوە دروست دەکرێ، بەڵام دانانی کەسی شیاو بۆ کاری شیاو گرینگە. رەنگە فیلمێک کە وێنەگرێکی هەواڵ گرتبێتی، یان دەرهێنەرێکی زیرەک یان پەیامنێرێکی بە ئەزموون، بەڵام لە کاتی بەکار هێناندا هەڵای لەسەردرست بێ.

ئەمانە ئەو شتانەن کە کاردەکەنە سەر رۆژنامەگەری تلەڤزیۆن. رۆژنامەگەری بۆ رۆژنامە کارێکی تاکەکەسییە. نووسینیش کارێکی تاکەکەسییە. هاوماڵی ئەوانە لە تلەڤزیۆن کاری گروپییە کە بەتاکە کەسی مانای نییە. ئەوانەی کە زانابیان لە شتێکدا هەیە، دەبێ لە شتەکانی دیکەش سەردەربێنن، هەتا بتوانن تەواوکەری یەکتر بن.

**نووسین بۆ تلەڤزیۆن**

تەنانەت لە دنیای تەسویر و ئازمونیشدا، هێشتا ووشە خاڵی دەستپێکی هەر شتێکە کە لە فیلم یان تلەڤزیۆندا پیشان دەدرێ. نەتەنیا ئەو ووشانەی کە لە سەناریۆ یان لە بەرنامەیەکدا بەکار دەبرێ، بەڵکوو ئەوانەش کە لە پەتوەندی نێوان گروپی بەرهەمهێنەردا بەکار دەبرێ. بۆ پێشکەش کردنی بیرۆکەیەک، باسی رووداوێک و گێرانەوەی نوکتەیەک، دەبێ ووشە بەکار بەرین. زۆر لە بەرنامە باشەکان بە ڕستەیەکی نووسراوە دەست پێدەکا.

**لە بیرۆکەوە بۆ تەسویرنامە**

بۆ دروست کردنی فیلمی دێکومێنت یان بەرنامەی تلەڤزیۆنی، یەکەم هەنگاو، دووای باس لەسەر بیرۆکەی سەرەتایی، نووسینی کورتەی چیرۆکەکەیە. لە یەک یان دوو لاپەڕەدا رووداوەکان و دیمەنە بنەڕەتییەکان دەنووسینەوە. رێکخستنی سەرەتایی بەرنامەکە، سەرەتا، ناوەند و کۆتایی تێیدا دیاری دەکەین. رەنگە هێندێ لە رستەکان دووایە بەکار نەهێنرێ، بەڵام گرینگە هەبن. دروست کردنی بەرنامەیەکی تلەڤزیۆنی کەسانێکی زۆر لەخۆ دەگرێ، ئەوانە دەبێ بتوانن وەکوو گروپێکی یەکدەست کار بکەن، بۆیە دەبێ ئامانجێکی هاوبەشیان هەبێ. ئەو کورتە چیرۆکە یارمەتی ئەم ئامانجە دەدا. گەرچی رەنگە گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا بێ بەڵام هەرشتێک هاتە سەر کاغەز لە زەینەوە دێتە کردەوە و زیاتر لە ووتە بەجددی دەگیرێ. نووسەر یان بەرهەمهێنەری ژێر کاتی زۆر بۆ رێکخستنی چیرۆک دادەنێ.

کاتێک کورتەی چیرۆکەکە پەسند کرا. پێشنووسی تەسویرنامە و دواتر تەسویرنامەی تەواو دەنووسرێتەوە. ئەم نووسراوە یارمەتی دەرهێنەر دەدا کە دیکوپاژ (تەسویرنامە بۆ کامێرا) ئامادە بکا. بۆ بەرنامەیەک لە ستۆدیۆدا ئەم نووسراوە دوو ستوونە. لە لای راستەوە کارەکانی کامێرا دەنووسرێ و لە لای چەپەوە ئەو ووتار و کردەوانەی کە لە وێنەکەدا روو دەدا. لە ناوەنددا سەبارەت بە موزیک و دەنگ و تێبینی تەکنیکی دەنووسرێ. ئەم دیکوپاژە دەستورنامەی هەموو کارەکانە و هەر گۆڕانکارییەکی چووک لە بەشێکدا، دەبێتە هۆی تێکچوونی بەشەکانیتر و سەرلێشێواوی دروست دەبێ. بۆیە دەرهێنەر دەبێ زۆر بیری لێی بکاتەوە و بەرلەوە قۆناخەکانی بەرهەمهێنان دەست پێ بکا، ئەم دێکوپاژە ئامادە کرابێ.

**ووتار**

بۆ کەسانێک کە ئازمونی کاری تلەڤزیۆنییان نییە، ووتار بۆ تەسویر تێکستێکی ووشک و رەقە. ئێمە لەگەڵ رێکەوتنەکانی لاپەڕە ئەدەبییەکاندا راهاتووین و لەبیرمان چووەتەوە کە ئەوانیش چەندە دەستکردن. نووسەری شتە چاپییەکان تەنیا کاغەز و جەوهەر و ووشەیان هەیە کە هەست و نەستی خۆیانی پێی بڵێن. بەڵام لە تلەڤزیۆندا. ووشەکان تەنیا بەشێک لە هەستیان لە ئەستۆیە؛ باقییەکەی بەهۆی چۆنیەتی ووتن، هەستدان بە روخسار، موزیک، وێنە، فیلم یان تەنانەت کورتە بێدەنگی، دەگوترێتەوە. نووسەری تلەڤزیۆنی دەبێ هەموو ئەمانە لە زەینی خۆیدا تەسویر بکا، هەموو شتێک ببینێ، دەنا ووشەکانی بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی پڕ تەکلیف و درێژدادڕ دەبن. ئەو دەبێ فێر بێ کە بەرنامەکەی بە شێوەی کردەوە و دژ کردەوە، پەرداخت و بەرین کردنەوەی درامایی ببینێ. نەک بە شێوەی نووسراوەیی. ئەو دەبێ بە گوێی دەروونی خۆی ببیسێ، کە ئەگەر ئەم ووتارە لەو دیمەنەدا گوترا چۆن دەبێ.

گوتنەوە و پێداهەڵگوتنی ئەو شتە کە دەبیندرێ – هەرچەندە بە تێکستێکی رازاوە و ئەدەبی بێ- هەڵەیەکی گەورەیە. هەوڵ بدەن سادە و لەسەرەخۆ بڵێنەوە. زۆر ووشە هەیە بۆ نووسین دەبێ، بەڵام بۆ گوتن نابێ. ئەوانە ئەدەبین، بەڵام تلەڤزیۆن دەزگایەکی راگەیاندنی ئەدەبی نییە. تەنانەت لە بەرنامە ئەدەبییەکاندا، ئەگەر شتێک لە سەرچاوەیەکی ئەدەبی دەخوێنینەوە، خۆمان لە ناوبەینەکاندا نابێ ئەو زبانە بەکار بەرین.

پێویستە نووسین بۆ تلەڤزیۆن سادە و خەڵکی بێ. گەرچی ژمارەی بینەران بە ملیۆنان بگا، بەڵام لە هەر شوێنێک، کەسانێکی کەم کاناڵێک تەواشا دەکەن. نابێ ئەوانە وەکوو کۆبوونەوەیەکی جەماوەر لەگەڵیان بەرەوڕوو ببینەوە. هیچ کاتێک نابێ ووتار بە شێوەی نووسراوە بخوێنرێتەوە. بەڵکوو بەشێوەیەک بێ کە لەکاتی ئاساییدا قسە دەکەین. هەر لەوکاتەدا دەبێ ووشەکان زۆر بە ووردی هەڵبژێردرا بن و بەشێوەیەک رێکخرابن کە ئاسوودە و خۆبەخۆ بگەنە گوێ. هەروەها بە چەشنێک دارێژرابن کە لەگەڵ ناوەرۆک و کەسەکە بگونجێ. بەتایبەت ئەوکاتە کە بێژەرەکە دەبیندرێ. نووسەر دەبێ ئاهەنگی موزیک و تەسویرەکەی لەبەرچاو بێ. زۆرجار رستەی پڕ ئاواز وسەرنجڕاکێش هەڵەیە. سادەیی و روون بوون کەمتر گرفت دروست دەکا. لە تلەڤزیۆندا ووشەکان بەشێک لە پەیوەندییەکە دروست دەکەن و جار وایە هیچ پێویستیمان پێیان نییە. رەنگە کەمترین تایبەتی بۆ ووتارنووسێک ئەوەبێ کە بزانێ چ کاتێک نابێ هیچ بڵێ.

**تەسویر نامە بۆ فیلمی دێکومێنت**

روانینی نووسەر بۆ تەسویرنامەی تلەڤزیۆنی بە پێی جۆری بەرنامە جیاوازە. لە فیلمی دێکومێنتدا، ئەو بە کۆمەڵێک ماددەی توێژینەوە کە خۆی یان کەسانی دیکە کۆیان کردوەتەوە، دەست پێ دەکا. کورتە چیرۆکەکەش کە پێشتر لەگەڵ بەرهەمهێنەر لەسەری پێک هاتوون، لەبەرچاو دەگرێ. ئەو دەبێ تەسویرەکان بەیارمەتی ووشە بکاتە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش بۆ بینەران.

لەگەڵ ئەوەدا کە زۆرجار بینەران دەڵێن کە دەیانەوی"دێکومێنتێکی باش" ببینن، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە دێکومێنت وەکوو بەرنامەیەکی لاوەکی دەژمێردرێ. تەنانەت ئەگەر تەنیا یەک فیلم بۆ پیشان دان هەبێ، کەم کەس

هەیە پارە بدا بچێ فیلمێکی دێکومێنت لە سینەمادا ببینێ. بینەرانی تلەڤزیۆنیش ئەگەر دێکومێنت لە ناوبەینی بەرنامەکانی شەودا بێ بە ڕێکەوت هەڵدەکەوێ کە سەرنجیان ڕاکێشێ و ماندوویان نەکا ، دەنا کاناڵێکی دیکە هەڵدەبژێرن. دێکومێنتی تلەڤزیۆنی دەبێ لە چرکەکانی سەرەتادا بینەر ڕاکێشی و لەودواش بۆ ڕاگرتنی شەڕ بکا. یاسای زێڕین ئەمەیە: بە ڕووداو و خەڵک دەست پێ بکە! دوایە بینەر لە چاوەڕوانیدا ڕاگرە. بۆ نموونە ئەگەر دێکومێنت سەبارەت بە فڕۆکەخانەیە، بە وێنەی بڵاوی نیشتنەوەی فڕۆکە دەست پێ مەکەن. بە فڕۆکەوانەکە دەست پێ بکەن کە فڕۆکەکەی بۆ نیشتنەوە ئامادە دەکا. بینەر ببەنە نێو کابینی فڕۆکەوانەکە، بۆرجی کۆنترۆڵ، یان نێو مسافرەکانی فڕۆکەکە. کە گوێ بداتە قسەی مسافرەکان و باندی فڕۆکەخانەکە کە نزیک دەبێتەوە، ببینێ. ئەوکاتە کە تەگەری فڕۆکەکە لە زەوی دەدا، وێنەی دووری نیشتنەوەی فڕۆکەکە نیشان بدەن و ووتار دەست پێ بکەن. "لە فڕۆکەخانەی (X)دا هەموو ڕۆژێک دوو سەد فڕۆکە دەنیشێتەوە."

پێویست نییە ڕووداوێکی گەورە بێ. منداڵێک کە لە پشت پەرژینێکەوە دەڕوانێ، کچێک کە لە پلیکانەوە دێتە خوارێ، دەتوانێ سەرەتای باسێک بێ. ئەمانە شتێک بە بینەر دەدەن، یان کەسێکی پێی نیشان دەدەن و هەڵی دەخڕێنن کە درێژە بە بینینەکەی بدا. هەموو شتێک پەیوەندی بە چۆنیەتی گێڕانەوەکەوە هەیە. کرانەوەی بەش بە بەشی چیرۆک و زەمینە سازکردن بەرەو لووتکە. دەبێ دایم ڕاستییەکی تازە، ڕوانگەیەکی نوێ و دیمەنی نەدیتراو هەبێ کە شتێک لەوەی پێشوو زیاد دەکا و چیرۆکەکە بەرەوپێش ببا. ئەگەر ناوبڕ لەبەرنامەکەدا هەیە، کۆتایی بەشی یەکەم دەبێ بە چاوەڕوانییەک تەواو بێ کە بینەر بۆی بگەڕێتەوە. نووسەر کە لە بیری نووسینەکەیدا نوقم دەبێ، زۆر جار مەیلی وایە کە نووسینەکەی پڕ بکا لە زانیاری. ئەو دەبێ لەبیری بێ کە بینەر لە ڕێگای چاو و گوێیەوە بۆمباردمانی زانیاری دەکرێ و بۆ ئەوەی بە بێ گێژ بوون و سەرنج لەدەست دان تەواشا کردنەکەی درێژە بدا، تووانابیەکی سنوورداری هەیە و ناکرێ زەختی لێی بکەی.

ڕەنگە ئەو شتانەی کە دامان ناوە لە ووتاردا بگوترێ لە چاوپێکەوتنەکاندا لەلایەن کەسانێکەوە بگوترێ. ڕەنگە ئەوان هەموو چیرۆکەکە بگێڕنەوە. توسویرنامە تەنیا دەنگەکان و ووتەکانی ئەوان ڕێک دەخا و پێویستی بە ووتار نییە. ئەم شێوە بەشێکی زۆر لە کاری بەهەمهێنەر و دەرهێنەر و نووسەر کەم دەکاتەوە. بۆیە زۆر جارنووسەرانی دێکومێنت بۆ خۆیان هەموو ئەم کارانە دەکەن. یان دەرهێنەر بۆ خۆی ئەرکی نووسینەکە بە ئەستۆ دەگرێ.

**نووسەرانی دێکومێنت**

ئاخرین کار لە فیلمی دێکومێنتدا نووسینی ووتارە. ئەمە لێزانینێکی تایبەتییە کە دەبێ ئازموونێکی زۆری لە پشت بێ. فەننی کارەکە ئەوەیە کە بهێڵی هەتا دەکرێ فیلمەکە بۆ خۆی شتەکان بڵێ. لە ووتار تەنیا بۆ تەواوکردنی تەسویرەکان و دەنگەکان کەڵک وەرگرن. ئەگەر ووتار نیوەی فیلمێکی دێکومێنت پڕ بکاتەوە ئەوە ئەو فیلمە گرفتێکی گەورەی هەیە. کات ناوەخنی هەموو شتێکە. ووشە و وێنە دەبێ لە چەند دیەم چرکەدا کار بکەنە سەر یەکتر. بۆیە ڕێکخستنێکی زۆر وورد لە ڕستەکاندا پێویستە. ئەو شتەی کە دیاریکەری هەموویانە، کاتی دیمەنەکەیە. سێ ووشە یەک چرکە دەگرێ. کەم یان زیاد بارکردن لەو ماوەیە ناکۆکی پێکدێنێ. لەپێشدا زانینی ئەو کارتێکەرییە کە ووتار هەیەتی، هەوڵدانێکی بێهودەیە. فیلم ئاهەنگ و لوژیکی خۆی هەیە. جار لە ووشەکان توندتر و جار

کورتترە. ووتار دەبێ بەپێ وێنە بڕوا. مونتاژ کردنەوە بە پێ ووتار، دەکرێ، بەڵام بەکردەوە نەشیاوە و بە شێوەی سروشتی ئەوە تەسویرە کە زاڵ دەبێ.

نووسەری ووتار بە پێی کاتی فیلمەکە دووای تەواوبوونی مونتاژ کار دەکا. یەکێک لە کەڵکەکانی لیستەی مونتاژ یارمەتیدان بە نووسەری ووتارە. ئەم لیستە بە پێ سەلیقە و شوێن بە جۆری جیاواز دەنووسرێتەوە، بەڵام بەگشتی ئاوایە کە لەلایەک وێنەکە و لەلایەکیتر کاتەکەی دەنووسرێ.

بۆ نموونە:

| دیمەن | کاتی گشتی | کاتی هەر وێنە | ووتار |
|---|---|---|---|
| وێنەی دووری گۆلی دووکان: | ١٥چرکە | ١٥چرکە | ١٠ |
| دیمەنی خەڵک کە مەلە دەکەن | ٢٠ " | ٥ " | ١٨ |
| وێنەی دووری بەلەمێک کە نزیک دەبێتەوە | ٢٠ " | ٢٠ | ١٥ |
| دیمەنی منداڵان کە بە قوڕ کایە دەکەن | ٢٥ " | ٤چرکە | - |

و.... هتد

سەرنجی کاتی ووتار و کاتی وێنەکان بدەن. دەبینن کە مەودا دانراوە کە بینەر هەست بداتە وێنەکان و گوێ پڕ لە ووشە نەبێ.

دیارە زۆر دژوارە تێکستێکی شیاو بۆ ئەم دیمەنانە ببیندرێتەوە، مەبەست ئەوەیە کە نووسەر بزانێ چەندی کات هەیە و دەبێ چ رستەیەک لەکوێ دابنێ. ( دەکرێ باسی وشکە ساڵی بکرێ  و کەمی ئاو– نابێ ووتارەکە پەیوەندی راستەوخۆی بە وێنەکەوە هەبێ. - و ئەمانە تەسویری ناوەڕاست یان سەرەتا بن.)

تەنیا شێوەی نووسین بۆ فیلم ژماردنی ووشەکان و لەبەرچاوگرتنی کاتی وێنەکانە. زۆر جار بۆ هاوتەریبکردنی ووشەیەک لەگەڵ وێنەیەکی تایبەتیدا (لە دێکومێنتە زانستییەکاندا) چەند جار رستەکە دەنووسرێتەوە و کورت و درێژی و چۆنیەتی خوێندنەوەی بەتاقی دەکرێتەوە. رستەیەک لادەبرێ یان زیاد دەکرێ.

هیندێ کورتە رستەی وەکوو: "هەروا کە دەبینن" ، "ئەمە یانێ"، "لەم وێنەدا"، "ئێستا بۆمان دەردەکەوێ" لە ووتاری فیلمدا پیویستی پەیدا ناکا. ئەگەر گوتمان لە نێو بەشداراندا "کاک ئاسۆ" هەبوو، بەڵام یەک دوو چرکەی دوواتر کاک ئاسۆ نیشان بدەین ئەوە سەرمان لەبینەر شێواندووە. دەبی ووشە و تەسویر لەوێ یەک بگرنەوە. جاری وا هەیە دەمانەوێ بە هاوتریبکردنی وێنە و تەسویر کۆنتراست دروست بکەین، ئەوە دەبێ بزانین چ ووشەیەک لەگەڵ چ تەسویرێک چ مانایەک دەدا. بەڵام دەبێ لەبیرمان بێ ووشە نابێ ئەوەندە بەهێز بێ کە سەروەری وێنە لەدەست بچێ.

**نووسین بۆ راپۆرتە هەواڵ**

نووسین بۆ راپۆرتەهەواڵیش هەر بەو تەرتیبەیە کە باس کرا، بەڵام تایبەتی و گیروگرفتی خۆی هەیە. سەناریۆ لەپێشدا نەنووسراوە و فیلمەکە بە پەلە وەرگیراوە و بەپەلە مونتاژ کراوە و تەنیا بەشێک لەو شتە کە دەبێ بگوترێ نیشان دەدا. نووسەر دەبێ زۆر کارەکەی بە ووردی بکا و ئەمەش ئازموونێکی زۆری دەوێ. ئەو فیلمە

مونتاژنەکراوەکە دەبینێ وێنەکان دەستنیشان دەکا. دوواتریش لەگەڵ مونتۆرەکە دادەنیشێ کە ووتار و وێنەکان تێک بخەنەوە.

نموونە: هەواڵێک سەبارەت بە کۆبوونەوەی وەزیرەکانە و دەبێ ئەورۆ بڕیارێکی گرینگ بدرێ و هەر وەزیرێک بۆچوونێکی هەیە. فیلمەکە تەنیا تووانیویەتی هاتنی وەزیرەکان تۆمار بکا. بەڵام هەواڵەکە دەبێ باسی کێشەکە و بۆچوونەکانیش بکا. ووتاری هەواڵەکە دەبێ جۆرێک رێک بخرێ کە کاتێک نێوی وەزیرەکە دەکوترێ لەسەر وێنەکەی ئەو بێ. بەپێی درێژی و کورتی وێنەکان دەکرێ رستەکان پێش و پاش بکرێ. کۆبوونەوەکە نیشان نادرێ کەوابوو لە پێش هەواڵدا یان لەسەر وێنەی دووری جێگای کۆبوونەوەکەدا باسی کۆبوونەوەکە دەکرێ. رێکخستنی کات گرینگییەکی تایبەتی هەیە، چوونکە بەگشتی ماوەی هەواڵەکە دیاریکراوە و ناکرێ درێژ بکرێتەوە.

**تایبەتییەکانی نووسین بۆ تلەڤزیۆن.**

پێداویستییەکانی ئەم جۆرە تێکستە، دروستی، تەرتیب و کورتبوونە. دەبێ لە یەکەم بیستندا تێی بگەین. چەند چرکە سەرلێشێوی بەسە بۆ ئەوە کە بینەر یان بیسەر بیری لای ئێمە نەمێنێ.

خوێندنەوەی هەواڵ لە رۆژنامەدا زۆر جیاوازە. بۆیە نووسینەوەکەشی جیاوازە. خوێنەری رۆژنامە ئەگەر لە شتێک تێنەگا، دەتووانێ دووبارە بیخوێنێتەوە. یان ئەگەر پاش خوێندنەوەی یەک دوو دێر سەرنجی رانەکێشا، بەجێ بهێڵێ و بچێتە سەر هەواڵ یان بابەتێکی دیکە. بەڵام بینەری تلەڤزیۆن دەبێ راوەستێ، هەتا ئەو هەواڵە (کە خۆشی نەویستووە) تەواو بێ و رەنگە هەواڵی دیکەش هەر بابەتی ئەو نەبێ، هەتا دەگاتە هەواڵی دوواتر. رۆژنامە دەتووانێ ئەو شتانەی کە باوی دڵی هەمووان نییە لە چاپ بدا، خوێنەر دەتوانێ هەڵبژێرێ، بەڵام لە تلەڤزیۆندا ناتووانێ لە بەرنامەیەکەوە بچێتە بەرنامەیەکی دیکە. دەبێ راوەستێ هەتا کاتی دەگا. ژمارەی بینەری تلەڤزیۆن هەموو کاتێک لە خوێنەری رۆژنامە زیادترە، یانێ هەم بەشی تایبەت دەگرێتەوە هەم گشتی، بۆیە دەبێ هەر دووکیان رازی بکا. هیچ هەواڵێک نابێ ئەوەندە درێژەی هەبێ کە بەشی زۆر لە بینەرانی ماندوو بکا. بۆیە کورت و پوخت بوون گرینە. ئەگەر پێویست بە گوتنی ووردەکاری زیاتر هەبێ، دەبێ وەها دارێژرابێ کە بینەری ئاساییش پێی وابێ کە کاتی لەکیس نەداوە.

هەندێ مۆژیاری لە لایەن ناوەندی هەواڵنێری(بی بی سی)یەوە بۆ کارمەندەکانی هاتووە کە دەکرێ رەچاو بکرێ: تێکستێکی باش دەبێ هەموو کاتێک بۆ گوێ روون، زیرەکانە، دۆستانە، و بەهێز بێ. لەبەر سنووردارببوونی کات نووسراوی باش گرینگییەکی زۆری هەیە. ئەگەر هەواڵەکە ئیزن بدا لە شانۆیی بوونی نووسراوەکەتان مەترسن. بەڵام ئەو شانۆیی بوونە بە راستییەکان پڕ بکەنەوە، نە بە وێکچوون (تەشبیە) دروست کردن. بایەخی ئەو راستییەی کە "کێنێدی [سەرۆک کۆماری تێرۆر کراوی ئەمریکا]" لە کاتی ترۆرکردنەکەیدا گوتوویەتی "نە،نە" زۆر گرینگترە لە هەر ووشەیەکی وەسف کردن. ئەگەر وەسف بەکار دەبەن دەبێ جگە لەوە کە لەگەڵ تێکستەکەدا بگونجێن ئەو ووشانە بن کە لە زبانی ووتاریدا بەکار دەبرێن. بۆ نموونە " لە گوتندا دەگوترێ شەو تاریکە، ناگوترێ شەوەزەنگە". رستەکان دەبێ کورت و سادە بن. بە پێچەوانەی خوێنەر، بینەر ناتووانێ بگەڕێتەوە جارێکی دیکە گوێ بدا. تەرتیبی رێزمانی رستە بۆ تلەڤزیۆن شیاوە.

نووسەر دەبێ تێکستەکە بە دەنگی بەرز بۆ خۆی بڵێتەوە، هەتا بزانێ لە گوتندا چۆن دەردەکەوێ. شێوەیەکی باش ئەوەیە کە هەواڵی ناردراو لەلایەن هەواڵنێرەکانەوە، لە پێشدا بە باشی بخوێنرێتەوە، لەودوا وابزانین کە بۆ دۆست یان کەسێکی نزیکی خۆتانی دەگێرنەوە. بەو هەوایە بینووسنەوە. زۆر جار لە قسەکردنی ئاساییدا دەڵێین "ئاگات لە فڵان شتەکە هەیە؟" دووایە هەواڵەکە دەگێرینەوە. لە تلەڤزیۆندا لەم فێڵە بەم شێوە کەڵک وەردەگیرێ کە رستەی یەکەم وەکوو سەردێر دەخوێندرێتەوە. بۆ نموونە: جێگای سەرنجی بینەرانی فوتباڵ..." " ئاخر مووڵەتی ناونووسی بۆ..." هەواڵێکی باش بۆ خاوەن تەراکتۆرەکان..."

نووسەری هەواڵ هەر بەو چەشنە کە فێردەبێ گوێ بداتە نووسراوەکانی، دەبێ فێر بێ کە چۆنیان ببینێ. ئەوەی کە گرینگە پەیوەندی گرتنی تەواوە لەگەڵ بینەر. ئەوە تەسویریش دەگرێتەوە. ئەگەر وێنەیەک یان پلان، یان گرافیکێک بابەتەکە روونتر دەکاتەوە، کەڵکی لێی وەربگرن و هەواڵەکە بە پێی ئەوانە تەرتیب کەن، کە وێنە و ووتار تەواوکەری یەکتر بن. هێندێ لە بێژەرانی هەواڵ نەتەنیا لە چۆنیەتی گوتندا بەڵکوو لە روخساریشدا شێوەی تایبەتی خۆیان هەیە. نووسەر دەتووانێ بە بیرکردنەوە لەوەش کە ئەم ووشە لە زاری فڵان بێژەردا چۆن دەبێ، ووشەکان هەڵبژێرێ. تاقیکردنەوە دەڵێ کە نووسەرەکان لە بیستنەوەی نووسینی خۆیان لەسەر شاشە زیاتر ئازموونیان بەدەست کەوتووە هەتا زۆرنووسین.

تلەڤزیۆن بۆ ئەو نووسەرانەی کە نووسینیان خۆش دەوێ یان هەست بە نووسین لە خۆیاندا دەبینن، کەرەسەیەکە کە ناهومێیان دەکا. ئەم کەرەسە ووشەکان لە هەوادا بڵاو دەکاتەوە و بۆ هەمیشە لەنێویان دەبا. تلەڤزیۆن نووسراوی زیندوو دەکا بە وێنە و رووداو و خەڵات و ئافەرینەکەی دەدا بە بێژەر و دەرهێنەر. نووسەر وەکوو تەکنیککاری ووشە دەژمێردرێ. بەڵام زەینێک کە بەرنامەیەک دەوڵەمەند دەکا زەینی نووسەرە و تلەڤزیۆن ناتووانی بەبێ ئەو بژی. رەنگە دەبێ تلەڤزیۆن بۆ ئەم مەبەستە بایەخێکی زیاتر بدا بە نووسەران.

**سەرنووسەر و ئامادەکاری هەواڵ**

دیاربوونی ئەرکی هەرکەس دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە بڕێوەبردنی بەرنامەکاندا. ئەو کەسانە کە لەبەرنامەیەکدا دەوری سەرەکییان هەیە و دەبێ پێکەوە هاوکاری تەواو بکەن ئەمانە:

١ـ سەرنووسەری هەواڵ. بەرپرسی بەرنامەی هەواڵ یان رووداوەکانی هەررۆژەیە لەباری ناوەرۆک و شێوەی بەرنامەکەوە.

٢ـ ئامادەکار: بەرپرسی رواڵەتی بەرنامە، کەرەسەی پێویست، کارمەند، بودجە و رێکخستنی گشتییە و لەبەرانبەر سەرنووسەردا بەرپرسیارە. لەبەرنامەی کەمتر رۆژنامەگەریدا- وەکوو دێکومێنت و وتووێژ، بەهەمهێنەر دەوری سەرنووسەری هەیە.

٣ـ دەرهێنەر: هەڵبژاردن و کۆنترۆڵ، تەرتیبکردنی چۆنیەتی وێنەکان و دەنگ، بەو شێوەی کە بڵاو دەبێتەوە . لە بواری فەننی و ئامادەکاریدا لەبەرانبەر ئامادەکار و لەباری ناوەرۆکەوە لەبەرانبەر سەرنووسەردا وەڵامدەرەوەیە.

٤- یاریدەدەری بەرنامە (یاریدەدەری ئامادەکار) یاریدەی دەرهێنەر دەدا. ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی تەسویرنامە بەسەر کارمەندەکاندا، پەیداکردن و هێنانی کەرەسەکانی پێویست، نامە ئیدارییەکان و راگرتنی کات لە تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی بەرنامەدا، لە ئەستۆی ئەوە.

چۆنیەتی ئەرکی ئامادەکار(بەرهەمهێنەر) پەیوەندی بە چەندی گروپ و تا رادەیەک دەوری خودی ئامادەکارەکەوە هەیە. هێندێ لە ئامادەکاران  پێیان باشە هەر لە تەسویرنامەوە هەتا پەخش لەگەڵ بن. دایمە لە نێوان ژوورەکاندا هاتووچوو دەکەن و بەدووی کارەکاندا هەڵدێن و لەم و لەو دەپرسن کە چی بوو، چی لێیهات. ئەوانیتر لەو بڕوایە دان کە ئەوان دەبێ گروپی شیاو هەڵبژێرن و هەلیان وەها بۆ برەخسێنن کە هەرکەس کاری خۆی بکا و بە باشی بیباتە پێشێ. گروپ دەبێ لە کارەکەیدا ئازاد بێ و تەنیا ئەوکات لەگەڵیان بی کە پێویستە. وەکوو کاتی بڕیاردان لەسەر دانانی سیاسەتی گشتی، ناوەرۆک، بودجە و پێشکەشکردنی بەرنامە.

رەنگە فیلمێکی دێکومێنت نووسراوی خودی بەهەمهێنەر بێ، ئەوکات خۆی کاری دەهێنەریش دەکا. یان نووسراوی دەرهێنەر بێ، ئەوکات بەرهەمهێنەر تەنیا رێکخستنی بە ئەستۆیە. لە بەرنامە قورسەکاندا کە کارمەندی جۆربەجۆری زۆری تێیدایە، سەرنووسەر بۆ خۆی ئیدارەکردن و پیادەکردنی کارەکان دەخاتە ژێر چاوەدێرییەوە.

**گرینگی شێوە**

لە هەموو بەرنامەکانی رووداوی رۆژانەدا (جگە لە هەواڵەکان) تەنیا دڵەودوایی سەرنووسەر و بەرهەمهێنەر شێوەی بەرنامەکەیە. ماددەی پێکهێنەری هەموو بەرنامەکان لە یەکتر دەچن،- کەسێک لەگەڵ کامێرا دەدوێ، فیلم و چاوپێکەوتن،-  کە زۆربەی بابەتەکان وەکوو بەرنامەی کاناڵەکانی دیکەیە، تەنیا جیاوزییان شێوەی بەرنامەکەیە. روانگە و بۆچوونی تایبەتییە کە بەرنامەیەک دەکا بە تایبەتی. وەکوو نووسراوێکی نووسەرێک کە بە هاسانی دەناسرێتەوە. هێندێ جار ئەوە بەرهەمهێنەرە کە شیوەکە دیاری دەکا، یان پێشکەشکارە کە کەسایەتییەکەی زاڵە بەسەر بەرنامەکەدا. تەنانەت رەنگە شێوە بەبێ بڕیار و لەناکاو بگۆڕدرێ. بەشێوەیەک کە هەموو لەسەری تەبا بن. شێوە لە هەر لایەکەوە هاتبێ، پەرداختکردنی لە ئەستۆی سەرنووسەر و بەهەمهێنەرە. ئەوان دەبێ ئاگایان لێی بێ کە لە هەموو چرکەکانی بەرنامەکەدا، لە موزیکی سەرەتاوە هەتا تایتڵی کۆتایی ئەو شێوە دیاریکراوە بەڕێوە بچێ.

لە کۆبوونەوەکانی سەبارەت بە بەرنامەدا، دەبێ چۆنیەتی کار لەسەر بابەتێک باس بکرێ و دیاری بکرێ پێویستییەکان چن، پرسیارەکانی گرینگ کامانەن،چۆن دەکرێ ئەمانە بە باشترین شێوە پیشان بدرێ؟ تێکەڵ بوونی بیرۆکە لەسەرەتادا، دەبێتە هۆی گێژی بابەت لە کۆتاییدا. هەرچی شێوەی بەرنامە روونتر بێ، ئیدارەکردنی بەرنامەکە هاسانتر دەبێ. شیوە بۆ خۆی دەبێتە درهێنەری خۆی. گروپی بەرهەم تەواشای دەکەن تێیدەگەن و دەوڵەمەندی دەکەن. رەنگە لەسەرەتادا دۆزینەوەی شێوە دژوار بێ؛ لە کۆتاییدا لەدەستدانی دژوار دەبێ. بۆیە تێگەییشتنی دروستی گرینگییەکی زۆری هەیە.

هەموو شتێک دەتووانێ یارمەتی بەرنامەیەک بدا. چۆنیەتی جل و بەرگی پێشکەشکار، کورسییەکان ئیدارین یان ئاسایی، رووناکی، رەنگی پەردەکان، بەڵام هیجکام لەمانە شێوە ناخولقێنن. هەروەها کە دانانی سەوزە لە نێو سفرەدا، نایکا بە سفرەی نەورۆز. شێوەی بەرنامە یەکەم ئەو ئامانجە دیاری دەکا کە بەرنامەکەی بۆ دروست دەبێ، دووەم جۆری بینەران. سێیەم وونی ئایدا لە وێنە بە وێنەی بەرنامەکەدا و چۆنیەتی پێشکەشکردن.

شێوە شتێکی زیاتر لە رووالّەتی دەستکردی بەرنامەکەیە. کە دەچینە نێو هۆنانەوەی بەرنامەکەوە. شێوە یارمەتی دەدا کە سەرتا و نێوان و کۆتایی ببینینەوە. سەرەتا گرینگترین بەشی بەرنامەکەیە بۆ راکێشانی سەرنجی بینەران، لە بەرانبەر بەرنامە و کانالّەکانی دیکەدا، چرکە بە چرکە تێدەکۆشێ. بە قەولّی دووکانداران دەبێ بزانین چۆن مشتەری بهێنینە نێو دووکانەکەوە. هەبوونی بابەتێکی بۆ ناوەرۆک و گوتنی شتی گرینگ بەس نییە، تلەڤزیۆن کەرەسەیەکی راگەیاندنی گروپییە. لە باری ئابووری و هونەرییەوە دروستکردنی بەرنامەیەک کە بینەری نییە بێ بایەخە. بۆ بابەتێکی بەرز و بە نرخ دەبێ داواکاریی هاوشانی خۆی هەبێ. شێکسپیر ئەمەی دەزانێ. رمێئۆ و ژوولیێت بە هەرا و پێکەنین دەست پێ دەکا. ریچاردی سێیەم بە دێوێکی ترسناک دەست پێدەکا کە بۆ پێکەنین باشە. ئێمەش ئیویستیمان بە جوولانەوە، دژبەیەک، پێکەنین و وەلامی پۆزێتیڤی بینەرانە.

**راگرتنی سەرنجی بینەر**



بینەری تلەڤزیۆن هیچ گرێبەستێکی لەگەڵ بەرنامەکانی ئێمە نییە کە ناچار بێ تەواشایان بکا. ئەگەر نەختێک ماندوو بێ بەجێ دێڵێ و ناشگەڕێتەوە. دەبێ وای راگرین کە بیەوێ بزانێ، رووداوی دووایی چییە؟ دەبێ لە شتێک بگەڕێ، دوایە بتوانێ ئەوەی کە دەیبینێ لەگەڵ ئەوەی کە دیتویەتی گرێ بدا. ئەگەر ناوبڕ دادەنین بە شێوەیەک بێ کە چاوەڕوانمان بێ کە بۆ پرسیارەکەی وەڵام بدۆزێتەوە. دەبێ ئەو بەڵێنەی پێمان داوە بەجێ بێنین. دەبێ هەستی بینەر سەروخوار بکا.

لە بەرنامەی رووداوەکانی رۆژانەدا ئەم کارە بە بێ جیابوونەوە لە راستیەڤینەکان و بە بێ گۆڕانی راستییەکان بکرێ. متمانەکردن، و قوبووڵ کردنی دروستکاری ئێمە بە هاسانی لەلای بینەران پێک نایێ. ئەمە لە هەموو شتێک گرینگترە، بەڵام بەو مانایە نییە کە ناتووانین راستی و شانۆگەری پێکەوە تێکەڵ بکەین.

**توانایی هەواڵنێری پەیامنێر**

تەسویری کۆمەڵایەتیی پەیامنێر لە کاتی پەیدابوونی تلەڤزیۆنەوە هەتا ئێستا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. ئەو چیتر ئەو کەسە نییە بە دەفتەر و قەڵەمێکەوە لە پشت دەرکە رادەوەستا. ئەوڕۆ خەڵک بە کەسایەتییەکی دەناسن کە میکرۆفۆنێکی پێیە و وێنەگری لەگەڵە و دەرکەکان خۆبەخۆ بۆی دەکرێنەوە.



تەسویری زەینی خەڵک بە دەگمەن لەگەڵ راستییەکان یەکدەگرێتەوە. بەڵام هەر گۆڕانێک لەم تەسویرەدا پەیوەندی بە تواناییەکانی پەیامنێرەوە هەیە. بۆ بەشێکی هەرە زۆری خەڵک تلەڤزیۆن سەرچاوەی بنچینەیی هەواڵە. بەڵام جێگای رۆژنامەی نەگرتووەتەوە و هەرگیز نایگرێتەوە. تلەڤزیۆن لایەنێکی تازە و زیندووی داوە بە راگەیاندن کە لەو رێگاوە شتی وامان دەست دەکەوێ کە پێشتر ئیمکانی نەبوو. ئێستا دەکرێ کورتە راوەستانێک کە کەسێک پێش وەڵامدانەوەی پرسیارێکی زیرەکانە دەیکا، ببینین و هەستی پێی بکەین. کاردانەوە هەستیارەکان لە دەنگی پەیامنێردا ببیسین و بیر و بۆچوون و کەسایەتی پەیامنێر لەرێگای بوونی بەردەوامی لەسەر شاشە بناسین. لەم شێوە پەیوەندییەدا جۆرێک دابڕاوی - بێ کەلام- هەیە کە لە نووسراوەی رۆژنامەدا ناکرێ هەبێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پەیامنێری تلەڤزیۆنی سنووری بەربەستکراوی خۆی هەیە. خوێنەرێک کە دادەنیشێ و رۆمانێک هەتا کۆتایی دەخوێنێتەوە، هەرگیز دانانیشی گوێ بدا بەکەسێک کە لە تلەڤزیۆندا ئەو رۆمانەی بۆ بخوێنێتەوە. بینەرانی تلەڤزیۆن خاڵە گرینگەکان، تەسویرەکان و کۆکراوەکان دەبینن و چاوەڕوانی رۆژنامە دەبن کە شیکردنەوەکان و پشت پەردەکان، لەوێدا بخوێننەوە.

**دەوری پەیامنێر**

دەوری پەیامنێر لە تلەڤزیۆندا لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەدا جیاوازییان هەیە. ئەو توێژەرەوەی راستییەکان و بێژەری رووداوەکان نییە. ئەو پێشکەشکەری رووداو و لێکۆڵەرەوی شایەتییەکانە. ئازموونی رۆژنامەگەری بەنرخە و دەتوانی بناخەیەکی باش بۆ فێرکردنی رۆژنامەنووس بێت، بەڵام تلەڤزیۆن داواکارییەکی هەیە کە لەم ئازموونانە تێدەپەڕێ. پەیامنێرێکی تلەڤزیۆن بەرلە هەر شتێک دەبێ تێ بگا کە بە تەنیا خۆی دروستکەری رووداوێک نییە. وێنەکانی وێنەگر زۆرجار لە ووشەکانی ئەو گرینگترن. ئەو دەبێ فێربێ کە کارەکەی وەکوو بەشێک لە هەواڵێکی تلەڤزیۆنییە و ئەو وەکوو ئەندامێکی گروپ کار دەکا.

ژمارەی گروپ پەیوەندی بە جۆری بەرنامەوە هەیە. پەیامنێرێکی هەواڵ بەشێوەی ئاسایی لەگەڵ گروپێکی ٢یا٣ کەسیدا کار دەکا. وێنەگرێک، دەنگگرێک و یاریدەرێکی کارەبا. ئەوان کەرەسەی قورس و گرانیان پێیە و هیچ

سەنتەرێک ئەم شتانە نانێرێتە دەرەوە کە بە دووای شتێکدا بگەڕن. بەڵکوو ئەو کاتە دەیان نێرن کە دڵنیا بن بە هەواڵێکی بەکەڵکەوە دێنەوە.

پەیامنێر کاتێک سەنتەر بەجێ دێڵێ کە ڕووداوەکە بە باشی دەناسێ و ڕاپۆرتی هەواڵنێریی پێیە. ئەو لەو خاڵەوە دەست پێدەکا کە هەواڵنێرەکان تەواویان کردووە. زۆربەی کاری ئەو بریتییە لە چاوپێکەوتن. لە بەرنامەی هەواڵدا یانێ سێ یان چوار پرسیار کە ڕاستی ڕووداوەکە لە یەک یان دوو خولەکدا روون دەکاتەوە. تەکنیکی چاوپێکەوتن دوواتر لەبەشی خۆیدا باس دەکەین. بەڵام گوتنی جەند تێبینی بناخەیی لێرەدا بە پێویست دەزانرێ.

- دەبێ پرسیارەکان کورت و روون بن، گەرچی ئەو دەبێ چۆنیەتی ڕووداوەکە روون بکاتەوە.
- درێژکردنەوەی چاوپێکەوتن بەو هیوایە کە دوواتر سەرنووسەرەکان باشترین بەشی هەڵبژێرن. کارێکی بێ کەڵکە، چوونکە کاتی زیاتر دەگرێ. هەم لە تۆمارکردندا و هەم لە مونتاژدا و هەم لە جاولێکردنەوەدا و کاری هەڵبژاردنەکەش دژوارتر دەکا.
- هەر پەیامنێرێکی تلەڤزیۆنی فیر دەبێ کە چۆن لە کورتترین کاتدا – بە بێ دووپاتکردنەوە- ڕووداوێک بگەیەنێتە ئاکام. ڕەنگە هەر بە بەشێک لە ڕووداوەکەدا ڕابگا، بەڵام نابێ بهێڵێ ئەو لایەنەکانی دیکە هەست پێ بکرێن.

**گەڵاڵە و بەرنامەی چاوپێکەوتن**

وای دانین ڕاپۆرتێکی ڕەسمی سەبارەت بە پیسبوونی ژینگە بڵاو بوەتەوە کە سەد لاپەڕە دەبێ و ڕاستییەکان و لێکدانەوە لە هەموو بووارەکان دەگرێتەوە. لە زبڵەکانی کەنار ئاوەوە هەتا ئاوی خواردن، بابەتی ڕاپۆرتەکە گرنگی هەیە و دەبێ توێژینەوەی لەسەر بکرێ. بەڵام خاڵی گرنگ بۆ سەرنووسەری هەواڵ ئەمەیە "زیاتر لە دوو خولەک نەبێ! تەنانەت ئەگەر دەتوانی لە یەک خولەک و نیمدا تەواوی بکە!"

پەیامنێر دەزانێ کە ئەو ڕۆژە هەواڵ زۆرە و پێداگرتن لەسەر زیادکردنی کات کەڵکی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ شتی بەنرخ لە بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنەی کە ئەو ڕاپۆرتەی ئامادە کردووە، وەر بگرێ. نووسراوەی هەواڵێک کە کورتکراوەی ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەیە دەخوێنێتەوە. ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە بەو پێشنیارانە کۆتایی دێ کە دەبێ زبڵی کارخانەکان، کە ڕووبارەکان پیس دەکا، کەم بکرێنەوە. گرووپی توێژەرەوە دابنرددرێ کە کۆنترۆڵی هەر ناوچەیەک بکا. ئەمانە بۆ بینەر بێوازی دروست دەکا، بەڵام ئەگەر بەشێوەی دروست چی بکرێ سەرنجی ڕادەکێشێ.

نووسراوە باسی زەمینەی پیس بوون لە پەیوەندی لەگەڵ بەکارهینانی خەڵوزەبەرد و ئۆتۆمۆبیل لەشارەکاندا، بەردەوامە. کۆمیسیۆن داوای زەحمت هێنان بۆ ئەو کارخانە و خاوەن ئۆتۆمبیلانە دەکا و دەڵێ کە دەبێ کەرەسەی تایبەتی بەکار بێنن.- ئەم بەشە بۆ ئەوانە خاوەن کارخانە و ئۆتۆمبێلن، سەرنجراکێشە. ڕەنگە بکرێ لێرەوە دەست پێ بکرێ. پەیامنێر بەردەوام دەەبێ لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەدا. یاسای دژی دووکەڵی ئەمریکای وەبیر دێتەوە. و زانیاری زیاتر لە کتێبخانە وەردەگرێ. دانانی کەرەسەی تایبەتی بۆ ئۆتۆمبێل چەند لە نرخی ئۆتۆمبیلێک زیاد دەکا؟ ڕاپۆرتەکە لەم بارەوە هیچی تێیدا نییە. تلەفوون دەکا بۆ بەشی پەیوەندییەکانی کارخانەیەکی ئۆتۆمبێل سازی، هەتا وەڵامەکەی وەرگرێتەوە. ئەوان ماوەیەکە لەو مۆدێلانەدا کە بۆ دەرەوەی دەنێرن ئەم کەرەسەیان داناوە، بۆیە

وەڵامەکەیان هەیە. ئێستا چاوپێکەوتن هەبوونی خۆی دەنوێنێ. تەنانەت ئەگەر بۆ هەواڵەکانی ئەوشەویش درێژ بێ دەکرێ وەکوو هەواڵێکی دەوام دار سبەیش بگێردرێتەوە.

پەیامنێر چۆنیەتی پێش هەواڵی ئەم هەواڵە، کە لە لایەن بێژەرەوە دەگوترێ، لە زەینی خۆیدا بەم شێوە دادەنێ: راپۆرتی کۆمیسیۆنی ژینگە، کە ئەورۆ بڵاو بووەتەوە دەڵێ: کارخانەکانی ئۆتۆمۆبیل سازی دەبێ سیستەمی سووختی تەواو بۆ ئۆتۆمۆبیلەکان دابنێن. ووتەبێژی یەکێک لە کارخانەکان گوتی ئەمە (x) پاوند بە نرخی هەر ئۆتۆمبیلێک زیاد دەکا. ئەم راپۆرتە لە کۆتایی کردنی برێک لە شارەکانی باکوور سەبارەت بە هەوای پاک رەخنەی گرتووە. ئەم راپۆرتە لەبەشی پیس بوونی ئاودا پێشنیاری بە هەیئەی راوێژکاری دۆزینەوەی رێگایەک بۆ خاوێنکردنەوەی ئاو داوە. "تام براون" پرسیار لە بەرپرسی کۆمیسیۆن سەبارەت بە یاسای سووختی ئۆتۆمبیلەکان دەکا.

پەیامنێر یەکەم پرسیاری خۆی دەنووسێتەوە "پێشنیاری زیادکردنی کەرەسەی سووختی تەواو (x)پاوند دەباتە سەر نرخی هەر ئۆتۆمبیلێک، ئێوە پێتان وایە کڕیاران ئەو زیادبوونە قوبۆڵ دەکەن؟"

ئەم پرسیارە درێژەی گوتەی بێژەرەکە دووپات دەکاتەوە. بەڵام پەیامنێر دەزانێ بە شێوەی ئاسایی یەکەم پرسیار لە فیلمەکە لادەبرێ و لەلایەن بێژەری هەواڵەوە دەگوترێ. وەڵامی "مسترسمیت" بە گریمان دەبێ ئاوا بێ: کڕیارەکان دەبێ ئەم زیاد بوونە کە بە قازانجی کۆمەڵە پەسند بکەن. رەنگە سەبارەت بە بەربڵاوی و ناخۆشی کێشەکە بڵێی؛ و هێندی ئامار و ژمارە سەبارەت بە زیانی گشتی بخاتە روو. ئەگەر ئەو ئەم کارە نەکا دەکرێ پرسیارێکی دیکە بگا بۆ ئەم وەڵامە. ئەگەر وەڵامەکە درێژ یان ماندووکەرە بێ، دەکرێ دووایە ببڕدرێ.

پەیامنێرەکە پرسیارێکی دیکە سەبارەت بە شێوەی جۆربەجۆری پێشگیری لە دووکەڵی ئۆتۆمۆبیل یادداشت دەکا، بەڵام لەبەر زۆر تەکنیکی بوون لایان دەدا و بیردەکاتەوە کە کاتیش بەش ناکا.

لەگەڵ ئەم پرسیارە، بەگریمان یەک خولەک لە جاوپێکەوتنەکە تێپەڕیوە؛ ٣٠چرکە یان یەک خولەکیتر ماوە کە ئەو دەتووانێ بابەتێکی دیکەش باس بکا. رەنگە دەیان هەزار ماسیگر پەیوەندییان بە رووباری تایمزەوە هەبێ، بەڵام شتێکی تایبەتی لەم بارەوە نییە کە ببێتە پرسیار. بابەتی هەوای خاوێن زەمینەیەکی باشتری هەیە، بەتایبەت هێندێ لە شارەکانی باکوور لەسەر ئەمە رەخنەیان لێی گیراوە. ئەو هەندێ کورتە نووسراوی رۆژنامە لەسەر ئەم بابەتە دەدۆزێتەوە. بە ووردی دەیانخوێنێتەوە و تلەفوون بۆ بەرپرسی "هەوای خاوێن"ی یەکێک لە شارەکان دەکا.

هەلومەرجێکی گرێخواردوو لەم بووارەدا هەیە. دابینکردنی سووختی بێ دووکەڵ، خەرجی گۆڕانی دەزگاکان، توانایی دانی ئەو پارەیە لەلایەن هێندێ لە شارەکانەوە، قەرزە دەوڵەتییەکان و جیاوازی رادەی ناخاوێن بوونی هەوا، هەموو ئەو پرسیارانەن کە ئەم بابەتە دەگرێتەوە و ئەو کاتی بۆ هەموو ئەمانە نییە. بەڵام رەنگە ئاماژە کردن بە نەبونی پارە کێشەی سەرەکی بێ. پەیامنێر لەسەر ئەمە دەڕوا. " مستر سمیت راپۆرتەکەی ئێوە هێرش دەکاتە سەر هێندێ لە شارەکانی باکوور کە لە کارەکەیاندا تەنبەڵییان کردووە. ئەوان دەڵێن خێراکردنی کارەکە پارەی دەوێ، ئەم خەرجە لە چ لایەکەوە دەبێ دابین بکرێ؟" پەیامنێر پرسیارەکە دەخوێنێتەوە. پرسیارەکە روونە، بەڵام رەنگە بە گشتی بۆ هێندێ بینەران سەرەگێژە پێک بێنێ. دووای وەڵامی پرسیاری پێشوو هێچ شتێک نییە کە ئاماژە بە گۆڕانی بابەتەکە بدا. پەیامنێر دووبارە دەینووسێتەوە: مستر سمیت راپۆرتەکەی ئێوە **سەبارەت بە پیس بوونی**

**هەوا** هێرش دەكاتە سەر هێندێ لە شارەكانی باكوور كە لە كارەكەیاندا تەنبەڵییان كردووە. ئەوان دەڵێن خێراكردنی كارەكە پارەی دەوێ، ئەم خەرجە لە چ لایەكەوە دەبێ دابین بكرێ؟
ئێستا پرسیارەكە لە چەند ووشەدا، ئاماژە بە گۆڕانی بابەتەكە دەكا. ئەم پرسیارە "سمیت" هان دەدا كە زیاتر لە راپۆرتەكە قسە بكا.
چاوپێكەوتنەكە بەشێكی زۆر لە راپۆرتەكە لەبەرچاو ناگرێ، بەڵام بەشە گرنگ و سەرنجراكێشەكانی هەڵدەبژێرێ و بینەر بە هۆی ئەم چاوپێكەوتنەوە زانیارییەكی گشتی پێدەگا. ئەمە ئەو شتەیە كە هەواڵێكی تلەڤزیۆنی بێ ئەوەی ببێتە فیلمێكی دێكومێنت، دەیەوێ بەدەستی بهێنێ.

**چاوپێكەوتن**

بەگریمان چاوپێكەوتنەكە هەر بەو چەشنە كە پەیامنێرەكە بیری لێی كردبووەوە جێبەجێ بوو. پەیامنێر و وێنەگر و ... دەڕۆن بۆ لای مستر سمیت كە ئامادەیە چاوپێكەوتن بكا، بەڵام ئەو دەیەوێ لە پێشدا بزانێ پرسیارەكان چین.
پەیامنێر ئاگادارە كە پرسیارە راستەقینەكان ئاشكرا نەكا – چوونكە وەلامەكان تازەییان نامێنێ.- ئەو دەڵێ كە لە پێشدا سەبارەت بە پێشنیارەكانی كۆمیسیۆن پرسیار دەكا. هەروەها بیستوویە كە نەبوونی پارە یەكەم كۆسپی خاوێن نەكردنەوەی شارەكانی باكوورە. لەو بارەشەوە پرسیاری هەیە. پەیامنێر لەم ووتووێژەی پێش چاوپێكەوتنەدا، مستر سمیت هەڵدەسەنگێنێ و ئەویش لەگەڵ پەیامنێرەكە ئاشنا دەبێ. ئەم هەڵسەنگاندنە دوو لایەنەیە بۆ ئەم جۆرە چاوپێكەوتنانە پێویستە. بەتایبەت ئەگەر میوانەكە پێشتر لەگەڵ تلەڤزیۆن ئاشنایی نەبێ. پەیامنێر و گروپەكەی، دەبێ كردەوەیەك كە نیشانەی خۆباوەڕی، ئارامبوون، و پێشەیی بوون بێ لە خۆ نیشان بدەن، ئەمە یارمەتییەكی گەورەیە بۆ بە ئاكام گەییشتنی بابەتێكی هەستیار. میوان نائاشنا بە هەلومەرجەكەیە و دەیەوێ پێی بڵێن كە چ بكا. كاتێك تێ بگا هەموو كارەكە ئەوەندەیە كە باسێكی دۆستانە لەگەڵ پەیامنێرەكە بكا، كامێرای لەبیردەچێتەوە و زۆرجار خەیاڵی ئاسوودە دەبێ.



كاتێك چاوپێكەوتن دەست پێدەكا، پەیامنێر یەكەم پرسیاری خۆی بە شێوەیەكی گەرمتر لە پێشوو ئاراستە دەكا. ئەم كارە لە چاوپێكەوتنێكی هەواڵنیریدا شیاوترە و یارمەتی میوانەكە دەدا كە وەڵامێكی روونتری هەبێ.
لەكاتێكدا كە میوان وەڵامی

پرسیارێک دەداتەوە، پەیامنێر دەبێ بە ووردی گوێ بدا و چاوی لە میوانەکە بێ. هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە کە پرسیار بکرێ و دووایە پەیامنێر چاو لە یادداشتەکانی خۆی بکا و بایەخ بە وەڵامەکە نەدا. سەرنجدانی تەواو و وورد بە قسەکانی میوان دەبێتە هۆی ئەوە کە راشکاوتر و دابڕاوتر قسە بکا. مەترسییەک کە پەیامنێرێکی تازەکار لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێ ئەوەیە کە دووای یەکەم پرسیار زەینی دەچێتە لای پرسیارەکانی دیکەوە و ناتووانێ بە باشی گوێ بۆ میوانەکەی بگرێ. ئەم کێشە میوانەکە دەخاتە هەڵێکی ناخۆشەوە، پەیامنێریش رەنگە پرسیارێک بکا کە پێشتر وەڵامی دراوەتەوە. پەیامنێر دەبێ لە روون بوونی وەڵام بۆ بینەرانیش ئاگادار بێ، ئەگەر هاتوو خاڵێکی لەبیرکراو هەبوو، خۆی روونی بکاتەوە، یان بیکا بە پرسیارێکی دیکە. باشتر ئەوەیە قسەی میوان نەبڕدرێ، رەنگە زەینی بشێوێنێ.

چەند خاڵی بچووک بەڵام گرنگ هەیە کە دەبێ لەبیرمان بێ. کامێرا پێویستی بە یەک دوو چرکەیە کە دەنگ و وێنە بگاتە خێرایی درست و ئەگەر هەر لە سەرەتاوە تۆمار بکەین رەنگە دەنگ باش دەرنەچی. باشترین شێوە ئەوەیە پەیامنێر قسە نەکا هەتا وێنەگر یان دەنگگر ئاماژەی دەداتێ. لەو ماوەیەدا پەیامنێر دەتوانێ خۆی بۆ چۆنیەتی راوەستان یان دانیشتنی بەرانبەر کامێرا ئامادە بکا و جووڵانەوەیەک نەکا کە نەیەوێ بینەران ببینن. بۆ نموونە رەنگە ئەو چاوی لە کامێرا بێ بۆ ئەوە کە ئاماژەی بدەنێ، دوایە وەرچەرخێ بەرەو میوانەکە. دوو چرکە بێدەنگ و دووایە دەست پێ دەکا. ئەگەر ئەم کارە نەکا چاو لەدووربین کردن و وەرچەرخانەکەی بە هاسانی مونتاژ ناکرێ. لە نێوان چاوپێکەوتنەکەدا، پەیامنێر دەبێ لە نێوان تەواوبوونی وەڵامەکە و پرسیاری دووایيدا وەستانێکی کورت بکا. ئەگەر ئەم دووانە تێکەڵ بنەوە برینیان لە مۆنتاژدا زۆر دژوار دەبێ. جوونکە هەردووک دەنگەکە پێکەوە دەبیسترێن. لەکۆتایی چاوپێکەوتندا، سپاسکردن کارێکی ژیرانەیە. بەڵام کۆتایی پێهێنانی هەموو چاوپێکەوتنێک بەم شێوە ناخۆش دەبێ، بۆیە بەر لە سپاس کردنەکە دوو چرکە بێدەنگی پێویستە، ئەوەندەی کە دەرهێنەر بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ وێنەی نێو ستۆدیۆ. یان مونتۆر جێگای بۆ برینی لەگەڵ دیمەنی دووايیدا هەبێ.

دوایە کە چاوپێکەوتن تەواو بوو، ئەگەر بە یەک کامێرا تەسویر کراوە، پەیامنێر هەر لەو جێگاوە جارێکیتر پرسیارەکان دووپات دەکاتەوە و لە رووبەڕووەوە تۆمار دەکرێ، بۆ ناوبەین دانانی چاوپێکەوتنەکە. ئەم بۆ هەبوونی دیمەنی جیاواز لە چاوپێکەوتنەکەدا باشە. دووایە پەیامنێر راپۆرتی خۆی دەنووسێ و لەگەڵ شریتەکە دەینێرێ بۆ بەشی پەیوەندیدار.

**راپۆرت لە شوێنێ رووداوەوە**

چاوپێکەوتن بەشێکی گەورەی کاری پەیامنێری هەواڵ دەگرێتەوە. بەڵام هێشتا راپۆرتێکی راستەوخۆی دیکەش ماوە کە پەیامنێر لە شوێنی رووداوەکەوە راپۆرت دەنێرێ. وەکوو ئاورکەوتنەوەی گەورە یان پێکدادان. جیاوازی بۆچوونی کارە پیشەییەکان، یان هەڵبژاردن. هەرکامی بێ، یەکەم کاری پەیامنێر رێک و پێککردنی دیمەنە، کە پەیوەندی بە چاوپێکەوتنەکانەوە هەیە. دووایە دابینکردنی ووتار بۆ راپۆرتی تەسویری و سەربەخۆی تلەڤزیۆنی. کات هەتابڵێی کورتە. دانانی پلانی کار و هاوئاهەنگ کردنی لەگەڵ وێنەگردا زۆر گرینگە. ئەگەر بریار وایە وێنە-

هەواڵ بگیرێ، ئەمە ئەرکی یەکەمە. دوای وێنە- هەواڵ نۆبەی چاوپێکەوتن و لەکۆتاییدا پێشەکی و ووتاری پەیوەندی نێوان بەشەکان تۆمار دەکرێ.

کاتێک کە پەیامنێر بەرەو شوێنی ئاگرکەوتنەوەکە دەڕوا (ئەو جێگا کە پێشتر وێنەگر و دەنگگرمان ناردووە) لەپێشدا کاتەکەی بەراورد دەکا. نیو کاتژمێر بۆ گەیشتن بە شوێنی رووداوەکە، نیو کاتژمێر بۆ گەڕان و هەڵسەنگاندنی ئەو شتەی رووی داوە. نیو کاتژمێر بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی ئاگرکوژاندنەوە و شایەتەکانی دیکە. پازدە خولەک بۆ تۆمارکردنی وێنە و دەنگ. پازدە خولەکیش ناردنیان بۆ ستۆدیۆ. بەگشتی دەبێتە دوو کاتژمێر. ئەگەر وابێ ماوەیەکی زۆر نامێنێ بۆ مونتاژ و دووبارە چاوپێداخشاندنەوە. ئەم موڵەتە زۆر کەمە. دوو تێکستی هەواڵ کە بەرلە هاتنەدەرەوەی لە سەنتەر، پێی دراوە، دەیخوێنێتەوە:

**هەواڵی سەبارەت بە ئاگرکەوتنەوە**

پاسەوانی بریندار ی بارکۆگاکە، لە نەخۆشخانە گوتی: بەرلە دەستپێکردنی ئاگرەکە دوو پیاوی دیتووە کە هەڵدێن. گوتوویە کە بارکۆگاکە وەکوو بۆمبێک تەقییەوە.

**هەواڵی سەبارەت بە ئاگرکەوتنەوە ٢**

پولیس خەریک لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ووتەی پاسەوانەکەیە.

پەیامنێرەکە بڕیار دەدا بەرلە هەر شتێک بچێتە لای بەرپرسی ئاگرکوژاندنەوە. ئەگەر ئەو سەبارەت بە دەستکرد بوونی ئاگرەکە شتێک بڵێ، هەواڵەکە تەکمیل دەبێ. پازدە خولەکی بەنرخ بۆ گەڕان لەدووی بەرپرسی ئاگرکوژاندەنەوە تێپەڕ دەبێ. پێنج خولەکی دیکەش لەبەر ئەوە کە ئەو زۆر سەرقاڵە دەڕوا. بەڵام گروپەکە لەم کاتە بۆ هێنان و داگرتنی کەرەسەکانیان بۆ شوێنی بەرپرس، کەڵک وەردەگرن. کات بۆ وتووێژی پێش چاوپێکەوتن نییە. بێگومان بەرپرسی ئاگرکوژاندنەوە دەڵێ کە کاتی نییە.

پەیامنێر بە وێنەگر دەڵێ "هەرکاتێک دەست بدا قسەی لەگەڵ دەکەم." وێنەگر دەڵێ: "باشە کامێرا لەسەر شان بە دووتدا دێم." پەیامنێر بڕیار دەدا کە بە پرسیاری سەبارەت بە دەستکردبوونی ئاگرەکە دەست پێ نەکا. بەرپرسی ئاگرکوژاندنەوەش وەکوو هەموو بەرپرسانی دیکە هیچ ناڵێ کە دوایە ناچار بێ راستی کاتەوە. ئەویش خۆ دەپارێزێ. چەند پرسیاری سادەتر دەتوانێ زەمینە خۆشکەر بێ. کاتێک کەسێک وەڵامی پرسیاری یەکەمی داوە، پەنجا لە سەد خۆی تێوەگلاندووە کە پرسیارەکانی دیکەش وەڵام بداتەوە. دەنگگر، مایکرۆفۆنەکە دەدا بە پەیامنێرەکە و وێنەگریش ئامادەیی خۆی رادەگەیێنێ. کاتێک بەرپرسی ئاگرکوژاندنەوە لە کۆبوونەوەی راوێژکاری ئازاد دەبێ، پەیامنێر بەرەورووی دەچێ (هاوکات ئاگای لە وایەری مایکرۆفۆنەکەیە) و دەست دەکا بە قسەکردن. لە سەرەتادا ووشەکانی پرسیاری نین. ئەوانە تەنیا ئاماژەن بۆ دەنگ و وێنەگر کە زیاد و کەمی دەنگ بەتاقی بکەنەوە. دووای چەند چرکە قسەی پێشەکی دەست پێ دەکا و یەکەم پرسیار دەگوترێ "کوژاندنەوەی ئاگرکە چۆن دەڕوا؟"

"هێشتا زووە بگوترێ." بەرپرس چاو لە مایکرۆفۆن و کامێراکە دەکا و لێی زیاد دەکا " ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین، چمان لەدەست بێ، دەیکەین. یارمەتی دیکەش لە ڕێگا دایە."

" پێتان وایە ئاگرەکە چۆن دەستی پێ کردووە؟"

" هەتا لێکۆڵینەوەی تەواو نەکرێ ناتووانین هیچ بڵێین.. ئێستا ڕێگا بدە.."

" پێتان وایە دەستکرد بووە؟"




بەرپرس خۆ لە وەڵامدانەوە دەپارێزێ و بە قەلسییەوە چاو لە پەیامنێرەکە دەکا. ئەگەر شتێکی نەزانیبا ڕووراست دەیکوت. بۆیە پەیامنێرەکە پرسیارەکەی بەم شێوە دووپات دەکاتەوە.

" دوو پیاو دیتراون کە پێش لە داگیرسانەکە هەڵاتوون و پۆلیس خەریک لێکۆڵینەوەیە. دەکرێ بڵێین دەستکرد بوو؟"

" من لەم بابەتەوە هیچ نازانم، بەڵام ئاگرەکە لەناکاو بووە و زۆر بەخێرایی پەرەی ئەستاندووە. دووایە لێدەکۆڵینەوە. جارێ گرنگ کوژاندنەوەی ئاگرەکەیە."

"سپاس" پەیامنێرەکە دەزانێ ئەوە شتەی کە دەیەویست لە وەڵامی ئاخردا بەچنگی هێناوە. مووڵەتی زیاتریشی بۆ درێژەدان بە چاوپێکوتنەکە نییە. تەنانەت ئەگەر بابەتی زۆرتریش بۆ گوتن هەبا. خولەکەکان لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی خەبەر نزیک دەبنەوە. گرووپی تەکنیکی دەبێ پەیوەندی ساتلایت لەگەڵ سەنتەر وەرگرن. هێشتا دیار نییە ئاخۆ دەکرێ ڕاپۆرتەکە لە سەنتەر تۆمار بکرێ یان ناچارن زیندوو بڵاوی کەنەوە. ئەو دەبێ لەگەڵ بەرپرسانی هەواڵ بە تلێفوون پەیوەندی بکا بۆ ئەوە کە بزانێ چ گۆڕانێک لە هەواڵی ئاگرکەوتنەوەکەدا بووە و پێیان ڕاگەیەنێ کە چەندەی تۆمار کردووە و بپرسێ کە کەی دەبێ بگەڕێتەوە؟ یان ڕەنگە دەبێ لەوێ بمێنێتەوە. سەرنووسەری هەواڵ لە ڕێگای تلێفوونەوە ئاخرین هەواڵ سەبارەت بە ئاگرەکە بۆ پەیامنێرەکە دەخوێنێتەوە و ئەو چەند خاڵ بۆ زیادکردن لە ڕاپۆرتەکەی یادداشت دەکا، پاشان دەڕوا بۆ لای گرووپی کامێرا کە لە بەرانبەر ئەنبارە سووتاوەکەدا خەریک وێنەگرتنن.

کارێک کە دەبێ بکرێ ڕێکخستنی بەشێکی زانیاری و زیندوو لەسەر ئاگرەکەیە، بە شێوەیەک کە زانیارییەکان لەکاتی بڵاوکردنەوەدا هێشتا تازە بن. جاری وایە ئەم شێوە هەواڵانە دەبێ بە چەند جۆر تۆمار بکرێن هەتا دەستی مونتۆرەکان لەکاتی مونتاژدا ئاواڵە بێ. بەڵام لەم ڕاپۆرتەدا جێگای پێداهاتنەوە نییە. پەیامنێر بیر لە چۆنیەتی هەواڵەکە لەکاتی بڵاوبوونەوەدا دەکاتەوە. بێژەری هەواڵ بە یەک یان دوو ڕستە هەواڵەکە ڕادەگەیێنێ. بێگومان دووایە دەیبڕن بۆ فیلمەکە و دەنگی بێژەریش هێشتا بەردەوامە و زانیارییە بنچینەییەکان دەدا. ئەو دەبێ بەربڵاوی و شوێنی ئاگرگرتنەکە باس بکا و گریمانی دەستکرد بوونەکەش بڵێ. کەوابوو پێویست نییە ئەم بەشە لە ووتارەکەی ئەمیشدا دووپات ببێتەوە.

هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەیی فێر دەکرێ کە گرنگترین ڕاستییەکان لە پێش ووتارەکەدا بگونجێنێ و باقی زانیارییەکان بەتەرتیبی گرینگی بخاتە پێشترەوە. ئەمە شێوەی شیاوی ڕۆژنامەیە. تەنانەت ئەگەر سێ دێری یەکەمی بخوێنرێتەوە هێشتاش بابەتەکەی تێیدایە. دەکرێ بابەتەکە لە ئاخرەوە بۆ سەرەتا کورت بکرێتەوە بێ ئەوە کە هەواڵەکە زیانی

جددی لێی بکەوێ. لە تلەڤزیۆندا هەموو کاتێک پێش ووتار لە لایەن بێژەرەوە دەگوترێ، پەیامنێر تا رادەیەک فرسەتی هەیە کە دەوری خۆی ببینێ، تەسویری خۆی نیشان بدرێ یان نە گرینگ نییە. تەنانەت دەتووانێ گرنگترین زانیاری دانێ بۆ ئاخر ووتە.

پەیامنێرەکەی ئێمە دەزانێ کە گرینگترین خاڵ کە دەتووانێ بەوە دەست پێ بکا، چۆنیەتی دەستپێکردنی ئاگرەکەیە. ئەو هێندێ شت لە دەفتەرەکەیدا یادداشت دەکا و لە ژێر لێوەوە چەند رستە دەڵێتەوە و دەنگگر مایکرۆفۆنەکە دەدا بە دەستیەوە.

وێنەگر دەپرسێ " پێت وایە هەموو چاوپێکەوتنەکە بڵاو دەکەنەوە؟ لە سەرتاوە ئەتۆم لە پلانێکی دووکەسیدا هەیە. ناتووانین لە وێنەی تووەوە کە لەگەڵ کامێرا قسە دەکەی ببڕین بۆ تۆ کە لەگەڵ بەرپرسی ئاگرکوژاندنەوە قسە دەکەی."

پەیامنێر دەڵێ: "تەنیا وەڵامەکەی ئاخریم دەوێ."

" باشە لەو کاتەدا، وێنەی نزیکی ئەومان هەیە. دەتوانین لە تووەوە کە بۆ کامێرا قسە دەکەی ببڕین بۆ ئەو. من بە وێنەی ئاگرەکەوە دەست پێدەکەم و بەرەو تۆ دەسووڕێم. (پان دەکەم)"

بەرپرسی دەنگ دەڵێ:" مایکرۆفۆنەکە نزیک بگرە، دەنگی دەوروبەر زۆرە، شتێک بڵێ هەتا دەنگەکە ئەندازە بکەم." پەیامنێر چاو لە یادداشتەکان دەکا و چەند ووشەیەک دەڵێ. ئەویش دەنگەکە بەتاقی دەکاتەوە.

وێنەگر دەڵێ: لە پێشدا بۆ ئاگرەکە بڕوانە و کە من وەرچەرخام، روو بکە لە کامێراکە."

پەیامنێرەکە دەڕوانێ بزانێ کاتێک تەواشای ئاگرەکە دەکا دەتووانێ بە لاچاو ئاگای لە دەنگگرەکە بێ.

وێنەگر رادەگەیەنێ "دەست پێ دەکەین" کاتێک کامێرا دەسووڕێ ئیشارەت بە دەنگگر دەدا. ئەویش ئیشارەت دەدا بە پەیامنێر کە بەرەو کامێرا وەردەچەرخێ، راست بەرەو کامێراکە دەڕوانێ.

> ئاگر کتووپڕ گرتوویەتی. کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆی ئەڕۆ دەستی پێ کردووە. دووای دە خولەک هەموو شوێنەکەی داگرتووە. پاسەوانی بارکۆگاکە دەڵێ کە بەرلەوە یەکەم بڵێسەکان ببینێ دوو پیاوی دیتووە کە بە هەڵاتن دوور دەبنەوە. ئەو گوتی " دووایە بارکۆگاکە وەکوو بۆمب توقییەوە." پاسەوانەکە کە بریندارە لە بیمارستان دایە و پۆلیس خەریکی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ووتەکانی ئەوە. من لە بەرپرسی ئاگرکوژاندنەوە پرسیم، ئایا ئاگرکەوتنەوەکە دەتووانێ دەستکرد بێ...

پەیامنێر لیرە کورتە بێدەنگییەک بە خۆی دەدا و دووایە " لێرە ئاخرین وەڵامی "جۆنز" دێت و پێم وایە دەکرێ لە باقییەکەی چاوپۆشی بکەین."

دووایە درێژە دەدا:


> هەتا ئێستا ئاگرکوژێنەرەوەکان تووانیویانە تەوژمی ئاگرەکە لە شوێنی بارکۆگای رەنگدا بەربەست بکەن، بەڵام هێشتا مەترسی بڵاوبوونەوەی هەیە. ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوەی زیاتریش بەڕێوەیە.

دیسان کورتە ناوبەینێک دادەنێ و بە گوتنی نێوی خۆی و نێوی شوێنی ئاگرکەوتنەوەکە راپۆرتەکەی تەواو دەکا. چەند خولەک دوواتر ئەم دیمەنە بەرەو سەنتەر دەنێردرێ.

پەیامنێر لەگەڵ وێنەگرەکە کە بۆ تۆمارکردنی وێنەی زۆرتر وەرێ دەکەوێ قەرار دادەنێ کە لە شوێنێک یەکتر ببینن و خۆی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تازەتر دەڕوا. ئەم جارە لە شێوەی هەواڵنێرێکی رۆژنامەدا خۆی دەنوێنێ. رەنگە پاسەوانی بارکۆگای شەکر هێندێ شت بزانێ. یان لەلایەن بەشی جیناییەوە کەسانێک هاتبن. ئامانجی پەیامنێرەکە ئەوەیە کە بۆ هەواڵی ١٠ی شەو زنیاری زیاتر و گشتیتر کۆ بکاتەوە.
ئەم شێوە راپۆرتە هیچ جۆرە زانیارییەک بەدەست ناهێنێ کە نەکرێ لەگەڵ وێنە بە شێوەی ووتار دانرێ. ئەو هەستە دەدا بە بینەر کە لە شوێنی رووداوەکە دایە.بینەر دەتوانێ لەگەڵ پەیامنێرەکەدا وەکوو ئاکتەرێکی شانۆ پەیوەندی بگرێ. یانێ پەیامنێر هەروا کە هەواڵێک رادەگەیەنێ، ئاکتەرییەکەش دەکا.

**نووسینی تێکستێکی هەواڵ.**
هەتا ئێستا ئێمە خەریکی تێکستێکی هەواڵ بووین کە لە شوێنی خۆی بوو. یانێ کۆکردنەوەی راستییەکان و زانیاری لە شوێنێک کە لەباری تەسویرییەوە دەوڵەمەند بوو. زۆربەی تێکستەکانی هەواڵ بەم ئاسانییە پێک نایەن. وەکوو جیاوازی بۆچوون لەسەر شوێنێ کێشانی رێگایەکی تازە، شیکردنەوەی داواکاری نێوان شەریکە پیشەییەکان، توێژینەوەی شوێنەکانی هەڵبژاردن. لەم جۆرە بابەتانەدا، پەیامنێر دەوری نووسەر و ئامادەکاری بەرنامەکەی هەیە.
لە بەرنامەیەکی گۆڤاردا کە لە راپۆرتێکی تەسویری دە تا پازدە خولەک پێک دێ، پەیامنێر ئەندامێک لە گرووپی بەرهەمهێنانە کە لەگەڵ دەرهێنەر و توێژەرەوە کار دەکا. بەڵام لە بەشی هەواڵە کورتەکانی رۆژانەدا ئەو و وێنەگرئەرکەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. لەپێشدا پەیامنێر بڕیاری هەواڵەکە دەدا، دەستپێک، ناوەند و کۆتایی چۆن دەبێ. چۆن دەکرێ سەرنجی بینەر لە ماوەی چەند چرکەدا راکێشرێ و هەتا ئاکامێکی شیاو راگیرێ؟ وێنە و هەلومەرجێک کە بابەتەکە دەوڵەمەند دەکا یان لانی کەم دەیکا بە تەسویری کامانەن؟
بۆ هەڵبژاردن لە شارێک دەتوانین دیمەنی شارەکە لە روانگەی جۆربەجۆرەوە نیشان بدەین بە شێوەیەک کە کێشەکانی ئەو شارە نیشان بدا. بۆ نموونە نەبوونی ڕێگای باش لە هێندێ شوێن، نەبوونی کەرەسەی پێویست بۆ هاتووچۆ یان کێشەی گشتی دیکە. ئەودەم باسی دروشمەکانی هەڵبژاردن لەلایەن پاڵیوراوەکانەوە بکەین و لەگەڵ چەند کەسێکیان چاوپێکەوتنی کورت بکەین. پەیامنێر دەرنەکەوێ باشترە، چوونکە ووتارەکە دەبێتە هی ئەو. جار وایە دەکرێ وێنەگرێک وینەکان بگرێ و پەیامنێر چاوپێکەوتنەکانی لە ستۆدیۆ بکا و لە بەشەکانی دیکە بۆ گرافیک و نەخشە و.. کەڵک وەرگرێ.

**پەیوەندی لەگەڵ بینەر**
هەرچەندە سیستەمی پەیوەندی پەیامنێر بەهێزو بەگرێ بێ و هەر چەندە ژمارەی بینەرانی بەرنامەیەک زۆر بێ، یەک راستی ئینکار ناکرێ، کە پەیامنێرێکی تلەڤزیۆنی هەموو کاتێک لەگەڵ چەند کەس لە ژوورێکدا قسە دەکا. بۆیە دەبێ باوەڕ بەوە بکا کە



لەودیوی لێنزی کامێراکەوە ژوورێکی دانیشتنە و بنەماڵەیەک تەواشای دەکەن. ئەگەر ئەو بتوانێ سەرنجی ئەوان ڕاکێشێ و ڕایانگرێ، ئەوان ئامادەی بیستنی قسەکانی دەبن، بەڵام هیچ کات ناچار بەو کارە نین. بەرنامەیەکی بێواز زۆر زوو لەبیر دەچێتەوە. بینەران دەیانەوێ هەواڵەکان، سەرنجڕاکێش، سادە، وورد و ڕوون بێ. دەیانەوێ هەواڵیان پێ نیشان بدرێ نەک بیخوێننەوە یان لەبەر بیڵێنەوە. یان وەکوو ووتاردان بێ. بینەرانی تلەڤزیۆن کەسانی جۆربەجۆرن، کاری جۆربەجۆر دەکەن و سەلیقەکانیان جیاوازە. ئەگەر پەیامنێر دەیەوێ بینەران پەیوەندییان لەگەڵ ئەو هەبێ، دەبێ فێر بێ چۆن پەیوەندییان لەگەڵ بگرێ.

**هونەر لە چاوپێکەوتندا**


چاوپێکەوتنی تاکەکەسی، وەکوو هەوڵێک بۆ زانیاریدان، دەربڕینی بۆچوون، باس و بڕوا، بەگشتی لەلایەن تلەڤزیۆنەوە پەرەی پێ درا. هەواڵنێرانی ڕۆژنامە پێشتریش لەگەڵ خەڵک چاوپێکەوتنیان کردبوو – پرسیاریان کردبوو و وەڵام درابوەوە و وتووێژەکان بەکورتی نووسرابوونەوە- بەڵام تلەڤزیۆن وەکوو ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی رواڵەتێکی تایبەتی بە چاوپیکەوتنەکان بەخشی. لە کاتێکی کورتدا پێشکەشکار دەبێ ئەو وەڵامانە وەرگرێ کە پێشتر وتووێژێکی چەند سەعاتەی پێویست بوو. دەبووا لەگەڵ چەندین کەس لە هەلومەرجێکی زۆر دەستکرددا وتووێژ بکرێ. چاوپێکەوتن لە تلەڤزیۆندا دەبێ ئاسایی و بە بێ خۆئامادەکردن خۆی بنوێنێ. جاوثێکەوتن دەبێ وەکوو کایەی شەترەنج بیری لێی کرا بێتەوە. جیاوازییەکە ئەوەیە کە لێرە ئامانج دۆڕانی حەریف نییە. ئەرکی پەیامنێر ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و ڕوون کردنەوەی بابەتە نەک بازوخواستکردن. پەیامنێرێک کە دەیەوێ هەموو شتێک بە قازانجی خۆی تەواو بکا، باشترە ببێتە ئەندامی یاریگای شمشێربازان.

**دەوری پەیامنێر**

جاوپێکەوتن وەکوو زۆربەی هونەرەکان لە چەند لاوە پێش دەخرێ. پرسیارێک کە وەڵامێکی دروستی دەوێ، ڕەنگە بۆچوون و بڕوایەکیش بخاتە ڕوو. پرسیارێک کە هەر دوو لای چاوپێکەوتنەکە دەزانن بێ وەڵام دەمێنێتەوە، شێوەی خۆ لادان لە وەڵام دەردەخا. بەکار بردنی ئەم شتانە لە جێ خۆیدا پەیامنێر دەباتە لووتکەی هونەری خۆی. بۆ ئەوە کە پەیامنێر کارەکەی بە سەرکەوتنەوە ئەنجام بدا، پێش هەرشتێک دەبێ دەوری خۆی بەباشی بناسێ و بزانێ کە یاسا تا کوێ ڕێگای پێ دەدا کە مەیدان بگرێ. هیچ یاسایەک نییە کە کەسێک ناچار بکا وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بداتەوە. خاڵی یاسایی ئەو تەنیا ئەوەیە کە یاسا ئەو مافەی بە خەڵک داوە کە ئاگادارییان هەبێ. ئەو بە نوێنەرایەتی خەڵک لەم مافە کەڵک وەردەگرێ. ئەگەرئەو لێهاتوویی خۆی بۆ ئەوە بەکار بێنێ کە سواری سەری میوانەکەی بێ، یان بە قازانجی خۆی کەڵکی لێی وەرگرێ، خەڵک لێی بێزار دەبێ. ئەگەر پەیامنێرەکە تێ بگا کە میوانەکە دەیەوێ بۆ ئامانجی خۆی کەڵک لە چاوپێکەوتنەکە وەرگرێ (ئەمە زۆرتر پێش دێ) نابێ خۆی بدۆڕێنێ و بە خۆبڕوایی و بەشێوەی لۆگیک بەرگری لە خۆی بکا و گوێ بۆ هەرا و هوریا شل نەکا. ئەم جۆرە کۆنترۆڵ و خۆبڕواییە زیاتر پەیوەندی بە زاڵبوون بەسەر هونەری چاوپێکەوتن و ئامادەکاری وورد بۆ چاوپێکەوتنەکەوە هەیە.

**چاوپێکەوتنی ریالیستی**

چاوپێکەوتنی بەتەواوی ریالیستی شێوەیەکی زۆر باش بۆ گەیاندنی زانیاری نییە. پەیامنێر دەتوانێ خۆی بە یارمەتی نەخشە و گرافیک و فیلم و... کە خەرجی کەمتریش دەبا زیاتر بابەتەکە روون بکاتەوە هەتا چاوپێکەوتن. بەڵام زۆر جار بەتایبەت لە هەواڵدا ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە ناچارییە. باشترینی ئەم جۆرە ئەوەیە کە وەکوو شایەتی رووداوەکە قسە بکرێ. دزییەک، یان هەر رووداوێک کە کامێرا ناتوانێ تەسویری لیی بگرێ لەم جۆرە بابەتانەن.




پرسیارەکان زۆر روونە: چۆن رووی داوە... بۆ...کەی....لەکوێ؟

ئەم شێوە چاوپێکەوتنە کاتێک بەکەڵکە کە قسەکەر بە قسەکانی خۆی، راستی کەسایەتی خۆی دەردەخا. نوێنەرێکی پارلێمان کە باسی پێشنیارەکانی خۆی دەکا، یان زانستکارێک کە باسی پشکنین و دۆزینەوەکانی خۆی دەکا، هتد...

لیرەدا ئەرکی پەیامنێر ئەوەیە کە خاترجەم بێ ئەو زانیارییانەی کە دەدرێ، ئەوەندە کە ئیمکانی هەیە، روون بێ و هیچ پرسیارێکی گرنگ کە دەتوانێ لە زەینی بینەردا دروست ببێ، بێ وەڵام نەمابێتەوە. دیارە ئەگەر گوتەکان گومانیان لەسەر بێ، ئەوە بۆ پەیامنێر دەگەرێتەوە کە بە هێنانەوەی نموونە، پرسیار دروست بکا. دیارە ئەم توانایە کاتێک دەبێ کە ئەو بۆ خۆی لەگەڵ بابەتەکە ئاشنا بێ، یان لە کەسانی شارەزا زانیاری وەرگرتبێ.

دژوارترین جۆری چاوپێکەوتنی ریالیستی ئەوەیە کە پەیامنێر بەدووی زانیارییەکدا دەگەرێ کە بەدەگمەن گوتراوە یان بە رەمز دەرکەوتووە. لە هەلومەرجی رووداوی بەردەوامدا – وەکوو گرفتی سیاسی، یان وتووێژ سەبارەت بە مانگرتن، رەنگە هەموو شتێک دوور لە چاوی کامێرا و هەواڵنێر بێ. زۆربەی ئەو کەسانە کە لەم جۆرە هەلومەرجەدا دەردەکەون لە چەند ووشە زیاتر ناڵێن، ئەویش ئەوەندە بێ مانایە کە خۆشیان نازانن ماناکەی چییە. بەڵام چۆنیەتی کردەوەیان بەرانبەر بە پرسیارەکە و چۆنیەتی دەنگیان لە روونکردنەوەی کەسایەتییاندا دەوری هەیە. هێندێ جار هەواڵنێر و پەیامنێر و وێنەگر لەبەر دەرگای جێگایەک کۆدەبنەوە و قسەکان لە کاتی هاتنەدەرەوە یان چوونە ژوورەوەی کەسەکاندا دەکرێ و چەند چرکە زیاتریش کات نییە. پەیامنێر دەبێ بەتەواوی شارەزای بابەتەکە بێ و بیری لێی کردبێتەوە. یەکەم یاسا لە پرسیارە گرینگەکاندا ئەوەیە کە پرسیارەکە نابێ بە شێوەیەک بێ کە وەڵامەکەی "ئەرێ" یان "نە" بێ. بۆ نموونە لە کەسێک کە لە کۆبوونەوەی مانگرتن دێتە دەرێ، مەپرسن " ئایا هیچ پێش چوونێک هەیە؟" بەڵکوو بپرسن" چ پێش چوونێک هەیە؟" مەپرسن " کارگەرەکان دەچنەوە سەر کارەکەیان؟" بپرسن کارگەرەکان گەی دەگەرێنەوە سەرکارەکەیان؟" لەبەرچاو نەگرتنی ئەم یاسا دەبێتە هۆی ئەوە کە لەم جۆرە چاوپێکەوتنانەدا زیاتر پرسیار ببیسین هەتا وەڵام.

**چاوپێکەوتنی بیروڕا**

لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا کە بیروڕای کەسەکان کۆ دەکاتەوە. زۆربەی بابەتەکان بریتین لە: بیروبۆچوونی سیاسی، ئاینی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی یان پیشەیی. تەنیا شێوەی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە پشکنین و توێژینەوەی پێشینەی بابەتەکانە. پێشکەشکار دەبێ سەبارەت بە پرسیارەکان بیری کردبێتەوە. هەموو کتێب و نووسراوەی رۆژنامەکانی ئەم بابەتەی خوێندبێتەوە. ئەو گوتە دژ بەیەکانە کە گوتراون بزانێ و لەگەڵ کەسانی شارەزای بووارەکە قسەی کردبێ. پرسیارکەر دەبێ بتوانێ لە ئاستێکی هاوپەرا لەگەڵ میوانەکەیدا دانیشێ. جەریمەی کەم بوونی پشکنین لەسەر بابەتەکە، بەرەوڕووبوونەوەی پڕ لە شەرمەزاری لە بەرانبەر کامێراکاندایە. لەم بەسەرهاتەدا مەرگی پیشەیی پێشکەشکار دەنووسریتەوە. بۆ چاوپێکەوتن هەرگیز نابێ تەکلیفەکانی شەوانە لەبیر بچێتەوە.

پێشکەشکار جگە لە پشکنین سەبارەت بە هەموو لایەنێکی بابەتەکە ئامادە بێ کە ئەگەر پێویست بوو بچێتەوە سەر بیر و بۆچوونەکەی خۆی و هەر بەو سەربەخۆیی زەینییەوە کە پیویستە هەر پەیامنێر و پێشکەشکارێک هەیبێ، باوەڕەکانی خۆی دەست نیشان بکا. بەڵام نابێ چاوپێکەوتنەکە بکا بە وتووێژی دوو لایەنە. ئەرکی ئەو روونکردنەوە، گوتنی راستییەکان و توێژینەوەی بابەتەکەیە.

ئەگەر لە زەمینەی بابەتێکی پرکێشەدا کە بۆچوونی جۆربەجۆر لە کۆمەڵدا هەیە، بەڵام یەک کەس لە وتووێژەکەدایە - کە هێندێ جار ئەم شتە روو دەدا- پێشکەشکار تا رادەیەک دەوری کەسێکی دژ دەگێڕێ. بەڵام دەبێ ئەم خاڵە روون بکاتەوە کە تەنیا بۆ گەییشتن بە ئامانج لە وتووێژەکەدایە کە ئەم کارە دەکا. سادەترین شێوە کە کاریگەریشە، ئەوەیە کە بۆ روونکردنەوەی راستییەکان لە سەرچاوە و بەیانە ناسراوەکان کەڵک وەرگیرێ. بۆ نموونە بڵێ "حەفتەی رابردوو فلان گۆڤار بەم شێوەی نووسیوە...." نەک بگوترێ وەڵامی گۆڤاری فلان ئەمەیە...".

زۆرجار لە بابەتی پرکێشەدا پێشکەشکارێک هەڵدەبژێردرێ کە نوێنەری هەر دوو لایەن بێ. یانێ چاوپێکەوتنەکە بە شێوەی وتووێژی دوو یان چەند کەسە دەبێ. پێشتر بەرپرسی بەرنامە لەگەڵیان رێک دەکەوێ بزانێ دەیانەوێ بێنە ستۆدیۆ و رووبەڕوو باس بکەن یان نە؟ لە ستۆدیۆ پێشکەشکار دەبێتە بەرپرسی کۆبوونەوەکە و باسەکە دەست پێدەکا و ئاگای لێی دەبێ کە لە چوارچێوەی خۆی دەرنەچێ. لە ئاخرەوە بیروڕاکان کۆ دەکاتەوە. ئەگەر دوو کەس لە یەک کاتدا قسە بکەن دەنگەکان تێکەڵ دەبن. دانانی هێندێ ئیشارەت بۆ ئیزنی قسەکردن پێویست دەبێ.

ئەگەر جیا جیا چاوپێکەوتن بکرێ ئەرکی ئەو ئەوەیە کە بۆ هەرکامیان تا رادەیەک کە دەیزانێ، باسی بۆچوونی ئەوانیتر بکا. ئەگەر شانس یاری بکا و وەڵامەکانیان رێک و پێک بن، دەکرێ لە مۆنتاژدا پرسیارەکان دەربهێنرێن و وەڵامەکان لە بەرانبەر یەکتردا دانرێن. بەڵام نابێ جێگای چاوپێکەوتنەکان بە شێوەیەک بێ کە بینەر پێی وابێ وتووێژی بەرەوڕوو کراوە. دەبێ ئاگاشمان لێ بێ کە کات و هەل و مەرجەکە دادپەروەرانە دابەش کرابێ و هێندێ ووتەی وای تێدا نەبێ کە بە تەوهین بەوانی دیکە بژمێردرێ. دەنا بەرپرسی بەرنامە تووشی کێشەی دادگا دەبێ.

چاوپێکەوتنی دەرەوەی ستۆدیۆ ئیمکانی کورت کردنەوە و مونتاژ و دەرهێنانی هەڵەکانی زۆرتر لە چاوپێکەوتنی ستۆدیۆ هیە. لە چاوپێکەوتنی ستۆدیۆدا دەبێ زۆر ئاگاداری کات بین کە بە رێکوپێکی دابەش بکرێ.

**چاوپێکەوتنی خاوەن هەست**

ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە لە زەمینەی هەستی کەسەکەدا دەکرێ، بۆ پێزانینی شتە دەروونییەکان. بەڵام دەبێ بزانین چاوپێکەوتن شتێکی عەقڵانییە. کەڵک وەرگرتن لە رەنج و ئازاری مرۆڤ بۆ گوتنی شتێکی لاوەکی، بارگرانییەکە بۆ بینەر و لە درێژخایەندا بۆ تلەڤزیۆن شیاو نییە. دیاربوونی هۆی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە گرینگە، هەروەها بۆ ناسینی ئەنجامەکەشی تاقیکردنەوەیەکی بەرفراوان پێویستە. لەگەڵ هەموو ئەمانەش جار وایە گریاندنی کەسێک یان قەلس کردنی رەوایە. ئەم هەلە کەێ دەست دەدا، بە پێ هەلومەرج و راستییەکان دەکرێ هەڵسەنگێندرێ. بۆ پەیداکردنی هەڵکەوتی لەم شێوە رێگای جۆربەجۆر هەیە کە دەکرێ بە ئازادی هەڵبژێردرێ.

ئەوەی کە خەڵک دەیانەوێ بۆ نائاشنایەک دەردی دڵ بگێرنەوە، نەک لەگەڵ ئاشنا. لە هەموو جێاگیەک هەیە. بەتایبەت ئەگەر بە رێکەوت پێکەوە تەنیا بن و بزانن رەنگە جارێکیتر یەکتر نەبیننەوە. ئەمە ئەو هەلەیە کە لە بەرانبەر کامێرادا پێک دێ. تەنیا شتێک کە پێویستە گوێگرتنە. پێشکەشکار دەبێ لەسەرەخۆ و سەبوور بێ. کاتێک کەسێک باسی دەرد و رەنجێک دەکا، راستەوخۆ ئاماژەی پێ نادا. بەڵکوو بە چۆرێک ترس و ویستەوە سەبارەت بە بابەتەکە دەدوێ. ئەرکی پێشکەشکار ئەوەیە کە گوێ بدا هەتا ئەو هەموو قسەکانی کۆتایی پێ دێنێ. ناوبەینە بێدەنگەکان دەبێ بە شتێک پڕ کرێتەوە. بەڵام دەبێ لەسەری راوەستێ، ئەو ماتڵبوونە دەبێتە هۆی ئەوە کە سەردڵی بکرێتەوە. رەنگە کاتێکی زۆر بەرێ هەتا ئەو کاتە بگا. تەنانەت رەنگە پرسیارەکە بە چەند جۆر دووپات بکرێتەوە. بەڵام بە هاودڵی لەگەڵ میوانەکە کۆتایی پێدێ.

**پێشنووسی پرسیارەکان**

دووای روون بوونەوەی ئامانج و هۆی چاوپێکەوتنەکە و پشکنینی پێویست سەبارەت بە بابەتەکە، پەیامنێر پرسیارەکانی خۆی دەنووسێتەوە. بە گشتی سێ شت لەبەرچاوە. لە وەڵامەکاندا بە دووی چ شتێکدا دەگەڕێن؟ ئەو دەبێ پرسیارەکانی بەتەواوی روون بن و ئەمەش لە میوانەکە تێگەینێ. لە هەموو گرینگتر، بینەریش دەبێ هەتا ئەو جێگا کە ئیمکانی هەیە، پرسیارەکان تێ بگا. پرسیارەکان دەبێ سادە، روون و راستەوخۆ بن.

پرسیار نابێ درێژ بێ، دوو پرسیار بەجارێک نابێ بکرێ! چوونکە هەم بۆ بینەر قورسە و هەم میوان نازانێ لە پێشدا وەڵامی کامیان بداتەوە. ئەو هەلەشی بۆ دەرەخسێ کە وەڵامی یەکیان نەداتەوە.

وەڵامەکان لە زەینی خۆتاندا بەراورد بکەن کە دەتووانێ چ بێ. (ئەمە پێویستی بە زانیاری تۆ نەتەنیا سەبارەت بە بابەت و هەلومەرجەکەیە، بەڵکوو سەبارەت بە چۆن قسەکردنی ئەو کەسانە، لە پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتیی و کارەکەیاندایە. بۆ نموونە دەبێ بزانی سیاسییەکان چۆن خۆ لە وەڵامدانەوەی راستەوخۆ دەپارێزن و بە قسەی گشتی تێدەپەڕن. یان هێندێ ووشە بەکار دەبەن کە هیچ مانایەکی روونی نییە.) بەپێ ئەمانە پرسیاری دووەم دارێژن.

ئەگەر وەڵامەکان بەشێوەیەکی گشتی بوون و شتێکی لە زانیاری بینەران زیاد نەکرد. پرسیاری زۆر وورد و دەستنیشانکراو بکەن. رێکخستنی چەند پرسیار بۆ چاوپێکەوتنێک رەنگە رۆژێک کاتی ئێوە بگرێ.

**ئامادەکردنی چاوپێکەوتن.**

جگە لە ئامادە بوونی پەیامنێر، ئامادە کردنی میوانیش لە باری رۆحییەوە گرینگە. ئەم کارە سەبارەت بە سیاسییەکان ئاسانە. ئەوان بە قسەکردن بۆ خەڵک راهاتوون. زۆربەیان ئەزموونی تلەڤزیۆنیان هەیە و چۆنیەتی پەیوەندییەکان دەناسن. ئەوان تا رادەیەک پرسیارەکانیان لە زەینی خۆیاندا دارِشتووە و خۆیان بۆ وەڵامەکان ئامادە کردووە. هێندێکیان دەورەی چاوپێکەوتنیان دیوە و لە چەند خولی تایبەتیدا بەشدار بوون. ئەم خولانە لەلایەن پیشەکارەکانی تلەڤزیۆنەوە دادەنرێ. ئەوان دەزانن چۆن دەتوانن مەیدانەکە بکەنە مەیدانی ئەو باسەی کە خۆیان دەیانەوێ. بۆ نموونە دەڵێن: " رێگام بدەن بەرلەوە وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، شتێک روون بکەمەوە..." یان "' ئێوە ئاماژەتان بە شتێکی گرینگ کرد، بەڵام پێم وایە ئەو شتەی کە ئێوە دەبێ بیزانن ئەوەیە کە..." یان" بەڵێ لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی قووڵە، پێم وایە لایەنی گرینگی ئەم کێشەیە ئەوەیە..." تەنانەت فێری راگرتنی کاتیشیان دەکەن و ئەو شتەی کە دەبێ بیڵێن دەیخەنە ئاخرەوە بۆ ئەوە کە کات بۆ پرسیاری دووایی نەمێنێ.



چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانە کە پێشتر لە تلەڤزیۆن نەبوون، ئەم جۆرە دژوارییانەی نییە، بەڵام ئاسانیش نییە. بەرپرسانی کارە پیشەییەکان، مامۆستایان، ژنی ماڵ و تەنانەت ژورنالیستەکان، رەنگە لە کاری خۆیاندا زۆر شارەزا بن بەڵام زیرەکییان بۆ چاوپێکەوتن نەبێ. بۆیە پێکهێنانی متمانەیان زۆر پێویستە. زۆر کەس لە بەرەوڕووبوونی هەلومەرجێک کە رەنگە گاڵتەیان پێ بکرێ، یان هەڵە بکەن دەترسن. هێندێ پێشکەشکار لە بەرتەنگ کردنەوەی هەلومەرجدا زیرەکن، بۆ نموونە دەپرسن" چیتر لە ژنەکەت نادەی..." ئەوانەی کە ئەم جۆرە فێڵە دەکەن تەمەنی کاری پیشەییان زۆر نابێ. بەڵام لەسەر زاران دەمێننەوە. دەکرێ لە چیرۆکەکانی ئەوانەش شت فێر بین.

یەکەم شت کە میوان دەیەوێ بیزانێ، ئەوەیە کە پرسیارەکان چین. هەرگیز نابێ پێی بگوترێ. ئەمە شتێکە کە شیکردنەوەی بۆ کەسێکی تازەکار زۆر دژوارە. بەڵام هۆی باش بۆ ئەوە هەیە. ئەگەر پرسیارەکانی پێی بدرێ ئەو ناتووانێ لەباری دەروونییەوە خۆی بۆ ئامادە نەکا. و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە وەڵامەکان نارێک، دەستکرد و هەڵە دەبن. هەروەها دانی پرسیار بە کەسێک کە دەیەوێ شتێک بشارێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوە کە خۆی بۆ پەیدا کردنی شێوەیەک بۆ شاردنەوە ئامادە بکا. چوونکە بینەران هەست بەوە دەکەن و چاوپێکەوتنەکە بێ ئاکام دەبێ. دەکرێ زانیارییەکی گشتی لە باسەکە، بدرێ بە میوانەکە. باشترین شێوە دوورراگرتنی میوان لە پرسیارەکانە، بەرلە تۆمارکردنی چاوپێکەوتنەکە.

میوان جگە لە ئاگاداری لە بابەتەکە، دەبێ ئاگاداری شێوەی چاوپێکەوتنەکەش بکرێ. بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە پێشتر چاوپێکەوتنی تلەڤزیۆنییان نەکردووە. زۆربەی پەیامنێر و پێشکەشکاران لەسەر ئەو بڕوایەن کە وتووێژێکی

پێشەکی بۆ گەرم کردن و دانی متمانە بە میوان باشە، بەڵام نە بەو ئەندازە کە مەودای ئەوەی هەبێ ئەو قسانەی کە دەبێ لە چاوپێکەوتنەکەدا بیکا لە پێشدا بیکا.
باقی کارمەندانی گروپ ئەگەر دەیانەوێ شتێک بە میوانەکە بڵێن –بۆ وێنە دانانی مایکرۆفۆن یان جێبەجێکردنی کورسی -. لە ڕێگای پەیامنێرەکەوە بیکەن. کارەکەی خۆیان زۆر بە ئارامی بکەن و مەودا بدەن بە ئەوان کە زیاتر یەکتر بناسن.

**زوو تێگەیشتن و بە ووردی گوێدان**

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵە کە پێشکەشکار دەیدا بۆ سەرنجدان بە ناوەرۆک و گوێدان بە قسەی میوانەکەی، هێشتاش جار وایە زەینی دەڕوا و بە ووردی نازانێ چ گوترا. یان هۆشی دەچێتە لای پرسیاری دیکەوە و تەنانەت نازانێ وەڵامەکە تەواو بووە. دیارە دەبێ ئاگای لە یەک یەکی ووشەکان بێ و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە و ئەگەر پرسیارێکی تازە - لەسەر ئەو شتانەی کە لەوێ دەگوترێ- بێتە گۆڕێ لە کاتی خۆیدا بکرێ. ئەو دەبێ بە گوێ بینەر گوێ بدا. ڕەنگە ئەو شتەی کە بۆ ئەو روونە و تیی دەگا بۆ بینەران ناروون و بێ مانا بێ. ئەو نوێنەری بینەرە.

**پێشکەشکار و بێژەری هەواڵ**

لە کورسییەکدا دانیشتن و لە ژوورێکدا لەگەڵ چەند کەس قسەکردن شتێکە کە ئێمە هەمووومان بە بێ دژواری دەیکەین. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە پێش کامێرای تلەڤزیۆنی ئەم کارە بکەین. دەست و پێمان وون دەکەین. بابزانین ئەو کاتەی کە کەسێک لەگەڵ کامێرایەکی تلەڤزیۆنیدا قسە دەکا چ روو دەدا
هەرکەسێک کە یەکەمجار لە پێش کامێرادا دەوەستێ، دەڵێن کە ئەو لە ژوورێکدا و تەنیا بۆ دوو یان سێ کەس قسە دەکا. ئەمە تا ڕادەیەک ڕاستییە. ئەمە ژمارەی نێوەنجی بینەرانی تلەڤزیۆنە. لە هەر ماڵ یان جێگایەک. بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ هەزاران هەزار سێ کەسی قسە دەکا. ئەمە تایبەتی هەڵاواردەی ڕادیۆ و تلەڤزیۆنە. تایبەتی دیکە ئەوەیە کە هەموو ئەو دەبینن، بەڵام ئەو هیچیان نابینێ. ئەوان لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و ئەم لە هەوڵی نان دایە. ئەگەر ئەو لە لای بینەرەکانی بوایە، هەم ئەو و هەم بینەرەکان کردەوەیەکی تەواو جیاوزیان دەبوو. یەکەم ئەوان بەو شێوە کە بۆ تلەڤزیۆن دەڕوانن، چاویان لە ئەو نەدەکرد. ئەگەر ئەو توانیبا بینەرەکان ببینێ یان بیانبیسێ کردەوەکانی خۆی بە پێ دژکردەوەکانی ئەوان ڕێک دەخست و ئەوانیش هەروا.
ئاکتەرێک خۆی لە دەوری کەسەکەدا نوقم دەکا و بینەرەکان نابینێ، بەڵام ئاکتەرێکی گاڵتەچی ئەگەر دەنگی پێکەنین نەبیسێ ناتوانێ دەورەکەی خۆی بە جوانی بەڕێوە بەرێ. پێشکەشکار یان بێژەر ناتووانێ لەم شێوە کارانە کەڵک وەرگرێ. ئەو دەبێ شێوەی خۆی بدۆزێتەوە و دەستوورێکی تیۆری بۆ ئەمە لەئارادا نییە.
بۆ ئەوانەی کە لەباری کەسایەتییەوە روو لە دەرەوەن قسەکردن لەگەڵ کامێرا ئاسانترە. ئەوانە ئەو کەسانەن کە رووگەشن وبەبێ شەرمێونی و دەستبەجێ بەرەوڕووی خەڵک دەبنەوە. قسەکردن لەگەڵ دووکاندارێک یان پرۆفسۆرێک یان کەسێکی نەناسیاو بە بێ کێشە بۆ ئەوان وەک یەکە. ئەمانە بێژەر بوون لە زاتیاندایە. بەڵام ئەمانە توانایی خەیاڵ کردنەوە و لە چوارچێوەی کارەکەیان بەولاوەچوونیان نییە.

کەسانی دیکە هەن کە بۆ خۆیان ڕەنگە مرۆڤێکی تووڕە، یان خەمگین بن، بەڵام بۆ کارەکەیان وەکوو بێژەر کەسایەتییەک هەڵدەبژێرن و ئەوە لە بەرانبەر کامێرادا نیشان دەدەن. ئەم ڕووالەتە وەکوو ماسکێک نییە، بەڵکوو زیاتر وەکوو ماکیاژ و ئارایشە. هەر دووک دەستە دەبێ هونەری بێژەری فێر بن. نەتەنیا ووردەکارییەکانی کار لە ستۆدیۆ، بەڵکوو لە باری ڕۆحییەوە بۆ بەرنامەیەک ئامادە بن. لەم بارەوە وەکوو ئاکتەرییە کە دەوری کەسێکی تایبەتی دەگێڕێ. گەرجی ئاکتەرەکان بۆ خۆیان بێژەرانی باش نین. بێژەرەکان لە هونەری ئەوان دەتوانن کەڵک وەرگرن.

یەکەم و گرینگترین شتی پێشکەشکردنێکی سەرکەوتوو، لەسەرخۆ بوونە. کەسێک کە ترساوە یان لەباری ڕۆحییەوە توندە و هەوڵ دەدا بیشارێتەوە، دەنگی زوێرە، ڕووالەتی نائارامە، ماسوولکەکانی دموچاوی ڕاکێشراون و بیری تەراز نییە. بەرووالەت خەمگین و داگیراو دیارە. ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوە کە بینەریش هەست بە ئاسوودەیی نەکا. تەنیا ڕێگا، ئارام بوون و ئامادەییە. ئامادەبوون بە زاڵ بوون بەسەر بابەتی بەرنامەکەدا پێک دێ. هیچ پێشکەشکار و بێژەرێک نابێ بەبێ تێگەییشتنی تەواو لە ناوەرۆکی بابەتەکە و تێکستەکەی بچێتە سەر شاشە. ئەوەندە کە پەیوەندی بە بینەرانەوە هەیە، ئەو بەرنامەکە پێشکەش دەکا کەوابوو بەرپرسی بەرنامەکەیە. ڕەنگە ئەمە ڕاست نەبێ، بەڵام پێشکەشکارێک دەبێ پاداگرێ لەسەر ئەوە کە بەرنامەکەی بە جددی وەربگیرێ. ئەگەر ئەو ئاگاداری تەواوی لە بەرنامەکە نەبێ، بێگومان بەرنامەکەی زیانی پێ دەگا. وەکوو ئەکتەرێک کە نەزانێ شانۆکە باسی چ دەکا. ڕەنگە کات بۆ پرووە کردن بۆ بەرنامەی هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژانە زۆر کەم بێ، بەڵام بێژەر لەهەر دەرفەتێک دەبێ کەڵک وەرگرێ کە تەمرینی خۆی بکا. جار وایە دەرهێنەر و سەرنووسەر و بەرپرسەکانی دیکە ئەوەندە سەرقاڵی کارەکانی خۆیانن کە تا ڕادەیەک بێژەر لەبیر دەکەن.

بۆ کۆنترۆل و ئەهوەنکردنەوەی دەنگیش ئارامبوون تەنیا ڕێگایە. هەر جۆرە کۆڵنجێک لە ماسوولکەکاندا دەبێتە هۆی توند بوونی سینە و زک و کەڵک وەرگرتن لە دیافراگم بۆ هەناسە کێشان، دژوار دەبێ. ئەو شتەی کە هەر پیشەکارێک دەبێ بیزانێ و زۆربەیان نایزانن ئەوەیە کە زیاتر لە بەشی سەرەوەی سینگ بۆ هەناسەدان کەڵک وەردەگرن و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە بە یەک ڕیتم قسە بکەن و زوو هەناسەیان تەواو بێ و لە نێوان ڕستەدا هەوا بەش نەکا و باقی ووشەکان ببن بە مڵەملێک. ئەمە لە قسەکردنی ئاساییدا هیچ کێشەیەک نییە، بەڵام گوێدانی ئەم شێوە قسەکردنە بۆ ماوەیەکی درێژ گوێ ماندوو دەکا. بێژەر دەبێ بە دەنگێکی زەلال و ڕوون قسە بکا.



هەموو کاتێک ئیمکانی ئەوە هەیە کە سەرەڕای ئامادەبوون، بەرلە دەستپێکردن شتێک روو بدا کە بێژەر قەڵس یان بێزار بکا. ئەوە لەسەر دەنگی کار دەکا و هەڵە و بڕکەی تێدەخا. لەکاتی وادا چاو قووچاندن بۆ

ماوەیەک، شلکردنەوەی ماسوولکەکانی مل و شان هەتا ران و هەر لەو کاتەدا چەند هەناسەی قووڵ، گرفتەکان کەم دەکاتەوە و بەرنامەکە بە ئارامی دەڕوا. ئەم کارانە ئاسان نین و حەفتە و مانگ و ساڵی دەوێ هەتا ببێتە شتێکی ئاسایی لای کەسێک. بەڵام بایەخی هەوڵدانی هەیە.

**شێوەی گوتن**

لە گوتندا هەوڵ بدەن لە زمان و لێو و دەم کەڵک وەرگرن. تا ئەو رادەیە ئەو کەسانە کە گوێیان قورسە بتوانن بە چاو لێکردن تا رادەیەک لێتان تێبگەن.

- ووشەکان مەجوون و لەسەریەکیان مەخەنەوە.
- بە گۆڕانی تۆنی دەنگ رستەیەک دەبێتە ئەمر، دەبێتە پرسیار یان دەبێتە سەرسووڕمان.
- دەرهێنانی وێرگول و نوختە لە شێوەی گوتندا. ئەگەر خراپ بگوترێ یان بخرێتەوە سەر یەک ماناکە دەگۆڕدرێ.

بۆ بموونە: بیبوورن، پێویست نییە بیکوژن.

بیبورن پێویست نییە، بیکوژن.

لە یەکەمدا دەبەخشرێ و لە دوومدا دەکوژرێ.

- بۆ بێژەرێکی هەواڵ گەییشتن بە شێوەی شیاو کێشەیەکی بەردەوامە. دەنگێکی کەمێک بەرز بۆ زۆربەی هەواڵەکان باشە، بۆ هەواڵی سەبارەت بە رووداوە دڵتەزێنەکان هەستێکی زۆرتر پیویستە، بەڵام لە رەوت دەرچوونی زۆر و رۆمانتیک کردن، هیچ باش نییە. شرێک بوون لە خەمی دنیادا ئەرکی بێژەر نییە. دەبێ جددی و بێلایەن بێ.

- کەس نازانێ کاتێک بێژەر چاو لە لێنزی کامێرا دەکا لەگەڵ کێ دەدوێ. کەسانێک لەگەڵ بنەماڵەی خۆیان دەدوێن. هەر کەس بێ، گرینگ ئەوەیە یارمەتی دەدا و پاش ماوەیەک کە راهات ئیتر بۆ کامێرا دەدوێ.

- بێژەر لە کاتێکدا کە دەبێ بەردەوام بەرەوکامێرا بڕوانێ لە راستیدا بۆ هیچ کوێ ناڕوانێ. هەر روانینێکی زیادی دەبێتە هۆی بەدگومانی بینەر. تەنیا جێیەک کە دەکرێ جارجار بۆی بڕوانێ بەردەمیەتی کە بینەر پێی وایە نووسراوەکانی لەوێیە. لەسەرەتای بەرنامەشەوە چاوهەڵگرتن لەبەردەم جووڵانەوەیەکی ئاساییە.

- کاتێک لە تێکستی پێش کامێرا کەڵک وەردەگیرێ، بێژەر نابێ ووشە بە ووشە لە رووی ئەوە بیخوێنێتەوە. دەبێ تێکستەکەی پێشتر وەها خوێندبێتەوە کە بتوانێ رستە بە رستە وەری بگرێ. دەنا خوێندنەوەکەی ووشک و بێهەست دەبێ.

- چاو قووچاندن، دەنگ کز کردن و دەست بادان هەڵەی گەورەن.

- لەبیرتان بێ هەواڵەکە بگێرنەوە، مەیخوێننەوە.

**بێژەری ووتاری فیلم**

ووتاری فیلم لەگەڵ هەواڵ و گوتەی بەرنامە جیاوزی هەیە. ووتاری فیلم دەبێ بەشیوەیەک بخوێنریتەوە کە لەگەڵ وێنەکەدا گرێ بخوا، بهۆنرێتەوە و خۆی نەکا بە ئاهەنگێکی جیاواز. بەرز و نزمی دەنگ زیاترە لە گوتنەوەی هەواڵ. دانانی هەر ووشەیەک لەتەک وێنەی شیاو و هەر رستەیەک لەگەڵ دیمەنی خۆیدا. گرنگیدان بە کات و شل و توند خوێندنی ووتارەکە باشە، بەڵام نابێ سەروخوارکردنەکە ئەوەندە توند بێ کە شەشدانگ هەواسی بینەر بۆ خۆی راکێشێ. تەسویر دەبێ بەشێک لە رستە بێ و رستە بەشێک لە وێنە. بەڵام ووتار نابێ دووبارەگێرانەوە یان پێداهەڵکوتنی تەسویر بێ، بەشێوەیەک کە خۆی بەسەردا بسەپێنێ. هەروەها نابێ زۆر لە بابەتی دیمەنەکە دوور و پەرت بێ. کاتێک تەسویر بۆ خۆی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، لێیگەرێن با بیڵێ. ووتاری لێی زیاد مەکەن. بێدەنگی زۆرجار زیاتر لە قسە کاریگەری هەیە.

لە راپۆرتەکانی دەرەوەدا جگە لە ئەوانەی کە گوترا، ئەوەش هەیە کە زۆرجار بێژەر دەبێ بەبێ نووسراوە قسە بکا و باسی رووداوەکە بکا. یەک شت نابێ لەبیر بکا کە ئەو چاوی بینەرە لە جێگای رووداوەکەدا.ئەو قسەبێژەی رووداوەکە نییە کە قسە بۆ بینەران دەکا. ئەو دۆستی بینەرەکانە کە رووداوەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە.

پێشکەشکار، بێژەر، هەواڵنێرو پەیامنێر ئامرازی ئینسانی پەیوەندی دەزگای تلەڤزیۆنن لەگەڵ بینەرەکانیاندا.

********************************

**تەیفور بەهاری ٢٠٠٨**